## ئاگادارییەک لەکۆمپانیای بەڕێزەوە بۆ سەرجەم شارەزایانی بواری بیناسازی

کۆمپانیای بەڕێز بانگێشتی هەموو ئەو کەسانە دەکات کەستافی کارکردنیان هەیە لەبواری دانانی ئاوو ئاوەڕۆو کارەباو کاشی و لەبغ و گەچکاری دەتوانن سەردانی کۆمپانیا بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بۆ خانووەکانی (گرین سیتی، بروا سیتی، چەرموو سیتی)

دووا بەروار بۆ وەرگرتنی تەندەر (٢٠/٦/٢٠٠٩) یە.

ناونیشانی وەرگرتنی تەندەر :

ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای بەڕێز/ سلێمانی.

کەمپی پرۆژەی چەرموو ستی/ چەمچەماڵ.

کەمپی پرۆژەی گۆران ستی/ هەڵەبجە.

کۆمپانیای بەڕێز



# ڕۆژنامە ٧

www.rozhname.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 491 سێشەممە 16/ 6/ 2009 نرخ 500 دینار No.491 Tue 16/ 6/ 2009


### لەماوەی چوار ساڵدا

# بودجەی پەرلەمان زیاتر لەپێنج هێندە زیادیکردووەو پەروەردەو تەندروستیش دوو هێندە

ڕۆژنامە

لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بودجەی پەرلەمانی کوردستان (٥,٤٧) هێندە زیادیکردووەو هەریەک لەوەزارەتی پەروەردە دوو هێندەو وەزارەتـــی تەندروستیش (٢,٦) هێندە بودجەکەیان زیادیکردووە. بەپێی بەدواداچوونێکی ڕۆژنامە کـە بـۆ بـودجـە ئـەنـجـامـیـداوە پەرلەمانی کوردستان بودجەکەی بەمشێوەیە زیادیکردووە، ساڵی ٢٠٠٦ بودجەکەیان (١٢) ملیارو (٨٣) ملیۆن دینارو ساڵی ٢٠٠٧ بودجەکەیان بووە بە (٤٣) ملیارو (٨١٧) ملیۆن‌و ساڵی ٢٠٠٨ بووە بە (٥٥) ملیارو (٤٢٦) ملیۆن‌و بۆ ساڵی ٢٠٠٩ش (٦٦) ملیارو (١٤٠) ملیۆن دینار پێشنیازکراوە، بەو پێیەش لەنێوان ساڵی ٢٠٠٦و ٢٠٠٩دا بودجەی پەرلەمان (٥,٤٧) هێندە زیادیکردووە.

وەزارەتـــی پـــەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦ بودجەکەیان (٥٩٥) ملیارو (٤٧٠) ملیۆن دینارو ساڵی ٢٠٠٧ بودجەکەیان بووە بە (٨٥٣) ملیارو (٨٦٣) ملیۆن‌و ساڵی ٢٠٠٨ بووە بە (یەک تریلیۆن‌و (٩٢) ملیارو (٢٦٥) ملیۆن‌و بۆ ساڵی ٢٠٠٩ش (یەک تریلیۆن‌و ١٩٢) ملیارو (٧٣٣) ملیۆن دینار پێشنیازکراوە، بەو پێیەش بـودجـەی وەزارەتـــی پـــەروەردە لەنێوان ساڵی ٢٠٠٦ بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دوو هێندە زیادیکردووە.

وەزارەتـــی تەندروستی، ساڵی ٢٠٠٦ بودجەکەیان (١٨٧) ملیارو (١٠١) ملیۆن دینارو ساڵی ٢٠٠٧ بودجەکەیان بووە بە (٢٤٥) ملیارو (٩٦٨) ملیۆن‌و ساڵی ٢٠٠٨ بووە بە (٧٧) ملیارو (٣٣) ملیۆن‌و بۆ ساڵی ٢٠٠٩ش (٤٨٧) ملیارو (٧٤٤) ملیۆن دینار پێشنیازکراوە، بەوپێیەش لەنێوان ساڵی ٢٠٠٦و ٢٠٠٩دا بودجەی وەزارەتـــی تەندروستی (٢,٦) هێندە زیادیکردووە.

## بۆچی لەم خولەدا هیچ پارلەمانتارێک دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە؟

ل٣



فۆتۆ: سامان بەشارەتی

## کەمپینێک بۆ پەسەند نەکردنی دەستوور

بەرهەم خالید

فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کـۆمـەڵـگـەی مـەدەنـی بەنیازن کەمپینێک سـاز بکەن بۆ ئـەوەی پەلە لەپەسەندکردنی پـڕۆژەی دەستووری هەرێم نەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش بانگەوازیان ئاراستەی چەند کەسایەتییەکی یاسایی‌و ئەکادیمی‌و ڕۆشنبیران کردووە بۆ بەشداریکردن لەو کەمپینەدا.

ئارام جەمال، ئەندامی دەستەی بـەڕێـوەبـردنـی فیدراسیۆنی ڕێـکـخـراوەکـان لـەلـێـدوانـێـکـدا بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئامانجیان لەو کەمپینە مەدەنییە ئاگادارکردنەوەی شەقامی کوردییە، کە ڕێگە نەدرێت دەستوور لەم کاتەدا لەپەرلەمان تـێـپـەڕێـت، لـەبـەرئـەوەی هیچ ئامادەکارییەک لەئاستی کۆمەڵگەدا بۆ ئەو دەستوورە نەکراوەو پێویست دەکات خەڵکی لێ هۆشیار بکرێتەوە، وتیشی: «ئێمە ئەو بانگەوازەمان کردووە بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان‌و ئەو کەسایەتیانە دەست بەکەمپینەکە بکەن، لـەبـەرئـەوەی نامانەوێت دەســتـــوور بـەو پـەلـەپـڕوزێـیـە تێپەڕێنرێت، چونکە پەیوەندی بەهەموو تاکێکەوە هەیە».

ئـــەنـــدامـــەکـــەی دەســـتـــەی بـــەڕێـــوەبـــردنـــی فیدراسیۆنی ڕێـــکـــخـــراوەکـــان ئـــامـــاژەی بۆ ئەوەشکرد، لەو کەمپینەدا لەڕێگەی کۆڕو کوبوونەوەو ڕاگەیاندنەکانەوە دەیانەوێت خەڵکی لەوە تێبگەیەنن، کە «تێپەڕاندنی دەستوور لەم کاتەدا بەزیانی خەڵک دەبێت». وتیشی: دوای وەڵامدانەوەی ئەوکەسانە لەنزیکترین کاتدا کەمپینەکە دەستپێدەکەین.



لیوا سەروەر قادر:

## دەبێت شێوازی پارتیزانی ئێستا بگۆڕین بۆ نیزامی

ل٥

## ئاسایشی هەولێر ژمارەیەک گۆرانی قەدەغە دەکات

سامان بەشارەتی

خـاوەنـی چەند تۆمارگەیەکی گۆرانی لەشاری هەولێر بەڕۆژنامەیان ڕاگەیاند: ئاسایشی هەولێر ئاگاداری کردوونەتەوە ئەو گۆرانیانەی بەسەر لیستی گۆڕاندا وتراون نەفرۆشن‌و لەتۆمارگەکانیشیان لێینەدەن، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێریش ئـەوە بەکاری ئاسایش نازانێت‌و ڕایدەگەیەنێت، هەموو کەسێکیش ئازادە چی گۆرانیەک دەفرۆشێت‌و لێدەدات.

دوای بڵاوبوونەوەو ئاشکراکردنی نـاوی لیستەکان بۆ هەڵبژاردنی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان لیستی گۆڕانیش یەکێکە لەو لیستانەی کە بـەشـداری ئـەو پرۆسەیە دەکـات، هونەرمەندانیش چەند گۆرانیەکیان بەسەر ئەو لیستەدا وت‌و بڵاوکرانەوە، بەڵام لەلایەن ئاسایشەوە ئاگادار کراونەتەوە ئەو گۆرانیانە لێنەدەن‌و نەیفرۆشن.

خـاوەنـی چەند تۆمارگەیەک کە نەیانویست ناویان ببرێت بە ڕۆژنامەیان ڕاگەیاند: «مەفرەزەیەکی ئـاسـایـش گـشـت تـۆمـارگـەکـانـی شارەکەی ئاگادار کردووەتەوە کە ئەو گۆرانیانە نەفرۆشن‌و لێینەدەن کە بەسەر لیستی گۆڕاندا وتراون، هەر کەسێکیش ئەو گۆرانیانە لێبدات‌و بیفرۆشێت سزا دەدرێت».

ئاماژەیان بەوەشکرد، «ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر دێنەلامان‌و داوای ئەو سیدیە دەکەن کە لەلایەن دوو هـونـەرمـەنـدەوە وتـــراوە بەسەر لیستی گۆڕاندا، بەڵام ئێمە ناتوانین بیفرۆشین بـەکـەس، دەترسین دەستگیر بکرێین».

سـەبـارەت بـەوەی، ئایا بۆچی ئـاسـایـشـی هـەولـێـر ئـاگـاداری تۆمارگەکانی کردووتەوە گۆرانیەکانی لیستی گۆڕان لێنەدەن.

عەبدوڵڵا عەلی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بێئاگایی خۆی نیشانداو بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەموو کەس ئـازادە گـوێ لەچی گۆرانییەک دەگرێت‌و دەیفرۆشێت، ئێمە ڕێگریی لەهیچ کەس ناکەین‌و ئـەوە کـاری ئاسایش نییە، کاری پارێزگاو وەزارەتی ڕۆشنبیرییە».

بەڕێوەبەری ئاسایش ئاماژەی بەوەشکرد «با ئەو خاوەن تۆمارگانە بێنەلام، تابزانم کێ بەناوی ئاسایشەوە ئەوانی ئاگادار کردووتەوە ئەو سیدیە نەفرۆشن‌و لێینەدەن».


## شاری دیبەی وەرزشکاران

کۆمپانیای بەڕێز قیستەکانی کڕینی شوقەیەکی لەشاری دیبە کرد بە 10 قیست، بەبڕی دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دەتوانی گرێبەستی کڕینی شوقەیەک ئەنجام بدەیت جگە لەوە نیوەی پارەی شوقەکان لەسندوقی نیشتەجێبوون بەقەرزی 10ساڵ پێت دەدرێ.



شوقەکانی شاری دیبە

تەنها 140 شوقەیەو لەمواصەفاتدا بێ وێنەیە.

شوقەیەک بریتییە لە:

چێشتخانەو میوان و دوو نوستن و بەلەکۆن و گەنجینە.

کەوانتەری مەتبەخ و سیستەمی ساردو گەرم و دوو مەسحەدی تێدایە.

هەموو شوقەیەک سەوزایی و پرکی کراوەی ئۆتۆمبیل لەخۆ دەگرێ

بۆ زانیاری زیاتر 07501530090

کۆمپانیای بەڕێز

# د.ناسیح غەفور: ئەو پەرلەمانتارانەی بەردەوام ڕەخنەدەگرن و پێیانوایە ئەم ماوەیەی پەرلەمان ناشەرعییە، با دەوام نەکەن

**شارا عەبدولڕەحمان**

نەبوونی هەڵوێستی دەستلەکارکێشانەوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە لەکاتی بوونی نارەزاییەکاندا بەرامبەر بەکارێکی پەرلەمان جێی تێڕامانە، ئەمە لەکاتێکدا کە لەئێستاداو لەماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا ژمارەیەک پەرلەمانتار نارەزایی خۆیان لەبەردەوامبوونی پەرلەمان لەدەرکردنی یاسا نیشاندا، بەڵام هیچکامیان هەڵوێستی دەستلەکارکێشانەوە پیادە ناکەن.

ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٩)، (٢٥) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکیان دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان و تێیداداوایانکرد؛ جگەلە پەسەندکردنی بودجەی (٢٠٠٩) هیچ یاسایەکی دیکە پەسەند نەکات، بەوپێیەی کە خولی دووەمی پەرلەمان لە٦/٤-ەوە تەواوبووەو بەپێی یاسای پەرلەمانی کوردستان خولی شەرعیی و یاسایی تەواوبووە، هەرچەندە بەبڕیارێکی پەرلەمان تەمەنی خولەکە درێژکراوەتەوە، لەیاداشتەکەشدا هاتووە: «هیچ حاڵەتێکی نائاسایی لەهەرێمی کوردستاندا نییەو بنەمایەکی سەرەکی دیموکراسیەتیش ئەوەیە کە پەرلەمانی هەڵبژێردراو دەبێت ماوەکەی دیاریکراوبێت، کە بەپێی یاسای پەرلەمانی کوردستان بەچوار ساڵ دیاریکراوە»، بەڵام هەڵوێستی ئەو پەرلەمانتارانە تەنیا بەرزکردنەوەی ئەو یاداشتەبوو.

محەمەد ڕەفعەت کە یەکێک بوو لەو (٢٥) پەرلەمانتارەی یاداشتی نارەزاییەکەیان دا بەسەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڕۆژنامەی وت: «ئێمە پێمانوایە پەرلەمان شەرعیەتی نەماوەو نابێت هیچ جۆرە پرۆژەیاسایەک جگە لەبودجە دەنگی لەسەر بدرێت، چونکە دەسەڵاتمان تاچوار ساڵ بووەو لەدوای (٦/٤)ەوە ئەو دەسەڵاتەمان نەماوە کە خەڵک پێیداوین، بەڵام لەپەرلەماندا بەردەوام دەبین تابزانین داواکەمان جێبەجێ دەکرێت یان نا».

ئەو (٢٥) پەرلەمانتارە بەنیازن کە ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان داواکەیانی بەهەند وەرنەگرت، ئەوا ئامادەی کۆبوونەوەکانی داهاتوو نەبن، لەئێستاشدا بۆ ئەو مەبەستە لەناوخۆیاندا لەگفتوگۆدان، محەمەد ڕەفعەتیش ئەو زانیارییەی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوە.

لەلایەکی دیکەوە نەچوونە هۆڵی پەرلەمانەوەو بەشدارینەکردن لەدانیشتنەکانی پەرلەماندا بەچارەسەر دەزانرێت لەکاتی نارەزاییدا بەتایبەت لەکاتێکدا ئەو پەرلەمانتارەی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بەناشەرعیی بزانێت.

نیعمەت عەبدوڵڵا ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان پێیوایە، کە ئەو پەرلەمانتارەی ئەم ماوەیەی پەرلەمان بەناشەرعیی دەزانن، «پێویستە شەرعیەتیش بەخۆیان نەدەن کە بچنە هۆڵی پەرلەمانەوە». بە ڕۆژنامەشی ڕاگەیاند:ئەو پەرلەمانتارانە کە یاداشتیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردووەتەوە، «پێویستە بەشداری لەدانیشتنەکانی پەرلەماندا نەکەن و هەڵوێستیان هەبێت. واتە ئەگەر ئەوان ئەم ماوەیەی پەرلەمان یان پەسەندکردنی پەرلەمان بەناشەرعیی دەزانن، ئەی چۆن بەردەوامبوونی خۆیان لەناو پەرلەماندا بەشەرعیی دەزانن؟».

لەخولی رابردووی پەرلەمانی کوردستاندا کە لەساڵی ١٩٩٢دا هەڵبژێردرا، نزیکەی (٢٣) پەرلەمانتار دەستیان لەکارکێشایەوە، بەڵام لەم خولەدا کە ئێستا لەکۆتاییدایە تائێستا هیچ کام لەئەندامانی پەرلەمان کە ژمارەیان (١١١) کەسە دەستیان لەکارنەکێشاوەتەوە.

لەوبارەیەشەوە بەبڕوای نیعمەت عەبدوڵڵا کەمی حاڵەتەکانی دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمانتاری کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئیلتیزاماتی ئەخلاقی و سیاسی، «ئەمە جگەلەوەی کە ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمانیش وەک ژمارەیەک لەکاربەدەستان بەردەوام بانگەشەی نارەزایەتی دەکەن، بەڵام دەستیش لەکار ناکێشنەوە».

هەرچەندە شەرعینەبوونی ئەو ماوە درێژکراوەی پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی یاسا لەلایەن ئەو (٢٥) پەرلەمانتارەوە باسی لێدەکرێت، بەڵام بەبڕوای زۆرینەی پەرلەمانتاران ئەو ماوەیە شەرعیەو دەتوانرێت یاسای پێ دەربکرێت.

د.ناسیح غەفوور پەرلەمانتار، لەوبارەیەوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەئێستادا کە کوردستان بێ دەستوورە، بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان پەرلەمانە، لەبەرئەوە «نابێت بۆشایی دروستبێت تاکاتی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان، لەبەرئەوە ماوەی درێژکراوەی پەرلەمان زۆر یاساییەو دەتوانێت یاسا دەربکات». وتیشی: ئەو ئەندامانەش کە پێیانوایە ئەو ماوەیەی پەرلەمان ناشەرعیەو بەردەوام ڕەخنە دەگرن بادەوام نەکەن.

بەڵام یەکێکی دیکە لەو پەرلەمانتارانەی کە پێیوایە ماوەی درێژکراوەی پەرلەمان ناکرێت بۆ دەرکردنی یاسا بەکاربێت و بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێکیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردووەتەوە، بەڕۆژنامەی وت: «بەردەوامبوونمان لەسەر بەشداریکردن لەدانیشتنەکانی پەرلەماندا دەگەڕێتەوە بۆ پەرۆشیمان بۆ ئاگاداربوون لەو یاساو بڕیارانەی کە لەمەودوا لەپەرلەماندا دەردەکرێن».

بەپێی بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ کە لە ٢٠٠٩/٥/١٣دا لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە، خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠٠٩/٦/٤دا کۆتایی دێت، بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوە تاکو هەڵبژاردنی پەرلەمانتارێکی نوێ بۆ گرێدانی کۆبوونەوەی یەکەمی.

بەڵام بەبڕوای پەرلەمانتار تاڤگە محەمەد، درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە بۆ کارئاسانی و دروستنەبوونی بۆشایی یاساییە لەهەرێمی کوردستانداو «داوامان کردووە کە جگەلە پەسەندکردنی بودجە، ئەویش بەوشێوەیەی ئێمە داوامانکردووە هیچ پرۆژەیاسایەکی دیکە دەنگی لەسەر نەدرێت». تاڤگە وتیشی: ئەگەر ئەو یاداشتەمان کاری پێنەکرا یان ڕەتکرایەوە ئەوکاتە هەڵوێستی خۆمان دەبێت، بەڵام «مەرج نییە هەموو کاتێک دەستلەکارکێشانەوە چارەسەربێت بۆ نارەزاییەکان».

> **تاڤگە محەمەد:**
> **ئەگەر یاداشتەکەمان بە هەند وەرنەگیرێت هەڵوێستمان دەبێت**

## بێبەشکردنیان لەدەنگدان بە پێشێلکاریی حکومەتی هەرێم لەقەڵەمدەدەن

# ڕەوەندی کورد داوادەکەن سێ کورسی بەبەتاڵی بهێڵرێتەوە

**ڕۆژنامە**

ڕەوەندی کورد لەدەرەوە داوادەکەن، تا ئەوکاتەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوە بەڕێوەدەچێت سێ کورسی بەبەتاڵی بهێڵرێتەوەو لەهەر وڵاتێکی ئەورووپا کەبەگونجاو دەزانرێت هەڵبژاردنی پەرلەمان لەدەرەوە سازبکرێت.

لەبەیاننامەیەکدا کەئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی عیراق، حکومەتی عیراقی، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی ئەورووپا، ئەمینیستی ئەنتەرناسیۆناڵ و سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کراوە، کوردەکانی دەرەوەی وڵات نووسیویانە: لە بازنەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقدا لەساڵی ٢٠٠٥دا بە ڕێژەیەکی بەرچاو کوردەکانی دەرەوە بەشدارییان کردو نزیکەی ٣ کورسییان لەو ئەنجومەنەدا مسۆگەر کرد، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردنەکان بەبیانووی نەبوونی کات کوردەکانی دانیشتووی ئەورووپا لە دەنگدان بێبەش دەکەن، ئێمەش ئەو بیانووەیان دەبڕین و داوا دەکەین بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی کوردی وڵاتانی ئەورووپا کە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا چەسپاوە و دیاریکراوە سێ کورسی بە بەتاڵی بهێڵرێتەوە لە پەرلەماندا و لە کاتی گونجاودا ئەگەر لە یەک جێگای دەنگدانیشدا بێت لە وڵاتێکی ئەورووپیداو لەهەر جێگایەکدا کە ئەوان بۆیان دەگونجێت و دەستنیشانی دەکەن، هەڵبژاردن بکرێت.

چونکە لەوبڕوایەدان «دەکرێت بەشداریکردنی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستاندا بۆ ناوەوە و دەرەوە لە دوو کاتی جیاوازدا بێت. ئەمەش هیچ لە پرۆسەکە ناگۆڕیت».

لەبەشیکی بەیاننامەکەدا، کوردەکانی دەرەوە هەڕەشەی ئەوەدەکەن، ئەگەر بەپەلە و دەستبەجێ وەڵامی ئەو داواکارییەیان نەدرێتەوە، ئەوا پەنا دەبەنە بەر دادگای باڵای حکومەتی فیدراڵی عیراق و هەر لەوێش سکاڵا لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکەن.

هەر لەبەیاننامەیەکەدا، هاتووە «پرۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئێستای هەرێمی کوردستان بەبێبەشکردنی کوردەکانی مەنفا یەکێکە لەدیاردە باوەکانی پێشێلکاریی هەریمی کوردستان و تەواو دژی دەستوری هەمیشەیی عیراق و مافەکانی ناو پرۆسەی دیموکراسی خەڵکی کوردستانە، پێویستە هەردوو حکومەتی عیراق و هەریمی کودستان بەتایبەتی بەم بڕیارەیاندا بچنەوە کە بە بیانووی نەبوونی کات ئەو ژمارە زۆرە لە مافی دەنگدان بێبەش دەکەن».



# لەهەفتەی داهاتووەوە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەستپێدەکات

**(سبەی)**

بڕیارە لە هەفتەی داهاتووەوە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستپێبکات و تا ڕۆژی ٢٣ی مانگی داهاتوو بخایەنیت.



هەندرێن محەمەد بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولیری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە سایتی سبەی وت: «پیشبینی دەکرێت لەهەفتەی داهاتووەوە بانگەشە دەستپێبکات پاش ئەوەی ناوی پاڵیوراوانی قەوارە سیاسییەکان ڕادەگەیەنرێت».

وتیشی: «چاوەڕواندەکرێت بانگەشە لە ڕۆژی ٢٢ یان ٢٣ی ئەم مانگەوە دەستپێبکات و بەپیی یاسای هەڵبژاردن تا ٤٨ سەعات بەر لەپرۆسەی دەنگدان بەردەوام دەبێت».

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کەبڕیارە ڕۆژی ٢٥ی مانگی تەمموز بەڕێوەبچێت، ٢٠ قەوارەی سیاسی و ٥ هاوپەیمانێتی کێبڕکی دەکەن بۆ بەدەستهینانی ١١١ کورسی پەرلەمان.

هەمان ڕۆژ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەریمی کوردستان بەڕێوەدەچێت و کە پینج پاڵیوراو بەشداری دەکەن.

لەسەرەتای مانگی رابردووەوە، تۆمارکردنی ناوی پاڵیوراوەکان دەستپێیکردو دواتر ڕاگەیەنرا کە نزیکەی ٥٠٠ پاڵیوراو بەشداری لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا دەکەن.

بەڕای چاودێران هەڵبژاردنی داهاتوو چارەنوسساز دەبیت و دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنیکی کارای لەپەرلەمان لیدەکەویتەوە.

# بەبێ یەکگرتنەوەی وەزارەتەکانی دارایی پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) نیوەی بودجەی پەسەندکرد



سەرۆکی پەرلەمان وتی: دانیشتنی داهاتوو چەند خاڵێک گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت لەوانەش:

**شەفافیەت لەسەر داهاتی نەوت و ئەو شیرینیانەی وەرگیراون. پێداچوونەوە بەسولفەی عەقارو پێدانی بەزەوی (١٠٠) مەتری. یاسای بودجەی لایەن و حیزبەکان**

ڕۆژنامە

نیوەی مادەکانی پرۆژەیاسای بـودجـەی هـەرێـمـی کـوردسـتـان بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پـەسـەنـدکـرا، هـەرچـەنـدە هـەردوو وەزارەتی دارایی (هەولێرو سلێمانی) یەکیان نەگرتووەتەوەو تائێستاش نارۆشنی لەخەرجکردنی بودجەی ساڵانی رابردوودا هەیە.

دوێنێ پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) کوردستان دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٨)ی لـەدوا خولی دانیشتنەکانی خۆیدا بۆ تاوتوێکردنی پرسی بودجەی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان، ئەنجامدا.

لـەسـەرەتـادا هـــەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی پەرلەمان راسپێردران راپۆرتی لیژنەکەیان و پرۆژەیاساکە بۆ پەرلەمانتاران بخەنەڕوو، مادەی یەکەمی پرۆژەیاساکە خوێندرایەوە، کە تیایدا بەشە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان روونکراوەتەوە.

هــەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی پەرلەمان پێشنیازی دارشتنەوەی برگەی دووەمی مادەکەیان کرد، تا بەشە بودجەکانی هەرسێ دەسەڵاتەکانی «یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی» لێک جیابکرێنەوەو بەجیا ئاماژەیان بۆ بکرێت.

مادەی دووەمی پرۆژەکە، کەتیایدا بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بە (٨) تریلیۆن و (٨٥٧) ملیارو (٢٦٣) ملیۆن دینار خەمڵێندراوە، وەکو خۆی و بەکۆی دەنگ پەسەندکرا.

بـەمـەبـەسـتـی کـەمـکـردنـەوەی رێژەی کورتهێنانی بودجەی هەرێمی کـوردسـتـان لەدانیشتنی دوێنێی پەرلەمانی (ماوە بەسەرچوو)، عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان پێشنیازێکی خستەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئـەوەی رێـژەی (٢٠٪)ی لە بودجەی (مەنافیعی ئیجتماعی) سەرۆکایەتی هـەرێـم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران کەمبکرێتەوەو پێشنیازەکە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

پـرۆژەیـاسـای بودجەی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان لە (٢٤) مادەی یاسایی پێکهاتووە.

لەمادەی سێیەمی پرۆژەیاساکە، باسی ئەوەکراوە لەکاتی کورتهێنانی بودجە وەزیـری دارایـی بۆی هەیە رێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر، ئەو مادەیەش وەکو خۆی بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

مــادەی چوارەمی پرۆژەیاساکە تایبەت بوو بەچۆنێتی خەرجکردنی بودجەو دەسـەڵاتـدان بەوەزیرەکان لەرێگەی وەزارەتـی داراییەوە، دوای لابردنی دەستەواژەی «موجودات غیر مالیە»و زیادکردنی دەستەواژەی «وزارە مالیە» بۆ مادەکە، بەو گۆڕانکارییەوە مادەکە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

مـادەی پێنجەمی پرۆژەکە لەدوو برگەدا باس لەچۆنێتی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی داهـات کـراوە، دوای زیادکردنی دەستەواژەی «حکومەت» بۆ سەرەتای مادەکە، پەسەندکردنی ئەو مادەیەش بەزۆرینەی دەنگ بوو.

مــادەی شەشەمی پرۆژەیاساکە تایبەتبوو بـەدەسـەڵاتـی سەرۆکی پەرلەمان لەکاری گواستنەوەی بودجە لەبەشەکانی ناو بودجەی پەرلەمانداو وەکو خۆی بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

مــادەی حەوتەمی پرۆژەیاساکە تایبەت بوو بەدەسەڵاتی سەرۆکی ئـەنـجـومـەنـی دادوەری لـەکـاری گواستنەوەی بودجە لەبەشەکانی ناو بودجەی دەسەڵاتەکەیداو وەکو خۆی بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

پەسەندکردنی مـادەی هەشتەمی پرۆژەکە بەزۆرینەی دەنگ بوو، کە مادەکە لە (٣) برگە پێکهاتبوو تیایدا دەسەڵاتی خەرجیی وەزیری دارایی لـەچـوارچـێـوەی بـودجـەی گشتی روونکراوەتەوە.

مادەی نۆیەمی پرۆژەکە، تایبەتبوو بەمیکانیزمی پێشکەشکردنی راپۆرتی ژمێریاری سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵـەت بـەوەزارەتـی دارایـی، دوای زیادکردنی دەستەواژەی «بعد»، مادەکە بەکۆی دەنگ پەسەندکرا.

مادەی دەیەمی پرۆژەکە تایبەت بوو بەتەرخانکردنی رێژەی (١٪) لەبودجەی گشتی هەرێم بۆ کاری چاوەڕواننەکراوو لەناکاوو کارە تازەکان، لەدوو برگە پێکهاتبوو، وەکو خۆی بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

مادەی یانزەیەمی پرۆژەکە تایبەتبوو بەمیکانیزمی ئامادەکردنی راپۆرتی میلاکاتی هەرێم لەلایەن وەزارەتـی داراییەوە، لیژنەی دارایی پێشنیازیکرد ئـەو راپـۆرتـە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتــی پلاندانان ئامادەبکرێت و پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان بکرێت بۆ کار لەسەرکردنی، بەو پێشنیازەوە مادەکە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

لەمادەی دوانزەیەمی پرۆژەکەدا هاتووە: هیچ لایەنێکی حکومەت بۆی نییە پـرۆژەی تایبەت جێبەجێ بکات، وەکو خۆی بەکۆی دەنگ پەسەندکرا.

مــادەی سیانزەیەمی پرۆژەکە لە (٣) برگە پێکهاتبوو تیایدا دەسەڵاتی خەرجی وەزیر لەچوارچێوەی بودجەی وەزارەتەکەیدا روونکراوەتەوە، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لێنەکراو بەکۆی دەنگ پەسەندکرا.

بــەر لەکۆتایهاتنی دانیشتنەکە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی یاسایی و پەرلەمانتارانی ئاگادارکردەوە، کە تادانیشتنی داهاتوو پێویستە کار لەسەر (٨) راسـپـاردە بکەن تاوەکو بخرێتە ناو پرۆژەیاسای بودجەوە، کە بریتین لەمانە:

١/ کــارکــردن لــەســەر کەیسی زیندانییە سیاسییەکان و باشترکردنی گوزەرانیان.

٢/ شەفافیەت لەسەر داهاتی نەوت و ئەو شیرینیانەی وەرگیراون.

٣/ پێداچوونەوە بەسولفەی عەقارو پێدانی بەزەوی (١٠٠) مەتری.

٤/ یــاســای بــودجــەی لایــەن و حیزبەکان.

٥/ تەواوکاری یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی لەگەڵ هەردوو دیوانی چاودێری دارایی.

٦/ کــارکــردن لــەســەر کەیسی کەمئەندامان و باشترکردنی گوزەرانیان.

٧/ نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان مووچەی پلە بەرزەکان و پلە نزمەکاندا.

٨/ پێویستە هەموو دامودەزگاکانی هەرێم رەچاوی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی بکەن.

سـەرۆکـی پـەرلـەمـان رایگەیاند: دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان، ئەمرۆ سەعاتی (١٠:٣٠)ی سـەر لەبەیانی بەکاتی هەولێر بـەرێـوە دەچێت بۆ بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆکردنی پرۆژەیاسای بودجە.

ســـەرۆکـــی پـــەرلـــەمـــان لـەڕوونـکـردنـەوەیـەکـدا، ئـەوەی بەپەرلەمانتاران و رای گشتیی هەرێمی کوردستان راگـەیـانـد: لەدانیشتنی پێشوو لەچوارچێوەی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران ئەوە باسکرا، کە گوایە لەچاوپێکەوتنی یەکێک لەڕۆژنامەکان لەگەڵ وتەبێژی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) وتراوە: «یەکێتی و پارتی بڕی (٣٠) ملیۆن دۆلار لەبودجە دەبـەن»، ئەویش وتی: «لەوانەیە (٣) ملیۆن دۆلار بێت، نەک (٣٠) ملیۆن»، بەڵام دواتر دەرکـەوت (٣٠) ملیۆن دۆلار بووە، بۆیە عەدنان موفتی داوای لێبووردنی کرد، ئەگەر هەرشتێک بەهەڵە تەفسیر کرابێت.

# وەزیری دەرەوەی تورکیا دێتە هەولێر

ستارە عارف

وابــڕیــارە لــەســەردانــە چاوەڕوانکراوەکەیدا بۆ عێراق، ئەحمەد داود ئۆغلوی وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی هەولێریش بکات، کە بەبڕوای چاودێران ئامانج لێی گفتوگۆکردن و هاریکارییە لەنێوان هەردوو وڵاتدا.

وەزارەتـــی دەرەوەی تورکیا لەبەیاننامەیەکدادەربارەی ئەوسەردانە، کە هێشتا وادەکـەی دیارینەکراوە هەرێمی کوردستانی بە «ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی لەباکووری عێراق» ناوبردووە.

بوخاری عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو سەردانە بە ئیجابی دەزانێت و پێیوایە، تەوەرێکی گفتوگۆکان دەربــارەی کێشەی ئاو دەبێت لەنێوان تورکیاو عێراقداو لەکوردستانیش لەوانەیە باس لەمەلەفی ئاسایش و چۆنێتی دەستدرێژینەکردنە سەر خاکی یەکترو باری ئابووری بکرێت.

د.جەبار قـادر، پسپۆڕ لەبواری پەیوەندییەکانی کـــوردو تورکیا پێیوایە، کە سەردانەکەی وەزیـری دەرەوەی تورکیا پەیوەندی بەو سیاسەتەی تـورکـیـاوە هـەیـە کە بەمدواییە گرتوویانەتەبەرو کرانەوەیە بـەڕووی ئـەم ناوچەیەدا، وتیشی: «تورکیا گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە بەبێ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێمدا ناتوانن ئەو سیاسەتەی کە دەیانەوێت لەم ناوچەیەدا جێبەجێ بکەن».

## وە ڵامێک بۆ خاتوو ( شارا عەبدولڕەحمان)ی رۆژنامەنووس

لـەژمـارە (٤٨٨) رۆژی پێنجشەممەی رێکەوتی ٢٠٠٩/٦/١١ لەڕۆژنامەی (رۆژنامە) لاپەرە (٢)ی هەواڵ و بەدواداچوون خاتوو شارا عەبدولڕەحمان نووسینێکی بڵاکردووەتەوە بەناونیشانی (سلێمانی لەرێزی ئەو پارێزگایانەی عێراقدایە، کە رێژەی برسێتی تیایاندا بەرزە).

ئێمە وەک وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لەلایەن دابینکردن و پێدانی ژەمەخۆراکی قوتابیانی قوتابخانەکان، بۆ شاراخان و خوێنەرانی بەڕێزو هەموو لایەکی رووندەکەینەوە، کە بەرنامەی پێدانی خواردن لەلایەن رێکخراوی خۆراکی جیهانی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان شتێکی نوێ نییەو ساڵانێکە ئەم بەرنامە لەعێراق بەگشتی جێبەجێدەکرێت و هەرساڵەو یا هەرجارە بەجۆرێک، کە خۆیان بەپەسەندی دەزانن لەچۆنێتی و چەندایەتی و جۆری خواردنەکە.

کە ئەمەش سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کـوردسـتـان دەگـرێـتـەوە بەبێ جیاوازی، مەبەستیش لێرانەدا برسێتی نییە، یا کەمکردنەوەی رێژەی برسێتی، مەبەستەکە زۆر ئاشکراو روون و پیرۆزە ئەمیش تەنیا بۆ دروستکردنی پردی خۆشەویستیە لەنێوان قوتابیان و قوتابخانەو هاوکارییەکی سادەو ساکاریشە بۆ ناوەندەکانی خوێندن، وە بۆ هەموو کارێکی وا بەرفراوانیش لەسەرەتا رووپێویەکی پێویستە تاکو خۆی بۆ ئامادە بکرێت و ئەنجامی باشی هەبێت.

لەدوا وتەماندا دەڵێین : بازیاتر گەشبینانە بڕوانینە ژیان و روونتر سەیری سەرچاوەکان بکەین و وردتر زانیارییەکان شیبکەینەوە لەپێناو خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بەگشتی و ناوەندەکانی خوێندن بەتایبەتی. لەگەڵ رێزماندا.

ب.پەیوەندییەکان
وەزارەتی پەروەردە

•••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

پێمخۆشە بۆ وەزارەتی پەروەردەو خوێنەرانی روونبکەمەوە کە زانیارییەکانی ناو ئەو بابەتە بەپێی بەیاننامەیەکی رێکخراوی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانەو بەپێی ئەو بەیاننامەیە سلێمانی لەرێزی ئەو چوار پارێزگایەی عێراقدایە، کە رێژەی برسێتی تیایاندا بەرزەو ئاشکراشە لەئێستادا هیچ بەرنامەیەکی ژەمەخواردن بۆ قوتابیانی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان پەیرەو ناکرێت وەک لەڕوونکردنەوەکەتاندا باسی لێکراوە.

ئەو زانیارییانەیە سەبارەت بە ئاستی هەژاری لە چوار پارێزگای عێراق لەناویاندا (سلێمانی) کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو گەورەترین رێکخراوی نێودەوڵەتی لە هەموو کایەکانی ژیان ئەو راپۆرتەی ئامادەکردووەو من زانیارییەکانی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییەم بۆ خوێنەران گواستووەتەوە. بۆیە باشتر وایە وەزارەتـی پـەروەردە زانیارییەکان لەسەر من نەکاتە ماڵ و بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڵێ ئێوە نایزانن، ئەو بەرنامەیەی ئێوە وەک نەتەوە یەکگرتووەکان هەتانە مەبەستتان «برسێتی نیەو تەنیا بۆ دروستکردنی پردی خۆشەویستییە لەنێوان قوتابیان» حاشا لە راستی کارەکانە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن.

**شارا عەبدولڕەحمان**

## لیوا سەروەر قادر، پسپۆڕی بواری سەربازییو ئاسایشی نیشتمانی:

# دەبێت ئەو شێوازە پارتیزانییەی کە تائێستا لە کوردستاندا ماوە، بگۆڕین بۆ شێوازی نیزامی

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**لیوا سەروەر قادر بەرزنجی، پسپۆری بواری سەربازییو ئاسایشی نیشتمانی، ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەگرێت بەوەی کە تائێستا هێزێکی سەربازیی نیزامیان پێکنەهێناوە، هەروەها چەکداربوونی حیزبە کوردستانییەکان بە مەترسی بۆ سەر ژیانی سیاسیی لە کوردستان دادەنێت، لە هەمانکاتدا دەڵێت: «ئەگەر بمانەوێت ببینە خاوەن هێزێکی ئاسایشی نیشتمانی، دەبێت هێزی ئاسایشو پێشمەرگەو چەکداری حیزبەکان بخرێنە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمەوە».**



**ڕۆژنامە: لەڕووی یاساییو دەستوورییەوە چەکداربوونی حیزبە کوردییەکان چۆن لێکدەدرێتەوە؟**

* کورد ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ڕەشنووسی دەستووری عێراقداو لەو دەستوورەدا دانراوە بە هێزی سەربازیی کوردستاندا، بەگوێرەی بڕگەی پێنجەمی مادەی (١٢١)ی دەستووری عێراق، تایبەتمەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی هەرێم لە دامەزراندنو ڕێکخستنی هێزە ئەمنییەکان ڕێگای پێدراوە پۆلیسو ئاسایشو پاسەوانی هەرێم هەبێت، بۆ چەسپاندنی ئاسایشو ئەمنی دەبێت هەموو هێزە ئەمنییەکان یەکبخرێنەوەو ببنە هێزێکی نیزامیی حکومی، هەروەها لە بڕگەی دووەمی مادەی (٩)ی دەستووری عێراقدا هاتووە «قەدەغەیە میلیشیای سەربازیی دروستبکرێت لە دەرەوەی هێزە چەکدارەکاندا»، بۆیە دەبێت هێزی چەکداریی حیزبەکان وەکو جاران نەمێنێت، چەکداربوونی حیزبەکانی کوردستان نە خزمەتی عێراق دەکات، نە خزمەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆیە ئەمڕۆ پێویستمان بە پۆلیسو هێزی پاسەوانی هەرێمو ئاسایشی دەستووریی هەیە، هەتا ئێستاش شەڕی ناوخۆ ئاسەواری لە کوردستاندا ماوە، تائێستاش شەڕی سارد لەنێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکانو حیزبە عەلمانیو ئیسلامییەکانو هەردوو حیزبی سەرەکیدا بوونی هەیە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی سەختی پڕ لە شۆڕشو پڕ لە خەباتە، بەهۆی خەباتی پێشمەرگەوە گەیشتینە ئەمڕۆ، هەرچەندە لایەنی نێودەوڵەتی هاوکاریی زۆری کردینو یارمەتیدەربوون بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆری عێراق، دوایی کە پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (١٩٩٢)دا بڕیاری فیدراڵیکردنی سیستمی حوکمی لە هەرێمی کوردستاندا دا، بۆ ماوەی (١٤) ساڵە بە هێزی پێشمەرگە توانیمان حکومەت بەڕێوەببەینو بەرگریی لە خاکەکەمان بکەین، دەبێت ڕاستییەک بزانین ئەویش ئەوەیە کە دوێنێ لەگەڵ ئەمڕۆ جیاوازە لە چۆنێتی دامەزراندنو بەڕێوەبردنی هێزی چەکداریی کوردستاندا، هەرچەندە بەشێوەیەکی ڕەسمیی وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگە یەکخراونەتەوە، بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی پراکتیکی یەکنەخراونەتەوەو هەموو هێزە چەکدارەکان بەیەک دڵو یەک ڕاو یەک بۆچوون بۆ خزمەتی کێشەی کورد ئاراستە ناکرێن.

> **ئەگەر دیموکراسیەت قبوڵبکەین، دەبێت بەشێوەیەکی ئاشتیانەو دوور لە کودەتا ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتدا بکەین**

**ڕۆژنامە: تائێستا دەزگا ئەمنییە حکومییەکان لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیو پارتیدانو جۆرە تێکەڵاوییەک هەیە، وەکو پسپۆڕێکی سەربازیی چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئەو تێکەڵاوییە هەیە؟**

* دەزگا ئەمنییە حکومییەکان لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیو پارتیدانو ئێمە خاوەنی حکومەتو ژمارەیەک لە وەزارەتو دەزگای ئەمنین، پێویستە سەرکردەکان دەزگا ئەمنییەکان یەکبخەنەوە، نابێت دوو ئاسایش لە کوردستاندا هەبێت، بەڵکو دەبێت دەزگایەکی ئاسایشی نیشتمانیی مۆدێرن هەبێت.

> **تائێستا دەسەڵاتی حیزب زاڵە بەسەر دەسەڵاتی ئیداریدا، تائێستا بەرپرسە ئیدارییەکانی حکومەت پاڵاوتەی حیزبن، زۆر باسی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت دەکرێت، بەڵام تائێستا بە پراکتیکی نەکراوە**

**ڕۆژنامە: تێکەڵاوبوونی دەزگای ئەمنیی حکومییو حیزبی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

* تائێستا لە کوردستاندا حیزب خاوەنی دەسەڵات بووەو حوکمی کردووە، تائێستا دەسەڵاتی حیزب زاڵە بەسەر دەسەڵاتی ئیداریدا، تائێستا بەرپرسە ئیدارییەکانی حکومەت پاڵاوتەی حیزبن، زۆر باسی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت دەکرێت، بەڵام تائێستا بە پراکتیکی نەکراوە، ئەگەر حکومەتمان لەسەر ڕێبازی دیموکراسیو موئەسەساتی بێت، دەبێت حیزب جیابکرێتەوە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنو جێبەجێکردن.

**ڕۆژنامە: بوونی ژمارەیەک دوو دەزگایی لە کوردستاندا دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی بڵێین تائێستاش دوو حکومەت هەیە؟**

* هەتا ئێستا حکومەتێکی یەکگرتوومان نییە، بەشێکی حکومەت لە هەولێرەو بەشێکی حکومەت لە سلێمانییە، ئەمەش لاوازیی کورد دەردەخات بەرامبەر بە خۆمانو میللەتەکەمانو نەیارەکانمان لە عێراقو دەرەوەی عێراق، بەوەش لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەڵناکەینو ناتوانین مافەکانمان بسێنین، ئەگەر بمانەوێت ببینە خاوەن هێزێکی ئاسایشی نیشتمانی، دەبێت هێزی ئاسایشو پێشمەرگەو چەکداری حیزبەکان بێنە ناو حکومەتەوە.

**ڕۆژنامە: دەستوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەت، تا چەند پەیوەندی بە دامەزراوەیی نەبوونی حکومەتی هەرێمەوە هەیە؟**

* لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حکومەتی عێراق ژمارەیەک هەنگاوی ناوە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەتو بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی عێراق، کەچی لە کوردستاندا ئەو هەنگاوانە بەشێوەیەکی کاریگەر نەنراون، بۆیە دەبێت ئێمە سوود لە ئەزموونی حکومەتی عێراق وەربگرین بۆئەوەی بتوانین دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بە دامەزراوەیی بکەین.

**ڕۆژنامە: یەکنەخستنەوەی دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان چ زیانێک بە هەرێم دەگەیەنێت؟**

* یەکنەخستنەوەی دەزگا ئەمنییەکان، زیانی زۆر دەگەیەنێت بە هەرێم، بۆ نموونە پتەونەبوونی حکومەت دەگەیەنێت، هەروەها دوودڵی لەلای تاکی کورد دروستدەکات، جگە لەوەش باوەڕنەبوونی حکومەتی عێراقو دەوڵەتانی دراوسێ دروستدەکات، چونکە نازانن لەگەڵ کام دەزگای ئەمنی مامەڵەبکەن، نابێت بەرپرسانو دەزگا ئەمنییەکانی عێراق مامەڵە لەگەڵ هێزی ئاسایشی هەولێرو سلێمانی بکەن.

**ڕۆژنامە: دەتوانین چەکداربوونی حیزبە دەسەڵاتدارەکان وەکو هەڕەشەیەک بۆ تێکدانی ئاسایش تەماشابکەین؟**

* هێزی پێشمەرگە بەشێوازێکی ئەخلاقیو دیموکراسی دروستبووە، ئەمڕۆ ئەگەر دەسەڵات بیانگۆڕێت بۆ شێوازێکی نالەبارو لە خزمەتی میللەتدا نەبێت، ئەوکاتە هەر هاوڵاتییەکی کورد مافی خۆیەتی لەو هێزانە بترسێتو بەتوندی ڕەخنە لە چەکداربوونی حیزبەکان بگرێت، چەکداربوونی حیزب دژی بنەماکانی دیموکراسییەو دژی ئاسودەیی گەلی کوردو تەنانەت دژی خودی پارتە سیاسییەکانە، حیزبی خاوەن چەک لە دنیای ئەمڕۆدا جێی نابێتەوە.

**ڕۆژنامە: بەوپێیەی تائێستا حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان خاوەنی چەکن، دەتوانین بڵێین تائێستا دەسەڵاتو حیزبی کوردی خاوەنی عەقڵیەتی شۆڕشگێڕانەیە، نەک عەقڵیەتی مەدەنیانە؟**

* ئەگەر سەیری مێژووی شۆڕشەکانی کورد لە عێراقدا بکەین، دەبینین بەدرێژایی مێژوو شۆڕشەکانی کورد لەشێوەی پارتیزانیدا بووەو ئەو هێزە پارتیزانییە چەکدارییە توانیویەتی پەرە بە شۆڕشەکان بداتو خۆڕاگربێت بەرامبەر بە حکومەتەکان، بۆیە بۆ ئەو سەردەمە چەک بۆ حیزبەکان پێویستبوو، هەقە شانازیی بە مێژووەوە بکەین، بەڵام نابێت ئەمڕۆ ئێمە لە مێژوودا بژینو ئەوەی بۆ دوێنێ دەگونجا، بۆ ئەمڕۆ ناگونجێت، بەڵکو دەبێت ئەو شێوازە پارتیزانییەی کە تائێستاش لە کوردستان بوونی ماوە، بگۆڕین بۆ شێوازی نیزامی، هەتا ئێستا عەقڵی شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا ماوە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئێستا زەمینە لەبارە بۆ ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەوەی دەسەڵات؟**

* پێویستە هەماهەنگی لەناو پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا هەبێت، دەبێت هەر دەنگێکی نارەزایی ئەمڕۆی کوردستان قبوڵبکرێت، ئەویش لەپێناو خزمەتکردنی کوردستانو میللەتەکەماندا، نابێت بەهیچ شێوەیەک بیر لە توندوتیژیی بکەینەوەو ڕێگانەدەین ئەو ئەزموونە تاڵانەی کە لە ڕابردوودا بەسەرماندا هاتوون، دووبارەببنەوە، ئەگەر دیموکراسیەت قبوڵبکەین، دەبێت بەشێوەیەکی ئاشتیانەو دوور لە کودەتا ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتدا بکەین، بۆیە دەبێت حساب بۆ ترس بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕناکەم لەم هەڵبژاردنەدا هیچ شتێک ڕووبدات، چونکە چاودێرانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو لایەنی دیکە چاودێریی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە دەکەن.

> **هیچ لایەنێک بۆی نییە لەسەر دەنگدان سەربازو پۆلیسو ئەفسەر دەربکات**

**ڕۆژنامە: لەماوەی ڕابردوودا یەکێتی بە بیانووی لایەنگریی بۆ لیستی گۆڕان، دەیان سەربازو پۆلیسو ئەفسەری نێو دەزگا ئەمنییەکانی لابردووە، ئەمە چ مانایەکی هەیە؟**

* هەموو کەسێک ئازادە دەنگ بە کێ دەداتو هیچ لایەنێک بۆی نییە لەسەر دەنگدان سەربازو پۆلیسو ئەفسەر دەربکات، ئەگەر ئەوەش هەبێت، ئەوە پەیوەندی بە بارە سیاسییەکەوە هەیە، کە حکومەتو حیزب لێک جیانەکراونەتەوە، تائێستاش دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم حیزبین، نەک حکومیی، هەر ئیجرائاتێکیش بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتو یاسا سزای ئەو لایەنە دەدات.

**ڕۆژنامە: مانەوەی کێشەی پێشمەرگە لەنێوان هەرێمو بەغدادا بۆ کەمتەرخەمیی بەرپرسانی دەگەڕێتەوە؟**

* هێزی پێشمەرگە تا ساڵی (٢٠٠٣) لە ململانێی چەکداریدا بووە لەگەڵ حکومەتی عێراق، ئەمڕۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق لە مەسەلەی پێشمەرگەدا، کارێکی قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت هەموو گوناهەکان بخەینە ئەستۆی حکومەتی عێراق، تائێستا دەسەڵاتی کوردی ماڵی خۆی یەکنەخستووەو هێزەکانی پێشمەرگەی یەکنەخستووەتەوەو نەبووەتە هێزێکی نیزامی، لەکاتێکدا دەبێت ئێمە هێزی پێشمەرگە یەکبخەینەوەو بیگۆڕین بۆ هێزێکی بچکۆلەی زیرەک، کە خاوەنی عەقڵیەتێکی زانستی پێشکەوتووبێت، نەک بەو ژمارە زۆرو بۆرەی ئێستا، ئەوکاتە داوای مافی پێشمەرگە لە حکومەتی عێراق بکەین.

# ڕەوتی سەدر، لیستی حەدباو برایەتی لەیەک نزیکدەکاتەوە

**بەهادین یوسف**

وەفدێکی ڕەوتی سەدر ناوبژیوانی لەنێوان هەردوو لیستی حەدباو برایەتی نەینەوادا دەکات، بەوتەی سەرۆکی لیستی برایەتیش، «حەدبا نەرمی دەنوێنێتو هەڵوێستی گۆڕاوە».

سەرەتای ئەم هەفتەیە وەفدێکی پێنج کەسی ڕەوتی سەدر بە سەرۆکایەتی بەها ئەعرەجی، سەرکردەی باڵای ڕەوتەکەو سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی موسڵیان کرد، سەرەتا لەگەڵ لیستی حەدباو دواتر لەگەڵ لیستی برایەتی نەینەوا کۆبوونەوە، بۆئەوەی ناوبژیوانیی هەردوو لیستەکە بکەنو چارەسەری کێشەکانی موسڵ بکەن.

## حەدبا نەرمیی دەنوێنێت

خەسرەو گۆران، سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا، ئامانجی سەردانی وەفدەکەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوەو وتی: «وەفدەکە بیروبۆچوونەکانی هەردوولا بەیەک دەگەیەنێو هەوڵی نزیککردنەوەمان دەدەن، خۆیان هیچ پێشنیازێکیان پێ نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ بەغدا، پێدەچێت کۆبوونەوەی دیکەی بەدوادابێت».

سەبارەت بە هەڵوێستەکانی لیستی حەدباش، سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا وتی: «لیستی حەدبا هەڵوێستیان گۆڕاوەو ئێستا نەرمی دەنوێنن، پێشتر دەیانوت مادەی (١٤٠) مردووە، ئێستا دەڵێن مادەیەکی دەستوورییە، ئەوان ڕازی نەبوون ئێمە هاوبەشیی لە ئیدارەو دەسەڵاتی پارێزگاکەدا بکەین، ئێستا دەیانەوێت لیستی برایەتی نەینەوا هاوبەشی دەسەڵات بێت، لە سەرەتادا دژی بوونی پێشمەرگەو ئاسایش بوون لە موسڵ، ئێستا تەنیا داوای نەمانی ئاسایش دەکەنو کێشەیان بەرامبەر پێشمەرگە نییە لە پارێزگاکەدا».

کێشەکانی نێوان لیستی برایەتی نەینەواو لیستی حەدبا ئەوکاتە سەریهەڵدا کە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ، لیستی حەدبا (خاوەنی ١٩ کورسی) بەتەنیا ئیدارەی نوێی پارێزگاکەی پێکهێناو لیستی برایەتی (خاوەن ١٢ کورسی) بێبەشکرد، بەمەش لیستەکە بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگایان کرد.

وەک پشتگیرییەک لەو هەڵوێستەی لیستی برایەتی، (١٦) یەکەی ئیداریی سنووری موسڵ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیدارەو ئەنجومەنی نوێی پارێزگا هەڵپەسارد.

ئەو (١٦) یەکە ئیدارییە ئەو ناوچانەن کە بە ناوچە جێناکۆکەکان (کێشە لەسەرەکان) لەنێوان هەرێمو ناوەندا ناسراون، لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقیدا چارەسەریان بۆ دانراوە.

دەربارەی هۆکاری هەڵوێست گۆڕانی لیستی حەدبا کە ئەسیل نجێفی، پارێزگاری ئێستای موسڵ، سەرۆکایەتی دەکات، خەسرەو گۆران، وتی: «بەتەنیا ناتوانن ئیدارەی پارێزگاکە بکەنو حکومەتو ئەنجومەنی پارێزگاکە لەکارکەوتووە». هەروەک ئامادەیی لیستەکەی نیشاندا بۆ گفتوگۆکردنو چارەسەکردنی کێشەکان لەگەڵ لیستی براوەی هەڵبژاردنەکە.


کۆبوونەوەکەی هەردوو پارێزگاری هەولێرو موسڵ

## پارێزگاری هەولێر لە موسڵ

بەپێی بەیاننامەیەکی نووسینگەی کاروباری گشتی لە (کامپی فیکتۆر)ی هێزەکانی فرەڕەگەز لە عێراق، کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، بۆ یەکەمجار هەفتەی ڕابردوو، هەردوو پارێزگاری موسڵو هەولێر چاویان بەیەک کەوتووەو بۆ باسکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو پارێزگاکە گفتوگۆیان کردووە.

بەپێی بەیاننامەکە ئەسیل نجێفی پارێزگاری موسڵو نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە بنکەی (دایموند بانک)ی هێزەکانی فرەڕەگەز، لەنزیک موسڵ کۆبوونەتەوە بە ئامانجی هاوکاریی یەکتر لەبوارەکانی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریدا.

لە بەیاننامەکەی هێزەکانی فرەڕەگەزدا هاتووە، ئەو کۆبوونەوەیە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی سیاسیو پێداویستییەکانی هەردوو پارێزگاکە، هەردوولا ئارەزووی خۆیان نیشانداوە بۆ بەردەوامیی دیدارەکان.

خەسرەو گۆران کە هاوکات بەرپرسی لقی موسڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەوەی ڕەتکردەوە کە پارێزگاری هەولێر بە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەسیل نجێفی کۆبووبێتەوە، وتی: «ئەوە سەردانێکی تەکنیکی بووەو پەیوەندی بە ناوبژیوانییەوە نەبووە، نەوزاد هادی نەچووەتە پارێزگای موسڵ، چووەتە بنکەی ئەمریکییەکانو پارێزگاری موسڵیش سەردانی ئەو بنکەیەی کردووە».

بەڵام پێشتر سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاندبوو، کە وەفدێکی ڕەسمیی هەرێمی کوردستان سەردانی موسڵ دەکات، لەگەڵ بەرپرسانی نوێی ئیدارەو ئەنجومەنی پارێزگاکە گفتوگۆ دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا.

لیستی برایەتی نەینەوا هەڕەشەی ئەوەی کردبوو ئەگەر کێشەکان بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوەو کورد هاوبەش نەکرێت لە ئیدارەی موسڵدا، ئیدارە یان ئەنجومەنێک لەدەرەوەی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵدا پێکدەهێنێت بۆ ئەو (١٦) یەکە ئیدارییەی کە لیستەکەیان زۆرینەی تێدا بەدەستهێناوە، هاوکات کار بۆ ئەوە دەکەن ئەو ناوچانە بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

## (٥٪)ی داهاتی ساڵانەی نەوتی عێراق بۆ کوەیت دەبێت

# کوەیت تۆڵە لەعێراق دەکاتەوە

**هەستیار قادر**

ساڵانە (٥٪)ی داهاتی نەوتی عێراق بۆ قەربووکردنەوەی کوەیت دەچێتو لەماوەی (١٩) ساڵی ڕابردوودا عێراق (٢٥) بلیۆن دۆلاری وەک قەرەبوو داوەتە کوەیتو ئەندامێکی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەڵێت: «دبلۆماسیەتی عێراقی بەشێوەیەکی ستراتیژیو ڕێکوپێک کاری نەکردووە بۆ ئەو دۆسییەیە، بۆیە لەناو جەماوەری عێراقیدا ئەو قەرەبووکردنەوانە بەتۆڵەسەندنەوە لەقەڵەمدەدەین»

سەرهەڵدانەوەی کێشەی سیاسی نێوان عێراقو کوەیت لەسەر دۆسیەی قەرەبووکردنەوەی داگیرکاری کوەیت لەلەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەساڵی (١٩٩٠)دا ترسو دڵەڕاوکێی لەنێوەندە سیاسییەکانی عێراقو دەرووبەرو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دروستکردووە، بەتایبەت کە چەندین ئاماژە هەبوو بۆ گەڕانەوەی کێشەکانی نێوانیان بۆ چوارگۆشەی سەرەتاو پەنا بردنەبەر لۆژیکی هێز.

نوێبوونەوەی ئەم کێشەیە کاتێک ڕوویدا، کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق نامەیەکی ڕەسمیی ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردو تیایدا داوایکرد؛ ڕێژەی قەرەبووکردنەوەی داگیرکاری کوەیت لەسەر حکومەتەکەی (٥٪)ی داهاتی نەوتەوە بۆ(١٪) کەمبکرێتەوەو ئەم داوایەش ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەیەکی توندی دەسەڵاتی سیاسی باڵای کوەیتو پەرلەمانەکەی بووەوە، تاگەیشتە ئەو ڕادەیەی قایل نەبوون لەسەر ئەو مەسەلەیە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق بکەنو وەزارەتی بەرگری ئەو وڵاتەش ئامادەباشی هێزەکانی دەربڕی بۆ هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی چاوەڕواننەکراو.

بەڕای د.بوخاری عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو کێشەیەی نێوان کوەیتو عێراق ئاڵۆز بووەو بۆ چارەسەرکردنی پێوستە هەوڵی دیبلۆماسی لەگەڵ کوەیتو ئەو وڵاتانەش بدرێت کە کاریگەرییان لەسەر کوەیت هەیە، بەبۆچوونی د.بوخاری: «بەشێوەیەکی گشتی دیبلۆماسیەتی دەوڵەتی عێراقی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ستراتیژیی کاری لەو دۆسیەیەدا نەکرووە، بۆیە ڕایەکی جەماوەری لەعێراقدا پەیدابووە، کە ئەو قەرەبووکردنەوەیە بەتۆڵەسەندنەوە لەقەڵەمدەدات»

بنەمای یاسایی قەرەبووکردنەوەی کوەیت لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری (٦٨٧)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٩١ کە تیایدا هاتووە: «بەپێی یاسای نێودەوڵەتی عێراق قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانە ڕاستەوخۆیانە دەگرێتە ئەستۆ کە بەهۆی داگیرکاری ناشەرعیی کوەیتەوە لەکەرتەکانی سامانی سروشتیو ژینەگەی کوەیتو بەرژەوەندی حکومەتە بیانییەکان لەو وڵاتەو لایەنە نیشتمانیو کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە کەوتووە»، لەسەرەتادا ڕێژەی داهاتی نەوتی عێراق کە لەچوارچێوەی سندوقێکی تایبەتدا قەرەبووی کوەیتی لێدەکرایەوە (٣٠٪)ی تێکڕای ڕێژەی داهاتی نەوتی عێراق بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرا، چەند جارێک کەمکرایەوە تاگەیشتە (٥٪).


تەقاندنەوەی کانە نەوتێک لە جەنگی کوەیتدا

هاوکات بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (حەیات)ی چاپی لەندەنیش لەماوەی (١٩) ساڵی ڕابردوودا (٢٥) بلیۆن دۆلار لەداهاتی نەوتی عێراق بۆ قەرەبووکردنەوەی کوەیت ڕۆیشتووەو لەکاتی بەرزبوونەوەی نەوتیشدا لەبازاڕەکانی جیهاندا لەهەر بەرمیلە نەوتێک کە عێراق هەناردەی کردووە کوەیت ڕێژەی (٥ بۆ ٨) دۆلار لێی سودمەند بووە.

د.بوخاری عەبدوڵڵا جەختی لەسەر زۆری ئەو ڕێژەیەکردەوە، کە لەداهاتی نەوتی عێراق بۆ قەرەبووکردنەوەی کوەیت ڕۆیشتووەو وتی: ئێستا بۆ چوونێک هەیە کە پێیوایە عێراقی ئێستا میراتگری عێراقی سەدام نییە تائەو قەرەبووکردنەوانە بداتو پێویستە ئەو واقیعەش بۆ کوەیت بسەلمێنرێت».

# کەرکوک لە ویژدانی خەباتی کوردایەتیدا...



غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

جاریَ سەرەتا من پێم باشە دوو وشەی (قودس‌و دڵ) لە کەرکوک بکەنەوە، ئەگەر بیکەین بە قودسی کوردستان، ئەوەتا دەبێت هەتا ماوین وەکو فەلەستینییەکان چۆن خەون بە قودسەوە دەبینن، دەبێت ئێمەش ئاوها خەون بە کەرکوکەوە ببینین، ئەگەر دڵی کوردستانیش بێت، ئەوا دوای لێکردنەوەی کەرکوک لە کوردستان، بێگومان کوردستان دەبێتە جەستەیەکی مردوو.

کەرکوک وەکو خاک‌و جوگرافیا، هەر لە سەردەمانێکی دوورەوە، وەکو مێژوونووس‌و خۆرهەڵاتناس‌و کوردناسەکان پێیدا تێپەڕبوون‌و لەنزیکەوە ناسیویانە، وتوویانە‌و سەلماندوویانە کە کەرکوک بەشێکی دانەبڕاوبووە لە نیشتمانی نەتەوەیی کوردو مێژووی کورد، کە باسی کوردستان کرابێت، کەرکوکی تێدابووە وەکو شارێکی مێژوویی کوردستان، بەگوێرەی وتەو ساغکردنەوەی ئەو پسپۆڕانە کە کەرکوک گرێدراوی ئەو زەوی‌و خاکە بووە، ئێستا پێی دەڵێن باشووری کوردستان، کە عەرەبەکان پێی دەڵێن سەرووی عێراق، هەڵبەتە باشووری کوردستانیش بەشێکە لە نیشتمانی گەورەی کورد، کە لە باکوورەوە بە زنجیرە چیای زاگرۆس دەستپێدەکات، لە باشووریشەوە بە زنجیرە چیای حەمرین کۆتایی دێت. لە پەیمانێکی نێودەوڵەتی وەکو (سیڤەر)یشدا دان بە نیشتمانی کورددا نراوە کە دەکاتە کوردستانی گەورە، نەخشەی کوردستانی گەورەش کەرکوکی تێدایە، وەکو مهاباد‌و ماردین‌و ئامادو کرماشان‌و سلێمانی‌و قامیشلی، ئەگەر زۆر بۆ مێژووی دوور بڕوانین، لەلای هیچ مێژوونووسێک نایخوێنینەوە کە کەرکوک شارێکی باشووری کوردستان، جگە لە کوردو ئاشورییەکان، هیچ نەتەوەیەکی دیکە لەم ناوچەیەدا ژیابێت، ئەگەرچی زۆرجار لەلایەن فارسەکانەوە تا پێش پەیدابوونی ئیسلام داگیرکراوە، یان رووبەڕووی شەڕ بووەتەوە لەگەڵ بابلییەکان‌و ئاشورییەکان هەندێکجار، هەروەها لەگەڵ بابلییەکاندا. ئەو داگیرکەرانە تا سەریش لە ناوچەکەدا نەماونەتەوە، تەنیا کوردو ئاشورییەکان پێکەوە تێیدا ماونەتەوەو ژیاون، بێگومان کەرکوکیشی تێدابووە کە ئەوسا ناوی (ئارابخا) بووە، ئێستا گەڕەکی (عەرەفە، ئەرەفە) لە کەرکوک شوێنەواری ئەو (ئارابخا)یەیە. پاشماوەی ئاشورییەکانیش لە کەرکوک‌و موسڵ ئەو راستییە مێژووییە دەسەلمێنن، ئەگەریش هەندێک کەمایەتی نەتەوەیی هەن لە شارەکەو پارێزگاکەدا، هەموویان یان ئەوەتا لەگەڵ سوپاکانی داگیرکەری کوردستان بۆ ناوچەکە هاتوون، وەک ئەو تورکمانانەی کە لە خۆرهەڵاتی چیای حەمرین نشتەجێبوون، لەگەڵ ئەرتەشی داگیرکەری جەنگیزخان‌و تەیموری لەنگدا هاتوون، سەر بە خێڵی (بەیات)ی تەتاری مەنگۆلی بوون، ئەو ناوچەیەش ئێستا ناوی ناوچەی بەیاتە، هەرکەسێکیش لەوێ لەدایک بووبێت یان ژیابێت، نازناوی (بەیاتی) هەڵگرتووە، وەکو (عەبدلوەهاب بەیاتی) شاعیری گەورەی عەرەب، یان عەباس بەیاتی سەرۆکی حیزبی ئیسلامی تورکمانی‌و شیعەیە، یان ئەو تورکمانانەی لەگەڵ سوپای عوسمانی هاتوون، لە شاری کەرکوک‌و دەوروبەری نشتەجێبوون، یان ئەو عەرەبانەی هاوردەکراون بەمەبەستی تەعریبکردن، دوای پەیدابوونی نەوت لە باوەگوڕگوڕ، وەکو عەرەبەکانی حەویجە دوو عەشیرەتی عوبێدو جبورن، کە ئەمانە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوودا هێنراون‌و لە پێدەشتی مەڵحە نیشتەجێکراون، لەکاتێکدا ئەمانە ئاژەڵدارو کۆچەریی بوون، یاسین هاشمی پرۆژەی ئاوی حەویجەی بۆ دروستکردن بۆ جێگیرکردنیان لەسەر زەویوزاری کورد، تەنانەت یەکێک لە گەورە سەرۆک خێڵەکانی حەویجە وەکو (عاسی عەلی)، دەچێتە خزمەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی، پێیدەڵێت ئێمە عەرەبین‌و میوانین لەسەر خاکی کوردستان، ئیدی بە چی هەقێک پاشماوەکانی بەعس لە حەویجەو عێراق بە ناهەق دەیانەوێت کەرکوک بکەن بە بەشێک لە عێراقی عەرەبی؟! یان ئەو عەرەبانەی کە رژێمی بەعس لەخوارووی عێراق هێنانی بە ئامانجی گۆڕینی ناسنامەی کوردانی شارەکە، باشە ئەگەر بەعس لە عەرەبایەتی یان عێراقیەتی کەرکوک دڵنیابوو، یان دڵنیابوو لەوەی کە بەشێک نییە لە خاکی کوردستان، بۆچی هەوڵیداوە بە زۆر یان بە پارەو تەماح رۆکردن شارەکە تەعریب بکات؟ ئەی سەرکردایەتیی کوردو نوێنەرەکانی لە شارەکە بۆچی بێدەنگبوون لەمانەوەی ئەو عەرەبە هاوردانەو تاکەی لێیان بێدەنگ دەبن؟ بۆچی عەرەبەکانی موسڵ بۆیان هەبێت داوابکەن کورد لەوشارە دەربکەن، بۆچی سەرکردایەتی یان دەسەڵاتی دەستڕۆیشتووی کورد لەوشارە بۆی نییە ئەو عەرەبە هاوردانە دەرپەڕێنێت کە خۆیان رازیبوون بگەڕێنەوە، قەرەبووکراونەتەوە بە پارەیەکی قەبەو دووجار سوودمەند بوون؟ هیچ هەق‌و بەڵگەیەکی مێژوویی نییە کە بڵێت خاکی شاری کەرکوک مافی تورکمانی پێوەیە، یان مافی عەرەبی پێوەیە. سەیر لەوەشدایە کە بەرەی تورکمانی بە تورکمانبوونی کەرکوکیشەوە ناوەستێت، بگرە نیوەی خاکی کوردستان بە خاکی تورکمان ئیلی لەقەڵەم دەدات، هەر لە تەلەعفەرەوە تا مەندەلی!!! ئەمڕۆ هیچ سەرکردەیەکی کورد بۆی نییە بڵێت عەرەبی هاوردە بۆی هەیە کە لە کەرکوک بمێنێتەوە لەبەرئەوەی عێراقییە، ئەگەرچی ئەو سەرکردەیە باش دەزانێت کە کوردستان‌و بە کەرکوکەوە هەرگیز بەشێک نەبووە لە خاکی عێراق تا ساڵی ١٩٢٣ دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە چەند خاک‌و پێکهاتەیەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. باشووری کوردستانیش بە زۆر لکێنرا بەو دەوڵەتە چرێشلەمەیەوە، کە ناوی بووە مەملەکەتی عێراق‌و دواتر کۆماری عێراق، ئەگەرچی من لایەنگری ئەو دروشمە نیم:

(کەرکوک شاری کوردان با لێی دەرچێ بێگانە)، بگرە لەگەڵ ئەو میکانیزم‌و عەدالەتیەم کە دەبێت ئەو میللەتانەی لەشوێنی دیکەوە کۆچیان کردووە بۆ کوردستان، مافی هاوڵاتیبوونیان هەبێت بەپێی رێژەی بوونیان لە شارەکەدا، نەک لەگەڵ نەتەوەی خاوەنی ئەسڵی شارەکە بکەونە رکابەری، داوای نیشتمانی نەتەوەیی بکەن لەسەر خاکێک کە خاکی مێژوویی ئەوان نییە، بگرە بۆشیان هەیە لە رێگای هەڵبژاردنەوە پۆستی سیادیان هەبێت لە شارەکەدا، نەک بە تۆپزی بیانەوێت هەموو شتێک دەستەبەربکەن، لەکاتێکدا ئەوان هیچ هێزو دەسەڵاتێکی مەیدانیان نییە، لە سەردەمی بەعسیشدا ناسنامەیان کرابوو بە عەرەبی. سیاسەتی سەرکردایەتیی کورد بەتایبەتی دوو حیزبە زلهێزەکەی کورد، کە بەقسەی خۆیان هاوپەیمانن، کەچی لەسەر کەرکوک ئاسمان‌و رێسمانن! مەسعود بارزانی لە رووکەشدا پێدەچێت پابەندبێت بە سیاسەتی باوکییەوە (مستەفا بارزانی)، کە سووربوو لەسەر ئەوەی ئەگەر تاقە کوردێک هەبێت لە کەرکوک، کەرکوک دڵی کوردستانە، کەچی مام جەلال بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکات، کەرکوکی پێ عێراقێکی بچووکە، رێگریش نییە لەوەی عەرەبە هاوردەکان لە شارەکە نشتەجێبن‌و بمێننەوە!!.

من هەرگیز وەک دەڵێن بۆ ئەم مەسەلە چارەنووسسازە بە رۆحێکی وەرزشی تەماشای پێکهاتەکانی شارەکە وەکویەک ناکەم، تا بە رێژەی ٣٢٪دا بۆ هەرپێکهاتەیەک رازیبم، بەمەش ئەگەر وامانکرد، بۆ هەتاهەتایە دەبێتە یاسایەکی چەسپاو بۆ شارەکەو ئیدی هیچ کاتێک پێویست بە هەڵبژاردن ناکات، ئەگەر بێتەوە سەر کوردستانیش. ئێستا زۆربەی پۆستە سیادییەکان بەدەستی بەرپرسەکانی هەردوو حیزبەکەوەیە (یەکێتی‌و پارتی)، کەچی وەکو خۆیان دەڵێن رێژەی کورد زۆر کەمترە لە دامەزراوو فەرمانگەکانی شارەکەدا لە رێژەی عەرەب‌و تورکمان، چونکە ئەوانە هەر لەکاتی رژێمی بەعسدا لەوێبوون‌و دوای رووخانی رژێمیش هەر لەوێ ماونەتەوە، واتا لە سەردەمی بەعسدا، کورد دەرکراوو پەراوێزخراوبووە، عەرەب‌و تورکمان رێژەی زۆری دامەزراویان لەو فەرمانگانەدا هەبووە، چونکە تورکمانەکانیش رازیبوون ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەنە عەرەب، بۆئەوەی لەو فەرمانگانە دەرنەکرێن، کەچی هەردوو حیزب لە پۆستە سیادییەکانی پارێزگا باڵادەستن، نەیانتوانی رێژەی کورد بەرزبکەنەوە وەکو هەقێکی خۆی، ئێستا دەیانەوێت لە رێگای رێژەی ٣٢٪ەوە، کورد بگەیەننە ئاستی عەرەب‌و تورکمان لەو فەرمانگانەداو چارەنووسی شارەکە بۆ هەتاهەتایە بخەنە مەترسییەوە! زۆر لەجێی خۆیەتی کورد بە جدیی چەکی دەستوور بەکاربهێنێت‌و رێگانەدات کەس باسی تەوافوق بکات لەوشارەدا، دەبێت پێی لەسەر مادەی (١٤٠) داگرێت‌و مافی خۆی وەربگرێت، ئەگەرچی قسەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت: (فاس وگع براس)، واتا تەورەکە بەر سەر کەوت، ئەمەش لەسایەی بەرپرسەکانی کوردەوەیە. ناشبێت کورد تەدویلکردنی کەرکوکی پێ قبوڵ بێت، چونکە دەبینین تورکمانەکان‌و عەرەبەکان دان بەو مادەیەدا نانێن، هەر شتێک دەستووریش بێت‌و لە بەرژەوەندیی کورددا بێت، دژی دەوەستن، دژی ئاماری گشتی دەوەستن، دژی ئاساییکردنەوە دەوەستن، دژی گەڕانەوەی ئاوارەکان‌و هاوردەکان دەوەستن. سەرکردایەتی کورد ماوەی پێنج ساڵە چ لە ناوەندو چ لە کەرکوک سوورنەبووە لە سەر دۆزی کەرکوک، هەر لە رۆژی رزگاربوونی کەرکوکدا نەیانتوانی وەکو خانەقینی لێ بکەن، بەئاسانی شارەکەیان بۆ ئەمریکییەکان بەجێهێشت، بەبێ هیچ گرەنتی‌و پرۆتۆکۆڵێک کە لە بەرژەوەندیی گەڕانەوەی کەرکوکدا بوایە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی ئێستا عەرەبە هاوردەکان‌و تورکمانە نازیحەکان نەکەونە بڕەبڕ لەگەڵماندا، دەشبێت تا سنووری بەکارهێنانی هێز بڕۆین‌و کەرکوک بگەڕێتەوە سەر کوردستان، من پێموایە بۆئەوەی کەرکوک بخرێتە سەر هەرێم، پێویستی بە بڕیارێکی ئەو دامەزراوە هەیە کە جەماوەری کوردستان دەنگی داوەتێ (پەرلەمانی کوردستان)، نەک پێویستی بە دانوستان بێت‌و ئەوسا نوری مالیکی یان هەرکەسێکی دیکە بێت بڕیاری لەسەر دەربکات، چونکە کورد لە دانوستانەکاندا هیچی حاسڵ نەکردووە، ئەوەتا کەوتوونەتە چ چاوو راوێک، هەر بۆ نموونە لە مەسەلەی بودجەی مادەی (١٤٠)دا، جارێک بودجەکە دەدەن‌و جارێک لێی دادەشکێنن.. بۆیە دەبێت لیستی جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، دۆزی کەرکوک بکاتە سەرمەشقی پرۆژەکەی خۆی. کاک نەوشیروان مستەفا کە ئێستا سەرۆکی لیستی گۆڕانە، هەمیشە لە ئەجێنداکەی خۆیدا کەرکوک لەپێشەوەی کێشەکانی خەباتەکەی بووە، ئەو خۆی وتویەتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەسەرشان‌و ماندووبوونی خەڵکی کەرکوک‌و گەرمیان دروستبووە، یان لە چاوپێکەوتنێکی (puktv)دا لێی دەپرسن خۆشترین رۆژی ژیانت کامە بوو؟ دەڵێت ئەو رۆژە بوو کە لە راپەڕیندا چووینە ناو شاری کەرکوکەوە، بۆیە ئەویش ئەگەر بردیەوە لە هەڵبژاردنەکەدا، یان لیستەکەی پشکێکی زۆری کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانی بەرکەوت، دەبێت کەرکوک نەخاتە ناو بەرنامەی دانوستانەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو شارەی کوردستان، نابێت رێگا بدرێت ناوچە کوردستانییەکانی وەکو ژەنگارو خانەقین‌و ناوچەکانی‌و مەندەلی‌و ناوچەکانی‌و کەرکوک تا بناری حەمرین، بخرێنە پرۆسەی ریفراندۆمەوە، یان هەرشتێکی لەوبابەتە، چونکە ئەو ناوچانە خاکی مێژوویی کوردن.. مام جەلال لە ئەنجومەنی حوکمدا ئەو نەخشە مێژووییەی خستە بەردەم هەموویان، کە دەیسەلمێنێت ئەو ناوچانە خاکی مێژوویی کوردن. ئیدی نازانین بۆ لەم دواییەدا سستبوون، کێشەکەیان مراند؟! دەبێت هەموو کورد ئامادەبکرێت بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم یان دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان. من بڕوام بەو ریفراندۆم‌و مادەی (١٤٠)ە نییە، چونکە دەیانجار وتراوەو ئەو پرسیارە کراوە لەلایەن جەماوەری کوردستانەوە، بە چ هەقێک سەرکردایەتی کورد بەشێکی خاکی کوردستان دەخاتە مادەیەکی دەستووری عێراقەوە، یان ریفراندۆمی لەسەر دەکات، یان بە چی هەقێک گوێ دەگرێت لە خەڵکانێک کە هاوردەن یان نازیحن لە شوێن‌و وڵاتی دیکەوە. نازانین مام جەلال بۆ ئەو دروشمانەی کە خۆی دایهێنان لەسەر کەرکوک‌و خانەقین لەبیری چوونەوە (یا کەرکوک‌و خانەقین یا تا ماوین دەجەنگین). بۆچی لە کەرکوک خەڵکێک فێردەکەن خۆیان بکەن بە واریسی عروبەو ئەتاتورک؟ بەرگریی لە بەشخوراویی دەیان ساڵەی هاوخوێنەکەی خۆیان ناکەن، کەچی بەرگریی لە خەڵکێک دەکەن لەوەتەی هەن لە شارەو تائێستاش نەک دوژمنایەتی کورد دەکەن، بگرە زمانیان خواردەبێت ئەگەر وشەی (کوردستان) بڵێن، بگرە دەڵێن (شیمال عێراق)!! ئەگەرچی بەدرێژایی شۆڕشی باشووری کوردستان پێنج تورکمانمان نەبینی پەیوەندی بکەن بە شۆڕشەکەوە، هەر هیچ نەبێت وەکو پشتگیرییەک بۆ ئەو گەلەی کە بەقسەی خۆیان برایانە لە کەرکوک، کەچی دەیان کوڕو کچی ئەوروپی پەیوەندی دەکەن بە گەریلاکانی پەکەکەوەو پەیوەندیان کردووە، کەچی برا تورکمانەکانمان لایەنگری ئەو رژێمانە بوون کە کوردیان دەچەوساندەوە بەردەوام! ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە کەرکوک شاری تورکمان‌و ئەو عەرەبانە نییە کە لە سییەکانی سەدەی رابردوو لە حەویجە نشتەجێبوون، بگرە وەکو کورد مافی هاوڵاتیبوونیان هەیە، بەپێی رێژەی خۆشیان بۆیان هەیە دەسەڵاتیان هەبێت لە شارەکەو پارێزگاکەدا، نەک ئەوان کەرکوک بە بەشێک لە خاکی تورکیا بزانن، یان بە بەشێک لە خاکی عروبەی بزانن!

لە کۆتاییشدا رووی دەمێک دەکەینە ئەو بەرپرس‌و دەسەڵاتدارانەی کورد لە شارەکەو دەپرسین:

– بۆچی دوای پێنج ساڵ لە رووخانی رژێمی سەدام، کەرکوک لە گەڕەکێکی گەورەی کەراچی پاکستان دەچێت، هێشتا ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوک لە مەلعەبەکەو فەیلەق‌و باروتخانەکەو شوێنی نەشیاودا دەژین. تائێستا ئاوارەکان قەرەبوونەکراونەتەوە، کەچی عەرەبە هاوردەکان قەرەبووکراونەتەوە بە پارەی قەبەو نەشگەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان؟

– بۆ بۆ پێنج ساڵ دەچێت نزیکەی حەوتسەد دێی گەرمیان ئاوەدان نەکراونەتەوە، بە شایەتی دوو پێشمەرگەی دێرینی گەرمیان، مام رۆستەم‌و کاک عادل شکور؟

خەڵکی گوندەکان هەقیانە نەگەڕێنەوە، سادەترین خزمەتگوزاریی کە رێگاوبانە بۆیان نەکراوە، بە چی بڕۆنەوە بۆ ئاواییەکانیان، ئەگەر نەخۆشخانە نەبێت، قوتابخانە نەبێت، کارەبا نەبێت، ئاوی خواردنەوە نەبێت، رێگاوبانی ئۆتۆمبێل نەبێت.

یان ئەو هەموو پارە قەبانەی کە ملیۆنان دۆلار بوو بۆ کەرکوک تەرخانکرابوو، چیان لێهات؟ تۆ بڵێی درابێت بەو پەردەی لای رەحیماوا کە لەگەڵ یەکەم لافاوی خاسە تەفروتونا بوو؟

– لەم رۆژانەدا جوتیارێکی قادر کەرەم لە کەناڵی (KNN)ەوە وتی لەلایەن رێکخراوێکی بیانییەوە بڕی (٢٥٠) ملیۆن دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی قادر کەرەم بەخشراوە، تائێستا دۆلارێکی بۆ ئەو ناحیەیە خەرج نەکراوە، کەچی پارێزگای کەرکوک لەو بڕە پارەیە بەرپرسیارە، باشە بەدواداچوونی بۆ بکەن ئەو پارەیە چووە گیرفانی کێوە؟

– ئەی پێمان بڵێن ئەو هەموو ڤێلاو جەنایێن موعلەقانەی بۆ مەسئولەکانی هەردوو حیزب دروستکراون لە کەرکوک، بەپێی چ شەرع‌و قانوونێک بەوپارە قەبانە دروستکراون، تەنانەت مەسئول حیمایەی مەسئولی خاوەن پۆستی واهەیە لە پارێزگا خانووەکەی لە هاوشانی خانووی مەسئولەکانی سلێمانییە! لێیان بپرسن ئەمەتان لەکوێ بوو؟

ئەوەتا شکور لەم رۆژانەدا تەنیا لە یەک فەرمانگەدا لە کەرکوک دەیان حاڵەتی گەندەڵی ئاشکرابوون، دیاریشە زۆربەی ئەو گەندەڵانەش بەرپرسانی کوردی تێدایە لە شارەکەدا.

بۆچی دوای پێنج ساڵ لە رووخانی رژێمی سەدام، کەرکوک لە گەڕەکێکی گەورەی کەراچی پاکستان دەچێت، هێشتا ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوک لە مەلعەبەکەو فەیلەق‌و باروتخانەکەو شوێنی نەشیاودا دەژین. تائێستا ئاوارەکان قەرەبوونەکراونەتەوە، کەچی عەرەبە هاوردەکان قەرەبووکراونەتەوە بە پارەی قەبەو نەشگەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان؟

www.netewe.com

## یەکێتی ئەورووپا ڕەخنە دەگرێت

# موسەوی کێشەکە دەباتە دادگا

جەمال ئیختیار

بەهۆی گومانکردن لە پاکیی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئێران، یەکێتی ئەورووپا ڕەخنە لە تاران دەگرێت، کاندیدی ڕیفۆرمخوازیش میر حسێن موسەوی لە دادگای دەستووریی، سکاڵا تۆماردەکات.

یەکێتی ئەورووپا ڕەخنەی لە شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئێران گرتووەو داوای لە حکومەتی ئەو وڵاتە کردووە کە بەوردی لە تۆمەتەکانی ساختەکاریی هەڵبژاردنەکان بکۆڵێتەوە، هەروەها یەکێتی ئەورووپا ڕەخنەی لە ڕووداوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندی حکومەتی ئێران لەگەڵ ئەو خۆپیشاندەرانەی کە دژی دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد بوون گرتووە. وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، بێرنارد کۆشنەر بە میدیاکانی وتووە کە حکومەتەکەی زۆر نیگەرانی بارودۆخی دوای هەڵبژاردنەکەی ئێرانە، لە لەبەرلینیش وەزیری دەرەوە، فرانک والتێر شتانمایر وتی: ڕووداوەکانی ئەمدواییە لە ئێران پرسیاری زۆر دەربارەی هەڵبژاردنەکان دەوروژێنن، هەڵسوکەوتی تارانی لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بە «قبوڵنەکراو» وەسفکردووە.

نووسەرو ڕۆژنامەنووسی بەریتانی، دانیال هانێن پێیوایە «ئەورووپاو ئەمریکا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانیان هەڵوێست وەردەگرن، لەبەرئەوە ناکرێت بروکسێل وانەی دیموکراسی بە ئێران بڵێت».

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئێران ڕۆژی هەینی لە ئێران بەڕێوەچوو، ئامارە ڕەسمییەکان باس لەوەدەکەن کە بەشداری خەڵک ٨٢٪ بووەو تائێستا ڕێژەی لەوشێوەیە لە ئێران تۆمارنەکراوە. لە (٣٩)ملیۆن دەنگ، ئەحمەدی نەژاد زیاتر لە (٢٤) ملیۆن دەنگی (نزیک بە ٦٣٪) هێنابوو، ڕکابەری سەرەکی ئەو، میر حسێن موسەوی زیاتر لە (١٣) ملیۆن دەنگی (نزیک بە ٣٤٪) هێنابوو، موحسین ڕەزایی کاندیدی سێیەمیش کەمتر لە یەک ملیۆن دەنگ (نزیک بە ٢٪)، کاندیدی چوارەمیش کەمتر لە پێنجسەد هەزار (کەمتر لە ١٪) دەنگەکانی هێنابوو، دەنگەکانی نەژاد لە مێژووی ئێراندا بێوێنەیەو تەنانەت خاتەمی کە لە سەردەمی هەڵبژاردنی ئەودا خەڵک زۆر لایەنگرییان لێدەکرد، نەیتوانیبوو ڕێژەی وا بەدەستبهێنێت.

جێگری سەرۆکی ئەمریکا، جۆبایدن وتی:ئەمریکالەبەرئەگەری ساختەکاریی لە هەڵبژاردندا، کاردانەوەی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان دوادەخات.

نووسەرو لێکۆڵەری ئەمریکی، جودێس میلێر لە دامەزراوەی مانهاتان، بە فوکس نیوزی ڕاگەیاند دوو ئەگەر هەیە، ئەوەی کە هەڵبژاردنەکە دزراوەو یان پێچەوانەی ئەوەو ئەمە ڕۆژێکی خەمناکە بۆ ئێران، هەروەها ئاکامەکان ئیدارەی ئۆباماش دەخەنە زەحمەتەوە.

ئاکامەکانی هەڵبژاردن هەر هەمان ڕۆژی هەینی (ڕۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان)، گومانیان خرایەسەرو دوانیوەڕۆی هەینی میر حسێن موسەوی ڕایگەیاند «ساختەی زۆر لە هەڵبژاردنەکەدا کراوە». تەوەری سەرەکی ڕەخنەکانی موسەوی ئەوەبوو کە لەکاتێکدا خەڵک هێشتا لە سەرەی دەنگداندا ڕاوەستابوون، ناوەندەکانی دەنگدان بەڕووی ئەواندا داخرابوون، ئەگەرچی ماوەی دەنگدانەکە بۆ چەند سەعاتێکو تا نزیکی نیوەشەو درێژکرایەوە، بەڵام ئاژانسەکان باسیان لەوەکرد کە بەشداری خەڵک زۆر بووەو خەڵکێکی زۆر لە دەنگدان بێبەش بوون.

موسەوی داواکاریی پێشکەش بە دادگای دەستووریی کردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکە، ئەگەرچی وەزارەتی ناوخۆی ئێران هەرجۆرە ڕێپێوانێکی بە قەدەغەکراو وەسفکردووە، بەڵام موسەوی سووربوونی خۆی لەسەر بەشداری لە ڕێپێوانی جەماوەریدا لەگەڵ خەڵک ڕاگەیاندووە، بڕیارە ڕێپێوانی سەرانسەریی سازبکەن.

بەرپرسە باڵاکانی ئیسرائیل ڕایانگەیاند کە پێیان خۆشە نەژاد دەرچووی هەڵبژاردنەکان بێت، لەبەرئەوەی «توندڕەویی ئەو یارمەتیی ئیسرائیل دەدات کۆدەنگی نێودەوڵەتی لەدژی ئێران دروستبکات».


میر حسێنی موسەوی

# فەلەستینییەکان دەوڵەتەکەی نەتەنیاهۆ ڕەتدەکەنەوە

ڕۆژنامە

دوای ئەوەی بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل داوایکرد «دەوڵەتێکی فەلەستینی سنووردارو داماڵراو لەچەک دروست بکرێت»، داواکەی لەلایەن ئەمریکاو فەرەنساو چەند وڵاتێکەوە پێشوازی لێکراو لەلایەن فەلەستینییەکانیشەوە ڕەتدەکرێتەوە.

لە میانی وتارە سیاسییەکەیدا سەبارەت بە ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆژی یەکشەممە، نەتەنیاهۆ ڕایگەیاند، بۆهەر ڕێککەوتنێکی ئاشتی لەسەر ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی فەلەستینیدان پێویستە لە چەک دابماڵرێن‌و گرەنتی ئاسایش بۆ ئیسرائیلییەکان دابینبکرێت.

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بەپێویستیزانی فەلەستینییەکان دان بە جولەکەبوونی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێن‌و چارەسەری پەنابەرە فەلەستینییەکانیش لەدەرەوەی ئیسرائیل بکرێت.

هەر لەو وتارەیدا سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل داوای لە بەرپرسانی فەلەستینیی کرد گفتوگۆی ئاشتی نێوانیان دەستپێبکەنەوە بێئەوەی مەرجی پێشوەختیان هەبێت، هەروەک وتی: «داوا لە دراوسێ فەلەستینییەکان‌و بەرپرسانی دەسەڵاتی فەلەستینی دەکەین دەست بە گفتوگۆکانی ئاشتی بکرێتەوە بێ هیچ مەرجێکی پێشوەخت». وتیشی، ئیسرائیل پابەندە بە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان‌و چاوەڕێدەکرێت سەرجەم لایەنەکان پێوەی پابەندبن.

### پاسەوانی داگیرکەر

دەسەڵاتدارانی فەلەستین داواکەی بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕەتدەکەنەوەو بە ئیفلیجکردنی گفتۆگۆکانی ئاشتی نێوان ئەو دوو لایەنەی لەقەڵەمدەدەن.

نەبیل ئەبو ڕەدینە وتەبێژ بەناوی مەحمود عەباس سەرۆکی فەلەستینەوە ڕایگەیاند: وتارەکەی نەتەنیاهۆ سەرجەم کارو دەستپێشخەرییەکانی پێشوو بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەناودەبات‌و دەشێت سەرجەم هەوڵەکانی فەلەستینی‌و ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبی لە پێناوی ئاشتیدا پوچ بکاتەوە.

دەربارەی هەڵوێستی نەتەنیاهۆ سەبارەت بە قودس، کە وەک پایتەختی یەکگرتووی هەردوو وڵات پێشنیازیکردبوو، ئەبو ڕەدینە دەڵێت: ئەوە بۆ ئاشتییەکی تەواوو دادپەروەرانە ڕامان ناکێشێت، ئەو لێدوانانە ناتەواون‌و پەلکێشمان ناکات بۆ چارەسەر.

لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوەی حەماس وتارەکەی بە «گوزارشتێکی ئایدۆلۆژی ڕەگەزپەرستی‌و توندڕەوانە» لەقەڵەمداو بە «پەرش‌وبڵاوکردنی مافەکانی گەلی فەلەستین» ناوی برد.

فەوزی بەرهوم وتەبێژی بزووتنەوەی حەماس دەڵێت: «وتارەکە تەئکید لە بەرنامەیەکی ڕەگەزپەرستی توندڕەو دەکاتەوە بە مەبەستی کردنی گەلی فەلەستین بە ئامرازێک بۆ پاراستنی داگیرکەران‌و بێبەشکردنیان لە ماف‌و ئازادییەکان».

بەرهوم لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەشکردووە، نەتەنیاهۆ دەوڵەتێکی «بێ ناسنامەو سەروەریی‌و قودس‌و گەڕانەوەی ماف‌و سوپاو چەکی دەوێت».

بەپێی هەواڵێکی پەیامنێری بی‌بی‌سی لە غەزەوە گروپی شەهیدی ئاشکرا لە بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی وتارەکەی نەتەنیاهۆی بە «ڕاگەیاندنی ڕەتکردنەوەی دەستپێشخەری بۆ ئاشتی» ناوبرد.

### کاردانەوەکان

لەیەکەم کاردانەوەی وتارەکەی نەتەنیاهۆدا، کۆشکی سپی هاوڕابوو لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی‌و بە «هەنگاوێکی گرنگ بۆ پێشەوە» وەسفیکرد.

ڕۆبەرت گەیتس وتەبێژی کۆشکی سپی وتی: سەرۆک ئۆباما خۆشحاڵە بە وتارەکەی نەتەنیاهۆو بە بەرەوپێشچوونی ئاشتی دەزانێت.

گەیتس وتیشی: سەرۆک پابەندە بە دوو دەوڵەتی سەربەخۆوە بۆ ئیسرائیلی‌و فەلەستینییەکان لە نیشتمانی مێژوویی خۆیاندا.

لەلایەکی دیکەشەوە بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ڕایگەیاند: فەرەنسا لەگەڵ ئەورووپاو ئەمریکا تێدەکۆشێت بۆ بەرەوپێشچوونی ڕێرەوی ئاشتی‌و دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستینی گونجاو بۆ ژیان. هەروەک داوایکرد هەردوو وڵات سنوورەکانیان دیاریبکەن‌و چارەسەری دۆسییەکانی قودس‌و سنوورو پەنابەرەکان بکەن.

### گفتوگۆی حەماس‌و فەتح

کۆبوونەوەکانی گفتوگۆی ئاشتی لە نێوان لایەنە فەلەستینییەکاندا لە ڕامەڵڵاو غەزە ئەنجامدراو لەسەر گرفتەکانی نێوانیان هەڵوەستەیانکردو ڕێکەوتن لەسەر ئاڵوگۆڕی لیستی دەستگیرکراوەکانی نێوانیان.

ناکۆکییەکانی نێوان فەتح‌و حەماس لەدوای سەرکەوتنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ٢٠٠٦ سەریانهەڵداو ناکۆکییەکان تەشەنەیان سەندو تا گەیشت بەوەی لەساڵی ٢٠٠٧دا حەماس کۆنترۆڵی کەرتی غەزەی کرد.

لەماوەیەوە تائێستا مەحمود عەباس سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی سەدان کەسی چالاکی لە کەرتی خۆرئاوا لە بزووتنەوەی حەماس دەستگیرکردوەو هەوڵیداوە سەرچاوە داراییەکانی بزووتنەوەکە وشک بکات.

بەپێی سەرچاوەکانی پۆلیس ٣٠٠ ئەندامی حەماس دەستگیرکراوە، بەڵام حەماس ڕایدەگەیەنێت ٧٠٠ کەسیان دەستگیرکراوە.

لەلایەکی‌دیکەوە،یەکێک‌لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی فەتح ڕایگەیاند، لەمانگی ئابی داهاتوودا کۆنگرەیەک دەبەستن بەمەبەستی هەڵبژاردنی سەرکردەی نوێ.

عەباس زەکی، نوێنەری بزووتنەوەکە لە لوبنان ڕایگەیاند، لەماوەی سێ ڕۆژی کۆبوونەوەکاندا ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کاتی بەستنی کۆنگرەی داهاتوو دیاریبکەن کە دەکەوێتە ڕۆژی لەدایکبوونی یاسر عەرەفات سەرۆکی کۆچکردووی فەلەستین.


بنیامین نەتەنیاهو



# پەرلەمانی پەرلەمانکوژ

هەردی مەهدی

سەیرلەوەدایە ئەم پەرلەمانەی ئێمە بەو هەموو سستیو دەستەپاچەییەی کە چوار ساڵی ڕەبەقە دەیگوزەرێنێت، هێشتا وادەزانێت هەر کارایەو نەک تەمەنێک، سەد تەمەنی دیکەشی بدەیتەوە، هەر پەرلەمانە پەرلەمانکوژەکەی جارانە، سەرەڕای بەسەرچوونی وادەکەی، تەمەنێکی کورتی دایەوە بەخۆیو بۆ نەفەسێکی دیکە (خۆی تازەکردەوە)، بەڵام چۆن تازەکردنەوەیەک لە هەمان ئەو کاتە بەسەرچووەدا پەرلەمانتارەکانی وادەردەکەون وەک فریشتەیەک خۆیان نمایش دەکەنو لە هیچیش پەشیمان نین، لەبری ئەوەی ئەو هەڵەی کە دوو مانگ کەمترە (کە لە تەمەنی پەپولەیەکەوە نزیکە)، وەک پەپولەیەک خۆیان شیرین بکەنەوە، بەڵام وەک یەکەم ڕۆژی دەوامیان هەر کورە دەستەمۆکەی حیزبو بێئیرادەکەی خۆیانن.

دیقەت بدە گەر مرۆڤێکی پاکو چاکەخواز بدوێنیت، دوای تێپەڕاندنی تەمەنێک دیسانەوە ئاواتی ئەوە دەخوازێت ژیانێکی دیکەی پێبدرێتەوە، تا ئەوەی ماوە بیکات تەواوی بکاتو هەڵەو لاوازییەکانی پینە بکاتەوە، زۆرێک لە تاوانبارەکانی مەحکوم بە سێدارەکانیش لە زیندانەکاندا بدوێنە، هەمیشە ئاواتی هەلێک دەخوازن بگەڕێنەوە نێو ژیانی ئاساییو پینەی ئەو ڕۆژانە بە کاری چاکو خزمەت پڕبکەنەوە، ئەگەر بەمانا ئاینییەکەشی بێت، ڕەنگە هەر مرۆڤێکی تاوانکاریش هەر هەمان بۆچوونی هەبێت کاتێک لە قیامەتدا هەمیشە ئاواتی ئەوە دەخوازێت بۆ چەند ساڵێک بگەڕێتەوە نێو ژیانو ئیتر بۆ هەمیشە تاوان ئەنجام نەدات.

ئەوەی لەو دە خولەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووی پەرلەمانو لەدوای ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیریی بۆ تاووتوێکردنی بودجەوە گوزەرا، هیچ نەبوو جگە لە دووبارەکردنەوەی بێئیرادەییو دیسانەوە کوشتنەوەی پەرلەمان بوو لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانو زۆرینەی پەرلەمانتارەکانییەوە، دەرکەوت پەرلەمانتارە بەسەرچووەکانی ئەم خولە چەندە خۆیان بە ڕۆتینیاتی خۆدەربازکەرەوە خەریک دەکەن، پرسیارەکانی ئارێز عەبدوڵڵا سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیرییو پەیوەندییەکان لەپەرلەمان بوون، بەڵام واقیعێکی تاڵی بەهەدەردانی پارەیان لێدەخوێنرایەوە، کەچی هێشتا حکومەتو وەزارەتی ڕۆشنبیریو وەرزشو لاوان دێڕێک بەرگریان نەکردبوو، چەندین پەرلەمانتار ئاگریان تێبەربوو، کەوتنە ڕەتکردنەوەو وەڵامدانەوەی توندی سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیریی، وەک ئەوەی پەرلەمانتارێکی لیستی زەرد بە سەرۆکی پەرلەمانی وت: «نابێت ئەو پرسیارانە وەڵامبدرێنەوە، چونکە ئەوە ئیستجوابە نەک تاووتوێکردن»، لەوەش سەیرتر تەنانەت هەندێک لە لیژنەکەش ترسیان لێنیشتو وتیان ئەوە هەندێکی ڕاو پرسیاری ئێمە نییە، سەرۆکی پەرلەمانیش وەک جاری جاران بە پێکەنینە بکوژەکانی ڕێگای زۆر لە گفتوگۆکانی گرتو تاووتوێکردنی بابەتەکەی بۆ جارێکی دیکە کوشت، وەک چۆن جارێکی دیکەش ڕێی گرت لە پەرلەمانتارەکان پرسیارەکانیان لە سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکان بکەن، بۆ ڕۆژێکیش ئەو سەرۆکە ئامادەنەبوو بە مانای لێپێچینەوە سەرۆک یان وەزیرێک بهێنێتە سەکۆی پەرلەمانەکەیو لە بەهەدەردانی پارەی ئەم خەڵکە بکۆڵێتەوە.

هەندێکی دیکە لە پەرلەمانتارەکانیش (لە حزبە بە حساب ئۆپۆزسیۆنەکان)، لەسەر کورسییەکانیان تەکانیان نەخواردو بۆ جارێکیش بێت نەیانوت: برادەرینە ئەم پرسیارانە هی هەرکەسو لیژنەیەک بن مەنتیقینو دەبێت بکرێن، ئاخر مەعقولە وەزارەتی ڕۆشنبیریی، کۆمپیوتەر بەکرێ بگرێتو پارەیەکی باش لەوەدا بەهەدەر بدات! ئاخر دەکرێت چەندەها ملیۆن دینار بەناوی جۆراوجۆرەوە خەرجکرابێتو تەنیا بەوە لێبگەڕێن بنووسرێت (مصروفاتو مصروفات اخریو مواد لازمەو ...تاد).

ئەو پەرلەمانتارانەی حیزبەکانی وەک یەکگرتوو و کۆمەڵو سۆسیالیستو زەحمەتکێشان جگە لە پێکەنین لەو دانیشتنەدا هیچیان پێنەکرا، تەنیا تاڤگە فایەقی یەکگرتوو نەبێت کە ئەویش مەحکوم بوو بە وەڵام، چونکە ئەندامی لیژنەکە بوو.

لەکوێی دنیادا هەبووە پەرلەمانتار بتۆقێت بە پرسیاری بەدواداچوونو تاووتوێکاریدا! لەکام فەرهەنگی پەرلەمانێکی کارادا هاتووە پەرلەمانێک چوار ساڵ بڕواتو تەمەنێکی دیکەشی بدەیتێ بۆئەوەی خۆی جوان بکاتەوە، نەتوانێت بۆ جارێکیش بێت بڵێت حکومەت ستۆپ، ئەم پارەیە لە چیدا خەرج دەکەیت!؟ نەتوانێت دوو قاسەی حکومەت یەکبخاتەوە! کاری پەرلەمان لە لێپێچینەوەو چاودێریکردنی حکومەت زیاتر چییە؟!

لەڕاستیدا ئیتر ئەو پەرلەمانتارانە ناتوانن لێپێچینەوە بکەن، چونکە سەرۆکی پەرلەمانەکە هیچ جۆرە ئامادەگییەکی لەوشێوەیەی نییە بۆ لێپرسینەوە لە حکومەت، دەی ئەوە ئەرکی ئەویشە کە لە سەرکردایەتیی حیزبەکەیەوە دیاریکراوەو هاوپەیمانی سەرۆکی حکومەتەکەشە، بۆیە ئیتر پەرلەمانتارەکانیش هەر تەقلیدی پێشڕەوەکەیان دەکەنەوە.

جاران دەمانوت با پەرلەمان بڕوانێتە پەرلەمانە دیموکراسییەکانی ئەوروپا، ئەوان دەیانوت ئەم کۆمەڵگایە زۆری ماوە بگاتە ئاستی ئەوێ، بەڵام ئەمڕۆ دەکرێت بڵێین سەرۆکو پەرلەمانتارانی کوردستان بڕواننە ئەیاد سامەڕاییو پەرلەمانتارە سەدریو فەزیلەییو تەوافوقییەکانی عێراق، دوورنییەو دۆخیش ئاسایی نییەو چالاکیشن، سەرۆکی پەرلەمانی ئەوێ سەرۆک وەزیرو وەزیرەکانیشی دەخاتە ژێر پرسیارەوەو وەزیرێکیش دەنێرێتەوە ماڵەوە، تۆ بڵێی ئەزموونەکەی ئەوان مەترسی لەسەر نەبێت!!

پێموایە هیچ لایەنێک ئەوەندەی پەرلەمانتارو سەرۆکەکەیان پەرلەمانیان نەکوشتووە، سەرۆکو پەرلەمانتارەکانی ئێمە لە پەرلەمانەکەی مەحمود مەشهەدانی دەچن تا ئەوەی سامەڕایی، ئەوەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا بۆیان جێهێشتین کارەسات بوو، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە کارەساتەکەی ئەوان زۆرێکی هوشیارکردەوەو تێگەیشتن کە ئەوان چۆن نوێنەرێکی خەڵکن!! لە چوار ساڵی تەمەنو ئەو بڕە زیادکراوەشدا ئەوان لێپێچینەوەیەکیان نەکردو نەکرد، تەنانەت دوای تەواوبوونی یارییەکەش ئەوان هەر خەریکی دەرکردنو پیاچوونەوەی ئەو یاسایانەن کە حکومەت هێشتا زۆرێکیان کارپێناکات.

لەبەرئەوە ببوورن زۆرینەی پەرلەمانتارانی «ماوەبەسەرچوو»، ئێوە یارییەکەتان دۆڕاند، لەکاتی زیادکراویشدا هێشتا بیرتان لای خانەنشینیو مووچەو حیزبەکەتانە، بۆ ساتێکیش بیرێک لە هاوڵاتییانی بێدەرەتان ناکەنەوە.

# بێ هەڵوێستیی ڕۆشنبیران!!

ئاوات عەبدولڕەحمان

لەسەر تێڕوانینەکانی ڕۆشنبیر (ڕێبین هەردی)و کارەکتەرێکی دژ بە بێدەنگی، ئێمەی خوێنەرانیش وەک چۆن دەبێت بێدەنگ نەبین لەئاست کەموکوڕیو نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیو سستی بەرەوپێشچوونی ئاستی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگاو... هتد، دەبێت لە بەرامبەر ڕۆشنبیرانو شاعیرانیشدا بێدەنگ نەبین وەک چۆن داوای ڕوونکردنەوەو لێپرسینەوەو هەڵسەنگاندنی بارودۆخ لە کەسە حیزبیو سیاسییە دەگمەنەکان دەکەین، پێویستە هەر ئاواش داوا لە نووسەرانو ڕۆشنبیرانو شاعیرانو تەنانەت گۆرانیبێژەکانیش بکرێت، وەک چۆن (ڕێبین هەردی) دەڵێت لایەنگریکردن بەمانای ئینتیمابوون بۆ حیزبو ڕێکخراوەکانی سیاسیو کار بۆکردنیان نا، بەڵکو لایەنگریی بەرامبەر بە یەکسانیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو نیشتمانپەروەریو پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی کۆمەڵگاو دابینکردنی خۆشگوزەرانیی بۆ کۆمەڵگاو بزواندنی بزووتنەوەی نیشتمانی، نەک لایەنگریو ئەرکی گروپو نوخبە، بەڵکو ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە لایەنگربێت.

هەروەک چۆن دەنگدەدەین بە ڕێکخراوو لیستو حیزبەکانو کاتێک لەئاست خواستو داواکارییەکانی کۆمەڵگادا نین، گلەییو ڕەخنەو داوای لێپرسینەوە دەکەین، ئاواش بە کڕینی کتێبەکانیانو خوێندنەوەی نووسینەکانیان، دانیشین بەدیار شیعرە خەیاڵییەکانیانو گوێگرتن لە گۆرانییە دڵڕفێنەکانیان، دەنگ بەوانیش دەدەینو ئێمەین درێژەپێدەری کارەکانیان، ئەگەر وانەبێت ئەوان بۆ بەرهەمەکانیان بە زمانەکانی جیا لە کوردی ئیکسپۆرت ناکەن، چونکە نەک تەنیا قوتی ڕۆژانەی خۆمانو منداڵەکانمان لەوپێناوەدا سەرف دەکەین، دەبێت کاتێکی باشو بەسوودی ژیانمان لەوپێناوەدا تەرخانبکەین، بگرە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، ئەوانمان بەو بەرهەمانە ناسیوە کە لایەنگری کۆمەڵگا بوونو خۆشەویستیمان بۆیان سەرفکردووە، لەسەر دەستی ئەوان جوانیو پاکییەکان لامان خۆشەویست کراونو ناشرینییەکانیش بێزارو قێزەون بوون.

تەنانەت لەسەر دەستی ئەوان گیان بەختکراوەو خوێنمان ڕشتووە بە هێندەی ئەوەی بە فەرمانی سەرکردەکان گیان بەختکرابێت.

کەواتە ئەگەر کتێبوناميلکەو کاسێتەکانی ئەوان بەشێوەیەکی ئەندازەیی لە ماڵەکانی ئێمەدا دابەش نەبووەو هەڵنەگیراوە، دەبوایە ئێستا لە شاردا ڕێگا بە ڕێبوار نەکەوتایە، ئەوانیش دەبوایە لە شوێنێکدا کۆتایی بە بەرهەمەکانیان بهاتایەو ڕابووەستانایە، کەواتە ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە هیچکام بێئەوی دیکە ناتوانێت درێژە بە بوونی بدات.

بۆیە هەقمان لای ئەوانیشە لەپێناو بەفیڕۆنەچوونی داهاتە مادییەکانمانو کاتە بەنرخەکانمانو ئەو ئازارو خوێنەی لەسەر دەستی ئەوان بەخشیومانە، پێویستە داوای هەڵوێستیان لێبکەینو لایەنگرین لە بەرەی میللەتو کۆمەڵگا بە گشتی، چونکە ئەو گۆڕانکارییو بەرەوپێشچوونی سیستمی سیاسیو بە دامەزراوەییکردنەی داوا دەکرێت، کارێکی سەرپێی نییەو بە تەنیا گروپو ڕێکخراوێک ناکرێت، کارێکی تەکنیکی نییە بە گۆڕانی کەسو دەسەڵاتو ئەندام پەرلەمانەکان بەئەنجام بگات، بەڵکو گۆڕانکارییەکە دەبێت لەسەر دەستی ڕووناکبیرانو خاوەن فیکرو پرۆژەدا بێتەدیو ببێتە بەرنامەو کاری دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، هەموو لایەک بە دەسەڵاتی سیاسیو گروپی ڕەخنەو فشارو کۆمەڵگا لێی سوودمەندبین، نەک چاوەڕوانی تۆڵەو زەرەری بۆ هیچ کەس لێبکرێت.

بۆیە دەبێت ئەوانیش هەڵوێست وەربگرنو بە نووسینو شیعرو لێکۆڵینەوەو گۆرانییەکانیان، نیشتمانمان لا خۆشەویست بکرێتو مانای خۆشگوزەرانیو دادپەروەرییو پیشاندانی ڕێگای ڕاست، ئەم گۆڕانکارییانەمان پێ بناسێنن و بە ڕووە گەشو جوانەکانو هونەرو ئەکادیمیانەی سیاسەتمان ئاشنابکەن.

دەنا جیاوازیی ڕۆشنبیرانو نووسەرانو شاعیرو گۆرانیبێژەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی بێباک بەرامبەر بە کۆمەڵگا چییە؟



# دروستبوونی رای گشتیی بۆ پرۆسەی گۆڕانکاریی

ئاراز عەبدولڕەحمان

وەک چاوەڕواندەکرێت هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان گەرموگوڕییەکی زۆر بەخۆیەوە ببینێت، ئەویش پاش ئەوەی ساڵی (٩٢)، لەهەلومەرجی ناسەقامگیری دوای راپەڕین یەکەمین هەڵبژاردنی پڕ لەخەوش‌و خروقات ئەنجامدرا، لەساڵی (٢٠٠٥)یشدا لەدوای نەمانی رژێمی بەعس دووەمین هەڵبژاردن ئەنجامدرا، ئەویش بەقۆناغی ئینتیقالی ناوبرا، چونکە یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردن یاخود تاقیکردنەوەی دیموکراسی پاش رژێمێکی دیکتاتۆری بوو، بەڵام ئێستاو پاش ئەو قۆناغانە پێدەچێت هەڵبژاردنی ئەمساڵ ببێتە ئەزموونێک بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە بەقۆناغی دوای ئینتیقالی دادەنرێت، ئیتر دەردەکەوێت حکومەتێکی دیموکراسی پێکدەهێنین دوور لەخروقات‌و فشاری دەسەڵات بۆسەر هاوڵاتییان بۆ گۆڕینی ئاراستەی سیاسییان، دوور لەئەنجامی هەڵبژاردنی لەسەدا سەدو نەوەدەکانی وڵاتانی عەرەبی‌و دراوسێکانمان، ئایا حکومەتێکی دیموکراسی پێکدەهێنین یان مەیلی سیاسیمان بەرەو تاکڕەوی پاڵمان دەنێت؟

### ئاسۆی گۆڕانکاریی

لەهەمووی گرنگتر ئەمڕۆ لەکوردستان پاش تێپەڕبوونی (١٨) ساڵ بەسەر خۆبەڕێوەبردنی ئیدارەی کوردی لەکوردستانداو پاش تێپەڕبوونی میللەتی کورد لەکوردستانی باشوور بەچەندین هەورازو نشێوو کە بەدەست ململانێی حیزبایەتی هەردوو گەورەحیزبەکەی کوردستان، کە هەر لەسەرەتاوە ناکۆکی بووە دیارترین هۆکارەکانی نێوانیان کە بناغەی ململانێیەکی زۆر قوڵ‌و پڕ لەخوێنی لەنێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا دروستکردو پاش ئەوەی ناکۆکیەکانی خۆیان لە ئەمڕۆدا کپکردووە بۆ سبەینێیەکی نادیار، هەردوو پێکەوە دەستیان گرتووە بەسەر داهاتی کوردستاندا، بۆیە خەریکە هەموو ئەمانە دەبنە هۆکارێک بۆ دەرکەوتنی ئاسۆیەکی نوێ لەهزری سیاسی خەڵکی کوردستانداو دەرکەوتنی رای گشتیی زۆرینە لەسەر ئەو بێڕێزییەی

کە لەساڵانی رابردوودا بە تاکی کوردی کراوە لەسەر دەستی ئەم دوو حیزبەی کوردستان. هەر لەشەڕی براکوژیی شاخ تادەگاتە شەڕی ناوخۆ، تا دەگاتە ئێستاو دەستگرتن بەسەر داهاتی میللەتداو خەرجکردنی بۆ چەند کەسێکی دیاریکراوی حیزبی‌و پاوانکردنی دەسەڵات‌و جێبەجێکردنی بەمیزاجی شەخسی کە هەموو ئەمانە بوون بەهۆکار بۆ دروستبوونی مەیلێک بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا.

### رای گشتیی بۆ گۆڕانکاریی

ئێستا دیاردەی بێمەنتی دەسەڵات بەرامبەر بەمیللەت بەڕوونی دەردەکەوێت، ئەمەش بەتایبەت پاش چەند رۆژی رابردوو بەدەرکەوت کە چەندین ساڵە میللەت لەکوچەکانەوە دێنە سەرجادەو داوای خزمەتگوزاریی دەکەن، لە هەمانکاتدا لەلایەن پۆلیس‌و ئاسایشەوە لێیاندەدراو بەفیشەک وەڵامیان دەدرایەوە، بەڵام ئێستا لەماوەیەکی زۆر کەمدا حیزب حکومەت بەکار دێنێت‌و کەوتوونەتە خۆیان‌و بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەلێشاو پارە دەڕێژن، بۆیە پرسیاری جەوهەریی خەڵک ئەوەیە، ئایا تائێستا ئەم برە زۆرەی پارە لەکوێدا شاردراوەتەوە؟ ئەی ئەگەر لەساڵانی رابردوودا بودجەو پارە نەبووە ئێستا ئەم هەموو پارەیە چییە وا خەرج دەکرێت‌و لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا بەکاردێت؟

بۆیە ئێستا هەستدەکرێت لەنێو ویژدانی تاکی کوردیدا رای گشتیی بۆ پرۆسەی گۆڕانکاریی لەچوارچێوەیەکی فراواندا لە حکومڕانی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان لەدروست بووندایە.

پێشووتر ئەم حاڵەتە بەپەرتەوازەیی لەنێوان کۆمەڵە بچووک‌و خۆڕسکەکاندا هەبووە، وەک سەرنشینانی تاکسیەک یان لەنێو چاخانەیەک یان لەگروپە خوێندکارییە لۆبیکارەکاندا، بەڵام لەبەرئەوەی رێکخراو نەبووەو ئامرازەکانی تەعبیرکردن لەوڕایە نەبووە، یان کەم رێگا هەبووە بۆ دروستبوونی رای گشتیی، هەربۆیە

**پرسیاری جەوهەریی خەڵک ئەوەیە، ئایا تائێستا ئەم برە زۆرەی پارە لەکوێدا شاردراوەتەوە؟ ئەی ئەگەر لەساڵانی رابردوودا بودجەو پارە نەبووە ئێستا ئەم هەموو پارەیە چییە وا خەرج دەکرێت‌و لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا بەکاردێت؟**

ئەم رایە لەنێو هەناوی تاکەکاندا پەنگی دەخواردەوەو هەندێکجار توندوتیژی لێدەکەوتەوە بەتایبەت لەخۆپیشاندانەکاندا، مەترسیدارترین حاڵەت ئەوەیە کە رای زۆرینە لەنێوان خەڵکیدا دروست ببێت، بەڵام ئەو رایە پەنگبخواتەوەو دەروازەیەک نەبێت بۆ دەرچوونی، کە زۆربەی کات ئەم حاڵەتە بەتوندوتیژیی کۆتایی دێت. بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی دەروازەیەک کراوەتەوەو بەشێوەیەکی رەسمیی گۆڕانکاریی لەڕێگەی بەئۆپۆزسیۆن بوونەوە خۆی دەکات بەپەرلەمانی کوردستاندا، ئیدی ئومێدێک دەبەخشێت بەو کەس‌و لایەنانەی کە چەندین ساڵە نەیانتوانیوە گوزارشت لەبیرو بۆچوونێکی جیاواز بکەن‌و رای خۆیان دەرببڕن، بۆیە هەرجارەو بەبیانوویەک یان بەتۆمەتێک تۆمەتبار دەکران‌و کپ دەکرانەوە. بەڵام ئێستا ئەو گلەیی‌و گازندانە بەرگێکی رەسمیی بەبەردا دەکرێت‌و دەبێتە کۆی دەنگی ئەو

نارەزاییانەی کە تەنانەت نێو خودی حیزبە سیاسییەکانیشی گرتووەتەوە.

### راگەیاندن‌و پرۆسەی گۆڕانکاریی

لەئەرکەکانی راگەیاندن ئەوەیە کە ماناکانی مافی مرۆڤ‌و ئازادیی رادەربڕین‌و پێدانی هەواڵ‌و زانیاری بەشێوەیەکی دروست بگەیەنێت بەوەرگرو ئازادی گەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاریان بۆ فەراهەم بکرێت، بۆئەوەی هەواڵ‌و زانیاری وڵات بەشێوەی رەسمیی بگات بەوەرگر، نەک بەشێوەی پڕوپاگەندە.

زەمینە سازکردن بۆ خەڵکی بۆئەوەی هەست بەئەرک‌و مافی خۆی بکات کە ئەمەش یەکێکە لەئەرکەکانی راگەیاندن بەگشتی.. ئەمانەو چەندانی دیکە ئەرکی راگەیاندنن، بەڵام لەکوردستاندا لەبەرئەوەی کەشی حیزبی زاڵبووە بەسەر هەموو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆیە دەزگاکانی راگەیاندنیش بێبەش نەبوون لەدەستتێوەردانی حیزبی تەنانەت بەجۆرێک کە دەزگاکانی راگەیاندن تەنیا موڵکی حیزب بوون یان موڵکی هەندێک لە سەرکردەکانی حیزب بوون‌و ناوی بێلایەنیان لێنراوە. بۆیە هەمیشە ئەو پەیامەیان بەوەرگر داوە کە خۆیان ویستوویانە نەک ئەوەی کە لەواقیعدا هەیە، لەبەر ئەوە هەرزوو بۆشاییەک لەنێوان خەڵک‌و حیزبدا دروست بووە لەساڵانی رابردوودا تارادەیەکی باش رەهەندییەکان توانیان لەم سپەیسی نێوان حیزب‌و خەڵکەدا خۆیان دەربخەن‌و تۆزێک متمانە بگەڕێننەوە

بۆ وەرگر تائەو کاتەی رۆژنامەی (هاوڵاتی) دەردەچێت‌و بەدوای خۆیدا چەندین رۆژنامەو گۆڤاری ناحیزبی دێنێت بووە هۆی ئەوەی توانییان وەک راگەیاندنی ئەهلی دەورێکی کاریگەر ببینن لەدروستکردنی رای گشتیی‌و پرۆسەی گۆڕاندا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دوو زلحیزبی کوردستان جەنگێکی تۆمەتبارکردن دژ بەوجۆرە میدیایە دەستپێبکەن. دەکرێت بڵێین کاریگەری راگەیاندنی ئەهلی کاتێک دەرکەوت کە دەسەڵات تەنگەتاو بوو هیچ توانایەکی سانسۆرکردنی نەما نە لەڕێگەی لێدان‌و هەڕەشەکردن‌و نەلەڕێگەی زیندانیکردنەوە تەنانەت کار گەیشتە سەر پاکتاوی جەسەدی رۆژنامەنووسان‌و هیچیشیان بۆ نەماوەتەوە تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئەم حاڵەتە بکەن بەمەکرەمەی دەسەڵات بۆ ئازادیی رادەربڕین. لەبەر ئەمانە ناکرێت ئەرکی راگەیاندنی ئەهلی لەبەرچاو نەگرین لەپرۆسەی گۆڕانکارییدا کە گەورەترین کاریگەری دروستکردووە لەسەر رای گشتیی.

### دەرئەنجام:

ئێستا پرۆسەی گۆڕانکاریی خەریکە دەبێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری‌و خەڵکی کوردستان ئومێدی چەندین ساڵەی بێدەنگی خۆی پێدا هەڵدەواسێت، بۆیە قورسایی ئەم بزووتنەوەیە پاش راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەردەکەوێت، بۆیە خەڵکی وا چاوەڕواندەکات ئەمجارە گەرموگوڕی بکەوێتە نێو هۆڵە ساردو سڕەکەی پەرلەمانەوە هەردوو زلحیزب نەتوانن بەئاسانی‌و بەبێ عارەقکردنەوە راسپاردەکانیان بکەن بەبڕیار. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە خۆیان بەنوێنەری راستەقینەی خەڵک دەزانن مۆدێلێکی نوێ بێننە نێو پەرلەمانەوە کە هەم خەڵک ئەوان بەنوێنەری خۆیان بزانن‌و هەم ئەوانیش لەئاست ئومێدەکانی خەڵکدابن.

arazdarbandi@gmail.com



# کەس بە بەڵێنەکانتان بڕواناکات

رەووف محەمەد ئالانی

ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەدیهاتووە هەڵقوڵاوی بارودۆخی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کوردستانە، هەموو کارکردن‌و بانگەشەیەک پێویستی بە پلان‌و بەرنامەڕێژی گونجاو هەیە، ئەگەر چاو بە پەیڕەوو پرۆگرامی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانەی ئەمڕۆی کوردستاندا بخشێنین لە پێش راپەڕین‌و سەردەمی شاخ‌و شۆڕش بانگەشەو ئاماژەیان بۆ ئازادیی‌و هەڵبژاردن‌و دیموکراسی‌و مافی وەک یەکی ژن‌و پیاوو دژایەتیکردنی چەوساندنەوەو ئازاردان بووە، بەڵام کە شاخ چۆڵ دەکەن‌و بە هیمەتی خەڵک راپەڕین دێتە ئاراوە، هەروا بە ئاسانی ناتوانن لەبەرچاوی خەڵکی کوردستان خۆیان لە بانگەشە کۆنەکانیان بدزنەوەو بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوت بکەن، بۆیە دەچنە ژێر دیعایەی سەردەم‌و

گفتە جێبەجێنەکراوەکان بە شێوازی گونجاوو لەبار بۆ مانەوەی دەسەڵات‌و هەیبەتی خۆیان کە کورسییەکانیان لەق نەکات بەکار دەهێنن یان پەنجا بە پەنجا واتە یەکسان لە دەسەڵات‌و دارایی کوردستاندا، پاشانیش کە چاوی برسیان لە سەروەت‌و کورسی تێژتر دەبێت یەکتر قبوڵ ناکەن‌و فشار بۆ یەکتر دەهێنن‌و شەڕی ناوخۆ بەرپا دەکەن، پاشانیش بە خەڵکی دەڵێن هەموو نەتەوەیەک بە قۆناغی شەڕی ناوخۆدا تێپەڕ بووەو بەدەست ئێمە نییە، لەپاش گونجانی هەلومەج بۆ باشترکردنی بنەماکانی دیموکراسی‌و ئازادی، خەڵک لەو ئاسودەییە بێبەش دەکەن‌و بەیەک لیست بەشدار دەبن تا بەو شێوازەی ئێستا بودجەو دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، سەیر لەوەدایە لەم زەمەنە خێرایەی هەزارەی سێیەمدا، لە هیچ کونج‌و قوژبنێکی دنیادا نییە

دوای هەژدە ساڵ لە حوکمڕانی‌و نادادپەروەریی بە خەڵک بڵێی دەنگم پێ بدەن‌و من لە خەڵک باشترم مەگەر تەنیا لە وڵاتە دیکتاتۆرو تۆتالیتارەکاندا بەوجۆرە بێت، سەیرە تۆ هەژدە نەوە بگۆڕی‌و نەتەوێت بگۆڕێیت، کە هەستیش دەکەن رکەبەری بەهێز لە بەرامبەریان هەیە، خێرا تەنگەتاو دەبن‌و هاواریان لێ هەڵدەستێ‌و دەست دەکەن بە نیشاندانی جادەو رێگاوبان‌و قوتابخانەو پرۆژەکان کە پێویست ناکات بە خەڵک بڵێی ئەمەم کردووە، باشە کە پرۆژەکە نیشاندەدەن بڕی بەهەدەردانی ئەو پارەیەش دیاری بکەن کە وەلانراوە، یان لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە دەڵێن بژێوی خەڵکی کوردستان لە بژێوی باشوور باشترەو فلان ئامار وای وت، بەڵام ناچێت سەیری بازار بکات بزانێت چەند منداڵ لە بازاڕ لەبەر بێ دەرامەتی کار

دەکەن‌و چەند گەنج خەریکی بۆیاخی پێڵاوی خەڵکن‌و چەند ماڵ کرێچین‌و ئەو تەلارو کۆشکانەی دروستدەکرێن هی کێن‌و منداڵی هاوڵاتییان چۆن ژیان بەڕێ دەکەن‌و جیاوازیان لەگەڵ منداڵانی بەرپرسەکاندا چییە؟ تا چەندە کۆمەڵگە ئاراستە کراوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی‌و شارستانی، تا چەندیش حیزبەکان دەستیان ناوەتە بینەقاقای کۆمەڵ‌و بەناوی رێکخراوی جەماوەری‌و دیموکراتی چەندە دەستیان ناوەتە قوڕگی ئازادیی‌و نەفەسی ئازادبوون‌و رێکخراوبوونیان بەرتەسک کردووەتەوە، کاتێک کە کەسانی ژێرو کادیرەکانی خۆیان باس لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات دەکەن، رێیان پێنادەن‌و دەریاندەکەن یان بە گێرەشێوێن‌و دەستی دوژمنانی کورد ناوزەدیان دەکەن، کە دێنە سەر باسی مەسەلەی چاکسازیش دەڵێن

لە دەرەوەی حیزب ناکرێت، باشە تۆ کە رێگر بی‌و گەورەترین کۆسپ لەبەردەم چاکسازی دابنێیت‌و چیت پێ بکرێ دژایەتی بکەی منیش دەڵێم ناکرێت، بۆیە وا باشە لە دەرەوەی تۆ ئەو کارە بکات، یان تۆ کە هیچ بەڵێنێکت جێبەجێنەکردووە لە بەرامبەر جەماوەردا جارێکی دیکە چی بەو جەماوەرە دەڵێیت؟ یان تۆ سۆسیال دیموکراتی‌و هۆزایەتی‌و تیرەگەرێتی‌و عەشرەتبازی دەکەیتە بەرنامەت‌و دەمانچەو مۆنیکا دەبەخشیتەوە تا دەسەڵاتت بەرقەرار بێت، ئایا ئیشی تۆیە وا لە خەڵکگەلێک بکەیت تا هەر بەدواتەوە بن‌و دەنگت پێ بدەن؟ بەڵام دڵنیابن تاسەر بۆتان نالوێ‌و خەڵک بەزۆر نای دەسەڵات‌و هێزی لەرزۆک‌و بەڵێنی بێت بەڵێنتان باوەڕ ناکات‌و ئەم زەمەنەش کۆتایی دێت‌و وادەی گۆڕان هاتووەو ژیان دەگۆڕێت.



# ...لنگەو قوچ...

پشکۆ ناکام

... دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی ئەوانەی بە (ناو)ی دەسەڵاتەوە قسە دەکەن‌و تەصریح دەدەن، لایانوایە خەڵکی کوردستان، گەر هەموو نەبێت، بەشێکی زۆری (لە گوێی گادا نوستوون)و ئاگاداری دونیا نین.. هەر لە گەرمەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەوە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستیپێکردووە، بۆ چەواشەکردنی خەڵک‌و گومان خستنەسەر بۆچوونی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک کە بەم دەسەڵات‌و حیزبانەی دەسەڵات (هەردوو جەمسەرەکە) هەرێم بە شێوەیەکی سیستماتیکی نابرێت بەڕێوەو لە ئاستی بەرپرسیارێتی گرتنەدەستی دەسەڵات نەبوون‌و نابن.. ئەوانەی بەناوی دەسەڵاتەوە قسە دەکەن، زوو زوو، باس لەوە دەکەن کە تەنانەت «ئەورووپای ڕۆژئاواو ئەمریکاش، حیزب دەوڵەت دەبات بەڕێوە» ئەمە ڕاستە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کام ـ حیزب ـ دەوڵەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەبات بەڕێوە، کام حکومەت لەسەر کارە؟ کام پارلەمان نوێنەری خەڵکە؟

ـ ئەو حیزبانەی دەوڵەتانی دیموکراسی دەبەن بەڕێوەو حوکم دەکەن، ئەو حیزبانەن کە خەڵک، بە لیستی کراوە، بە بەدواداچوونی بەرنامەی کارو پلانی ئایندە، دەنگیپێداون‌و لەهەر ئان‌و ساتێکدا ئەو حیزبانە لە بەرپرسیارێتی خۆیان لایانداو نەیانتوانی بەرنامە وەعد پێ دراوەکانیان جێبەجێ نەکەن، نارەزایی کۆمەڵانی خەڵک دەگاتە ئەو ئاستەی کە دەبێت (هەڵبژاردنی نوێ) بکرێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەو حکومەتە چەندە لەسەر حوکمە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان، هەژدە ساڵە هەر دوو حیزب، دەسەڵاتدارن‌و حاکمن‌و چۆنیان بوێت، بەو شێوەیە، بەو ڕێبازە هەرێم دەبەن بەڕێوە، گەر لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، قوربانییەکانی (ئەنفال) خۆپیشاندان بۆ نارەزایی لە وەزع‌و گوزەرانی خۆیان بکەن، بەبێ هیچ مەرج‌و پێشەکیەک، دەبێت (حکومەت)و حیزبەکانی دەسەڵات دەست لەکار بکشێننەوە، چونکە لەئاست بەرپرسیارێتی نین..

ـ ئەو حیزبانەی دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواو ئەمریکا دەبەن بەڕێوە، لەسەر بنەمای سەرەکی دیموکراسی دەچنە پارلەمانەوە کە بنەمای حاکم‌و ئۆپۆزسیۆنە، جگە لە وڵاتە توتالیستە بەرەحمەت بووەکانی وەک سۆڤیەت‌و ئەڵمانیای ڕۆژهەلات‌و ڕومانیاو بۆگسلافیاو... هتد، هیچ نموونەیەکی دیکە شک نابەین کە لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بچێت بەوەی هەردووکیان هەم حاکم‌و هەم حاکمن!!

ـ دیارە تێگەیشتنی سیاسییەکانی دەسەڵات لە بەراوردکردنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم‌و دونیای ڕۆژئاوا، بە ـ لنگەو قوچ ـ یە، ئەگینا ئەو بەراوردەیان نەدەکرد.. لە سویدو لەدوای کوشتنی سەرۆک وەزیران ـ ئولوف پاڵمە لەساڵی ١٩٨٤ ـ تائێستا، کە دەکاتە ٢٥ ساڵ، سوسیال دیموکراتەکان ٣ سەرۆکی تازەیان گۆڕاوە: ئینگڤار کارل سۆن، یۆران پیتەرشۆن، ئێستاش (موناسالین)ە...

لە ئەڵمانیا چوارجار گۆڕاوە، لە ئینگلتەرا، لە فەڕەنسا... هتد.

بەڵام ئاخۆ دەستە خوشکەکەی سوسیال دیموکراتەکانی ئەورووپا، واتە ئەوەی هەرێم لە (٣٤) ساڵدا چەند سەرۆک، یان سکرتێری گشتیی گۆڕاوە؟

ـ بەراوردکردنەکانی ئەوانەی بە ناوی دەسەڵاتەوە، دەیانەوێت چەواشەی خەڵک بکەن لە زۆر لایەندا (لنگەو قوچ)ە، هەر بۆ نموونە ئەوان کە دەڵێن «هیچ حیزبێک نییە ڕێگەبدات ئەندامەکانی دەنگ بدەن بە بەرنامەو لیستی دەرەوەی حیزب»، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە کۆنگرەی سوسیال دیموکراتەکان بۆ دەنگدان لەسەر پابەندبوونی سوید بە دراو (عملە)ی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا کە (یۆرۆ)یە، زیاتر لە نیوەی بەشداران دژی ئەو بڕیارە وەستان‌و دواتر ـ کرۆن ـ هەروەک خۆی مایەوە، تەنانەت ئەوانەی کە نوێنەری وڵات‌و سوسیال دیموکراتی سویدبوون لە (پارلەمانی ئەورووپا) لە هەرە پێشی ئەو کەسانە بوون کە دەنگیان بە «دژ»دا... دواتریش ئەوانە نە لەسەر کارلابران‌و نە مووچەبڕاو کران!!!...

ـ چۆن دەکرێت بەروادی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان (ی.ن.ک)و (پ.د.ک) بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەورووپای پێشکەوتوو بکەین، کە ـ سەرۆک ـ لەسەر بنەماڵە تاپۆکراوەو نەک لە سەرووی حیزب، بەڵکو لە سەرووی میللەتیشەوەیەو هیچ یاساو بەرپرسیارێتی‌و لێپرسینەوەیەک نایگرێتەوە، بەڵام لە ئەورووپاو ئەمریکاش، تەنیا ـ قسەیەکی نەشیاو ـ بەسە بۆ ئەوەی سەرۆکی حیزب، دەست لەکار بکێشێتەوە، گەر لە وڵاتانی ئەورووپا، سەرۆک حیزبێکی دەسەڵاتدار، ڕۆژنامەنووسان بە «سەگ» ناو ببات، نەک هەر خۆی لە سەرۆکایەتی لادەبرێت، لەوانەیە، حیزبەکەشی لە دەسەڵات بکشێتەوە...

ـئەو حیزبانەی بەشدارن لە دەسەڵاتی ئەورووپای ڕۆژئاوا، حکومەت‌و پارلەمان لەسەر بودجەی ـ خەڵک ـ بەخێو ناکەن، بەڵکو ئەو حکومەتە لەسەر بنەمای چەند پرنسیپێک، یارمەتی ـ ماددی ـ حیزبەکان دەدات، لە ئەورووپا، هەر حیزبێک، لابەلاو «لە ژێرەوە» پارەی بودجەی وڵات ببات بۆخۆی، دەدرێت بە دادگا، لە هەرێم‌و لای دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی، ساڵانە بەشێکی قەبەی قوتی خەڵکی کوردستان، برامان برایی‌و کیسەمان جیایی، لەناو خۆیاندا دابەشی دەکەن... لە ئەورووپا هەر هەموو کەسێک، لە پاشاو سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرو سەرۆک حیزب‌و خودی حیزبەکان، دەبێت ساڵانە جەردی داهات «Deklaration»ی خۆی بخاتەڕوو، دواکەوتنیشی، سزای لەدوایە، ئەمە چۆن بەراوردبکەین لەگەڵ دەستپاکی حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم!!

ـ لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکاش، گەر (تاوانبار)ێکی جەنگ، دەستگیر بکرێت، جگە لە پۆلیس‌و دادگا، هیچ کەسێکی دیکە بۆی نییە، چارەنوسی دەستنیشان بکات، لە هەرێم‌و لای حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بکوژی ٥ هەزار هاوڵاتی کورد بە ـ تەلەفۆن ـێک ئازاد دەکرێت، بەراوردکردنی حیزبی دەسەڵاتداری کوردی‌و ئەورووپی، سەبارەت بەم خاڵە لەچیدایە؟؟

ـ هیچ حیزبێک لە ئەورووپاو ئەمریکاو زۆر شوێنی دیکەش، ئەندامەکانی خۆی بانگ ناکات کە خۆی ساغ بکاتەوە، لە هەڵبژاردندا دەنگ بەکێ دەدات، هەر دەنگدانێکی زۆرەملێی، جۆرێکە لە تاوان‌و دەچێتە پرۆسەی یاساو دادگاوە..

ـ دەسەڵاتدارانی هەرێم، جۆرە هەڕەشەیەکیش دەکەن کە ئەگەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان لاوازبن ئەوا ئابووری هەرێمیش لاواز دەبێت‌و تووشی ئەزمە دەبێت‌و ئەمریکاش بە نموونە دەهێننەوە کە (ئەو ئەزمە ئابوورییەی تێیکەوتووە، دەرئەنجامی لاوازبوونی حیزبە!!)، بەڵام پێمان ناڵێت لاوازبوونی کام حیزب، دەسەڵاتدار یان ئۆپۆزسیۆن!

دیارە باسی ئەمە ناکەن، چونکە دووری هەردوو سیستمی حوکمڕانی ئەمریکاو هەرێم (گەر بکرێت بڵێین لە هەرێم سیستم هەیە) وەک دووری ئەوانەی بەناوی دەسەڵاتەوە قسە دەکەن‌و تێگەیشتنیانە لە ئەزمە ئابوورییەکانی ئەمڕۆی ئەمریکاو ئەورووپا..

ـ گرنگترین خاڵ کە وامان لێدەکات نەتوانین بەراوردی حیزبی دەسەلاتداری کوردی‌و ئەورووپی بەراورد بکەین، ئەوەیە کە لە ئەورووپا «یاسا سەرووەرە»و لە هەرێم «یاسا ژێروەرە»....

تێبینی: دیارە بەراوردکردنی، یان باشتروایە بڵێین لە یەک نەچوونی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم‌و ئەورووپا، باسێکە کە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام وەک «وتار» لەمە زیاتر، ڕەنگە لە فۆرمی وتار دەربچێت...

---

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەرێتی
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢

ژمارە: ٥٩٦/ب/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٦/١٤

ئاگاداری

داواکار/ محمد سعيد حمه خورشيد
داوا لەسەرکراو/ داود اول بى

بۆ داوا لەسەرکراو (داود اول بى) داواکار (محمد سعيد حمه خورشيد) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردویت بە ژمارە (٥٩٦/ب/٢٠٠٨) بە (گێڕانەوەی بڕی پارەی کرێ مولک) تایبەت بە موڵکی ژمارە ١٩٥/٧٢ م٨ ئابلاخ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمي) بە مەبەستی ئامادەبونت بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٧) بە پێچەوانەوە ئامادە نەبیت دادگا بە غیابی داواکە دەبینێ.

دادوەر
شكر سلطان عدو شاهين

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥

ژمارە/ ٢٠٣٢/ب/٢٠٠٨
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٠

ئاگاداری

داواکار/ جوان احمد زرنگ
داوا لەسەر کراوان/ صالح يحيى صالح و هاوبەشەکانی
بۆ/ هەردوو کەسی سێ هەم هێنراو بۆ ناو داواکە لە پاڵ داوا لەسەر کراواندا
١ ـ منيره صالح ٢ ـ کريم محمدبگ قادر

داواکار داوای ژمارە/ ٢٠٣٢/ب/٢٠٠٨ لەم دادگایە تۆمارکرد لەسەر داوا لەسەرکراوان کە تێیدا داوای نەهێشتنی کۆبەشی کرد لە موڵکی ژ/ ٥٦٧/٧١ کانی ئاسکان، دادگاش بڕیاری دا بە هێنانە ناو ئێو وەک کەسی سێ هەم لە پاڵ داوا لەسەرکراواندا، لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بونتان دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆوە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی بە پێچەوانەوە دادگا بە نائامادەبونتان دادبینی ئەنجام دەدات.

دادوەر
عبدالله اسماعيل أمين

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٤

ژمارە/ ٩٤٧/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٤

ئاگاداری

داواکاران/ ١ ـ ڕەوەز ڕێبوار حسين ٢ ـ ڕێبوار حسين عبدالرحمن
بۆ/ داوا لەسەرکراوان کە ئێستا شوێنی نیشتەجێ بونتان نادیارە
١ ـ هاوڕێ حسين عبدالرحمن
٢ ـ بەختیار حسين عبدالرحمن

ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/١٠ بڕیاری دەرکردووە بە نائامادەیی بەرامبەرتان بەلابردنی فرە بەشی لە موڵکی ژمارە ٧٧/١٩ م٨ ابلاخ لە ڕێگەی فرۆشتنیەوە وە دابەشکردنی بەهاکەی بەسەر هاوبەشەکاندا لەبەر ڕوشنایی وێنەی تۆماری موڵکەکەو بەشنامەی شەرعی ژمارە ١٢٢/قسام/٢٠٠٩ لەگەڵ لەئەستۆگرتنی تێچوونی داواکە ماندووبوونی پارێزەرێتی هەریەکەو بەپێی پشکەکەی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونتان نادیارە لەکاتی ئێستادا دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بڕیاری ئاماژە پێ کراو لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی جیاوازەوە بۆ تانەدانتان لە بڕیارەکە لە ماوەیی یاسایی بە پێچەوانەوە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
سالار رئوف محمود

---

## ونبوون

باجێکی زانکۆی سلێمانی ـ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بە ناوی سیروان ڕەسول سەعید ونبوە، تکایە هەر کەسێک دۆزیویێتەوە پێوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە.
لە گەڵ ڕێزماندا
٠٧٧٠١٩٢٦٧٠٣

---

وزارة العدل
نموزج رقم (٢٨) تسجيل العقاري
مديرية التسجيل العقارى العامة
دائرة التسجيل العقارى فى السليمانية الاولى
لجنة تثبيت الملكية فى چمچمال

«اعلان»

«طلب تسجيل عقار مجددا»

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتأريخ (٢٠٠٩/٥/١٣) لتسجيل تمام العقار التسلسل (٨١٠) محلة (كانسكان) بأسك (ورثه محمد احمدسيتەكى) مجددا بأعتباره حائزا له بصفة المالك للمدة القانونية، ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفق أحكام قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ قررنا إعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعي بوجود علاقة أو حقوق معينة على هذا العقار تقديم ما لديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما إعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الأعلان وكذلك الحضور في موقع العقار في الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لأنهاء مدة هذا الأعلان وذلك لأثبات حقوقه موقعيا في الكشف الذي سيجرى في اليوم المذكور لهذا الغرض.

جوان فاضل امين
مديرة دائرة تسجيل العقاري السليمانية الاولى

---

## ونبوون

فۆرمێکی خۆراک بەناوی (زەردەشت محمد محمود) ونبووە هەرکەسێک دۆزیبێتەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە: (٠٧٧٠١٩١٥٨٤٨)

---

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی‌و ڕیکلام‌و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# هاوپەیمانێتی لەبەر ڕۆشنایی وەحیو عەقڵدا

عەلی باپیر

## ئەڵقەی دووەم

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم تەوەرە سەبارەت بە هاوپەیمانێتیی دەبێت، بەتایبەت کە ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ لە وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان نزیک دەبینەوە، بەر لە دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردن بە پێویستی دەزانین لەڕووی تیۆریی و کردارییەوە تیشکێک بخەینە سەر هاوپەیمانێتی، ئێمە دەمانەوێت بزانین لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هاوپەیمانێتی هیچ بەڵگەو پاساوێکی شەرعیی هەیە؟ بەتایبەت هاوپەیمانێتییەک کە لەنێوان دوو بۆچوونی جیاواز، لایەنێکی ئیسلامیی و لایەنێکی عەلمانی یان نیشتمانیدا ببەسترێت، ئیسلامییەکان چۆن دەتوانن قەناعەت بەو کەسانە بکەن کە پێیانوایە ناکرێت دوو لایەنی ئیسلامیی و عەلمانیی یان ئیسلامیی و غەیرە ئیسلامیی پێکەوە کۆببنەوە؟

+ سڵاوی خوای گەورەت لێبێت بەڕێز مامۆستا

– وعليكم السلام ورحمة الله، سڵاو لە تۆش بێت.

+ بەڕێز مامۆستا لە دەروازەی بەرنامەکەماندا دەمانەوێت لە پێناسەی هاوپەیمانێتییەوە دەستپێبکەین، هاوپەیمانێتی چییە؟! هاوپەیمانێتیی بۆچی؟ بۆچی پێویستە خەڵکێک یان دوو و سێو چوار حیزب پەناببەنە بەر هاوپەیمانێتی؟ پاشانیش دەچینە سەر هاوپەیمانێتیی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

– **بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله وصلى الله تعالى وسلم وبارك على رسول الله محمد وعلى آله و صحبه و من اهتدى بهداه،** هاوپەیمانێتیی کە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (تحالف)ی بۆ بەکاردێت، یان (إتفاقية)، وشەی (حلف) لە زمانی عەرەبیدا واتە (پەیمان) کە بەو بەڵێنو پەیمانەیان وتووە، کە دوو کەس یان دوو تیرە یان دوو لایەن، یان زیاتر پێکەوە دەیبەستن، دیارە (تحالف) هەر لە وشەی (حِلْف)ەوە هاتووە لەسەر کێشی (تفاعل)، واتە (پەیمان پێکەوەبەستن)، لە زمانی کوردیدا ئێمە دەڵێین هاوپەیمانێتیی یاخود ڕێککەوتن، دیارە لەڕووی شەرعییەوەو لەڕووی عورفییەوە، هیچ ئیشکالێک نییە لەسەر ئەوە کە دوو نەفەر یاخود دوو لایەن، یاخود چەند لایەنێک بەیەکەوە پەیمان ببەستنو عەقدێکیان لەنێواندا هەبێت کە هەردوو تەرەف یان هەموو تەرەفەکان لەگەڵ یەکتردا بۆ هێنانەدی ئامانجێکی هاوبەش، یان ئامانجە هاوبەشەکان تێبکۆشن، ئەرکو مافیشیان لەنێواندا دابەش بکرێت، هەڵبەتە هەرکەسە بەپێی قەبارەی خۆی، ئەو مەسەلەی پەیمان پێکەوەگرێدانە شتێکی مەعهودە بە درێژایی مێژوو، هەر لەوکاتەوە کە بەشەریەت هاتووەتە نێو شارستانییەوە، کیانو قەوارە سیاسیو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای بەشەریی بەیەکەوە هەڵسوکەوتیان بووە، ئەو مەسەلەی پەیمان پێکەوەبەستنو ئیتیفاق پێکەوەکردنە، هەر بووە، لەڕووی شەریعەتی ئیسلامیشەوە لە بناغەدا ڕەوایە، بەڵام دیارە کۆمەڵێک ڕێساو یاسای بۆ دانرانو بەرەهایی بەرهەڵدا نەکراوە، بەڵکو چوارچێوەیەکی بۆ دانـراوە کە دەبێت بەوشێوەیە بکرێتو خۆ لە فلان شتە بپارێزرێت، ئەگەر فلان مەرجەی تێدا نەبێت ڕەوانییە، ئەگەر فلان شتەی تێدابێت، ئەوە حوکمەکەی بەوشێوەیە دەگۆڕێت، لەکاتی قوەتدا ئاوایەو لەکاتی بێدەسەڵاتیدا یان کەمهێزیدا بەوشێوەیەو... هتد، شەرعزانان قسەیان زۆر لێوە کردووە.

+ مامۆستا! بێگومان ئێمە باس لە هاوپەیمانێتیی سیاسی دەکەین، بە دیاریکراویش باس لە هاوپەیمانێتیی چوار حیزبەکە دەکەین، بێگومان ئێوە وەکو کۆمەڵی ئیسلامیی کە بەڕێزت ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیت، یەکگرتووی ئیسلامیش، بە دیدو تێڕوانینی جیاوازی خۆتان، ئیسلام وەکو مەبدەءو فیکر تەبەننی دەکەن، لەگەڵ دوو حیزب هاوپەیمانێتیتان بەست کە غەیری ئایینی پیرۆزی ئیسلام تەبەننی دەکەن، جا ئایا ئێوە بەڵگە شەرعییەکانتان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا چین کە دەتوانن دەستکراوە بن لە بەرامبەر ئەم هاوپەیمانێتییەدا؟ واتا ئێوە پشتتان بە چ بەڵگەیەک بەستووە لە ئایینی ئیسلامدا، چونکە ئەوانەی شوێنکەوتەی ئێوەن، بەڕاستی چاوەڕێی ئەوەن بەڵگەتان هەبێت بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە لەگەڵ دوو لایەنی جیاواز لە خۆتان؟

– پێشەکی دەمەوێت دوو مەسەلە ڕوونبکەمەوە کە یەکەم: ئەو دوو لایەنەی ئێمە ئەم لیستە هاوبەشەمان لەگەڵ دروستکردوون، بەیەکەوە پێشینەیەکمان هەبووە، هەر لەکاتی پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانو لەوەوپێشیش لەسەر گۆڕەپانی کوردستان ئاشنایەتیمان پێکەوە هەبووە، وەکو باقی لایەنەکانی دیکە، بەتایبەت ئەو چوار لایەنە بەیەکەوە هاوهەنگاویی و هاوهەڵوێستیمان هەبووە، هەموو لایەک ئاگادارن ئێمە کاتی خۆی یاداشتنامەیەکمان دا بە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەت، دوایی ئەو یاداشتنامەیەمان کردە پرۆژەیەکی چاکسازیی، دیسان بەشێوەی تایبەت دامان بە شوێنە بڕیاربەدەستەکان، دوایی ئەوە بوو لە قۆناغی سێیەمدا ئێمە ئەو پرۆژە چاکسازییەمان لە دووتوێی ڕاپۆرتێکدا بۆ ڕای گشتیی بڵاوکردەوە، دیارە لەوکاتەوە برادەرانی پارتیو یەکێتی بە تەنگەنەفەسیو گرژییەکەوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە ڕووبەڕووبوونەوە، کە پێموایە دوایی زیاتر بەسەر خۆیاندا شکایەوە، ئێمە ئاوا پێشینەیەکی بەوجۆرەمان پێکەوە هەبووە. ڕوونکردنەوەی دووەمیش: مەبەستمە ئەوەش بڵێم کە ئەو دوو لایەنە لەڕووی فیکرییەوە لەیەک جیان، هەرچی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانە، بە سکرتێریتی کاک محەمەدی حاجی مەحمود، کە چەندانجار تەئکیدی کردووەتەوە ئەوان خۆیان بە لایەنێکی عەلمانیی نازانن، دەڵێت ئێمە لایەنێکی نەتەوەیین، لایەنێکی نیشتمانین، بەڵام کاک قادر عەزیزو ئەو بەشەی زەحمەتکێشان کە لەگەڵیدا ماوەتەوە، ئەوان خۆیان بە عەلمانیی دەزانن، کەواتە: ئەو دوو لایەنە لەیەک جیان لەڕووی فیکرییەوە، واتە هەرکەسە پێویستە وەکو خۆی پێناسەی بکەین، وەکو ئەوەی کە خۆی دەیەوێت پێناسە بکرێتو خۆی دەناسێنێت، بەکورتی: ئەو لیستە هاوبەشەمان پێشینەی هەیە.

+ پێشینەیەکی کارکردن؟

– بەڵێ ڕەگو ڕیشەی پێشتری کارکردنمان پێکەوە هەیە، دیارە لەوانەیە پێویست بکات دواتر زیاتر تیشک بخەمە سەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام جارێ لەڕووی شەعییەوە جەنابت پرسیار دەکەیت.

+ بەڵێ.

– ئایا چ بەڵگەیەکی شەرعیی هەیە لەوبارەوە کە لایەنێکی ئیسلامیی یان چەند لایەنێکی ئیسلامیی لەگەڵ لایەنێکی غەیرە ئیسلامیدا هاوپەیمانێتی بکەن، جا هەر ئینتیمایەکی فیکریی هەبێت، یاخود کارێکی هاوبەش بکەن؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵگەی شەرعیی لەوبارەوە زۆرن، بۆ نموونە:

بەڵگەی یەکەم: وەکو زۆر جاری دیکە وتوومانە شەرعزانان هەموو لەسەر ئەو بنچینە شەرعییە یەکدەنگن کە پێویستە هەمیشە ئێمە کە دێینە نێو بازنەی هەڵسوکەوتو عادەتەکانەوە، ئەو بنچینە شەرعیەمان لەبەرچاوبێت، ئەگەر نا، دوایی هەر بەدەستی خۆمان خۆمان عاسێ دەکەینو زوڵمیش لە شەریعەت دەکەین، بنچینە شەرعیەکەش ئەوەیە کە دەڵێت: بناغە لە هەڵسوکەوتەکاندا دەستکراوەییە، **«الأصل في المعاملات الإباحة»**، یان (بناغە لە عادەتەکاندا بواردرانە)، « **الأصل في العبادات العفو**»، دیارە مەبەست لە عادەتو موعامەلات، هەڵسوکەوتی ئینسانەکانە لەنێو خۆیاندا، هەڵسوکەوتی ئینسانەکان لەنێو خۆیاندا ئەسڵو بناغە تێیدا دەستکراوەییو ڕەوایییە، واتە: هەموو جۆرە هەڵسوکەوتو عادەتێک ڕەوایە، مەگەر ئەوە کە بە دەقێکی شەرعیی قەدەغە کرابێت، بەپێچەوانەی عیبادەتەوە، کە «**الأصل في العبادات الحظر الاّ ما شرعه الشرع**» واتە: بناغە لە خواپەرستییەکاندا بریتییە لە قەدەغەکران یاخود ڕێلێگیران، مەگەر ئەوە کە شەرع ڕێگای دابێت، واتە بەپێچەوانەی حاڵەتی یەکەمەوە، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەوە کە عیبادەت بریتییە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خوا (**سبحانه وتعالى**)داو خواش بەس بۆ خۆی دەزانێ دەبێت چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەیت؟ چۆن بەندایەتی بۆ بکەی؟ چۆن ئیمانی پێ بهێنیت؟ چۆن بیپەرستیت؟ چۆن یادی بکەیت؟ ئەوە هەر خوا دەیزانێت، لەبەرئەوە هەر ڕێیەک خوا دیاریی نەکردبێت لە بواری پەیوەندیی لەگەڵ خوادا کە پێی دەوترێت عیبادەت، قەدەغەیە، بۆیە هەرشتێک لە بواری عیبادەتدا زیادبکرێت، بە داهێنراو (بدعة) لەقەڵەمدەدرێت، بەپێچەوانەی عادەتو هەڵسوکەوتەکانەوە کە ئەسڵ تێیاندا داهێنانە، بۆیە هەندێک لە شەرعزانان وتوویانە: «**الأصل في المعاملات الإبداع**»، ئەسڵ لە هەڵسوکەوتەکاندا بریتییە لە داهێنان، «**والأصل في العبادات الإتّباع**»، بناغە لە عیبادەتەکاندا بریتییە لە شوێنکەوتن، واتە شوێنکەوتنی شەرع، کەواتە: ئێمە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین هاوپەیمانیکردن لەگەڵ لایەنێکی غەیرە ئیسلامیدا ڕەوایە، ئەوەندە بەسە کە هیچ دەقێکی شەرعیی لەسەر ناڕەوابوونی نەبێت، ئیدی ئەوکاتە مانای وایە لەسەر ئەسڵی خۆی کە ڕەوایی (إباحة)یە ماوەتەوەو پێویستیمان بە بەڵگەهێنانەوەی دیکە ناکات، ئینجا کە دەڵێین: غەیرە ئیسلامی، بەڕاستی دەمەوێت کە هیچ کەس بە هەڵەدا نەچێتو بزانێ مەبەستمان ئەوە نییە کە حوکمی نامسوڵمانەتیی بەسەر تاکەکانی ئەو لایەنانەدا بدەین، چونکە مەرج نییە ئەو کابرایە کە دەڵێت: ئیسلامیی نیم! لە زاتی خۆیدا نامسوڵمان بێت، بەڵێ مەرج نییە، کە تۆ وتت ئەوە لایەنێکی غەیرە ئیسلامییە، یەکسەر لە بازنەی ئیسلامت بردبێتە دەرەوە، بەڵکو ئەو لایەنە خۆی لەژێر لافیتەی ئیسلامیدا نابینێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەر کەسێک خۆی وەکو لایەنێکی نەتەوەییو نیشتمانیی ناساند، لەگەڵ ئیسلامدا تێک بگیرێت، چونکە لایەنی نەتەوەییو نیشتمانیش بەشێکە لە مسوڵمانەتییو لە دینداریی، منێکی ئیسلامیش لایەنی نەتەوەیی خۆمم هەیەو لایەنی نیشتمانیی خۆمم هەیە، ئینجا خوای پەروەردگار هەموو شەریعەتەکانی خۆی ناردووە بۆ بەختەوەرکردنی خەڵکو ئینسانەکان، ئینسانەکان دابەش دەبنەوە بۆ نەتەوەو بۆ تیرەو هۆزەکان، لەڕووی جوگرافییەوە دابەش دەبن بۆ چەند نیشتمانێک، کەواتە سەرئەنجام ئێمە پێویستیمان بە نیشتمانێک هەیە چالاکیی تێدا ئەنجام بدەین، پێویستیمان بە چوارچێوەی نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەیەکە کە کارەکەمانی تێدا ئەنجام بدەین، مانای وایە خۆپێناسەکردن بە لایەنێکی نیشتمانی یان نەتەوەیی، دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ مسوڵمانەتیدا، چونکە ئیسلام لایەنی نیشتمانو نەتەوەشی تێدایە، بەڵام دیارە بە ڕێکوپێککراویو بە سنوور بۆدانانەوە، وەکو زۆر جار وتوومە ئێمە لەگەڵ نەتەوەدۆستیداین، بەڵام لەگەڵ نەتەوەپەرستیدا نین، نیشتماندۆستین، بەڵام نیشتمانپەرست نین، ئێمە نیشتمانو خەڵکو نەتەوەی خۆمان خۆش دەوێتو بە عیبادەتی دەزانین خزمەتیان پێبکەین، بەڵام نیشتماندۆستیی جیادەکەینەوە لە نیشتمانپەرستیی، ئێمە لەگەڵ وەتەنیەت (وطنية)ین، بەڵام لەگەڵ وەسەنیەت (وثنية) نین، نیشتمانو وڵاتی خۆمانمان خۆشدەوێت، بۆچی؟ چونکە ئێمە هەر دینو فیکرەیەکمان هەبێت، سەرئەنجام دەبێت سەرزەمینو خاکێکمان هەبێت ئەو دینو فیکرەیەی تێدا پیادەبکەین، پاشان خۆشویستنی خەڵکو خاکیش شتێکی خوارسک (فطري)ەو هەموو مرۆڤێک هەیەتی، کەواتە ئەوەش گرنگە بزانرێت کە ئێمە وەکو دوو لایەنی ئیسلامیی مەرج نییە لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ ئەو دوو لایەنە کە هاوپەیمانیمان لەگەڵ کردوون، یان لیستێکی هاوبەشمان لەگەڵ دروستکردون، یان لەگەڵ هەر لایەنێکی دیکەشدا کە بەیەکەوەش نین لەم لیستە هاوبەشەدا، مەرج نییە لەگەڵ هەموو شتێکیاندا تێک بگیرێین، ئێمە بە تەئکید لەگەڵ ناشەرعیەکانی هەر کەسێکدا تێک دەگیرێین، ئەگەر خۆشمان بێت، بەڵام تەنیا لەگەڵ شتی ناشەرعیدا تێک دەگیرێین، ئەگەر نا، ئێمە خاڵی هاوبەشمان خۆ هەر لەگەڵ ئەو دوو لایەنەدا نییە، ئێمە چەند ساڵە لەم وڵاتەدا لەگەڵ پارتیو یەکێتیو باقی لایەنەکانی دیکەدا هاوکاربووین، هاوپەیمانیمان لەگەڵیاندا هەبووە، ئێستاش هاوکارین، لە وڵاتێکداینو یەک پرۆسەی سیاسیی کۆماندەکاتەوە، یەک ئەزموونو وڵات هەموومان کۆدەکاتەوە، خۆ مانای وانییە کە تۆ لە چەند ڕوویەکەوە بیروبۆچوونت جیایە، لە هەموو ڕوویەکەوە جیای، تەنانەت خوا (سبحانه وتعالى) بانگی جولەکەو نەسرانییەکان دەکاتو دەفەرموویێت: (يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ)، آل عمران –٧١–، واتە: ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی حەقو باتڵ تێکەڵ دەکەن؟ واتە شتی ڕاستتان پێیە، بەڵام لەگەڵ شتی ناڕاست تێکەڵی مەکەن.

بەڵگەی دووەم: بەڵگەیەکی دی ئەوەیە کە ئێمە کاتێک تەماشای سیرەو ژیانی پێغەمبەر (د.خ) دەکەین، دەبینین هاوپەیمانێتیی کردووە لەگەڵ ئەوانە کە غەیری خۆی بوون، غەیری خۆی واتە غەیری پێغەمبەر (د.خ)، کە ئەوکاتە پێغەمبەر یەکسان بووە بە ئیسلامو هەرکەسێک لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) نەبووبێت، مسوڵمان نەبووە، دیارە جاری دیکەش باسم کردووە کە ئێمە ناتوانین ئەو ئیدیعایە بکەینو قەتیش نەمانکردووە، کە ئێمەش وەک پێغەمبەر (د.خ) یەکسانین بە ئیسلام، هەرچەندە دوژمنانو ناحەزانیش ئەو تۆمەتانەمان دەدەنە پاڵ، بەڵام چەندانجار ئەو تۆمەتەمان ڕەتکردووەتەوە، کەچی ئەوان وەکو قەوانێکی سواو هەر دووبارەی دەکەنەوە، کە لەڕاستیدا ئەوە هەر شەڕپێفرۆشتنو گێچەڵ پێکردنە، ئەگەر نا، ئێمە چەندانجار وتوومانە ئێمە ئیدیعای ئەوەمان نەکردووەو ناکەین کە ئێمە یەکسانین بە ئیسلام، یەکسانیش نین، چونکە ئێمە لایەنێکی ئیسلامین، ئێمە کۆمەڵێکین لە مسوڵمانانو مەرج نییە هەر کەسێک لەگەڵ ئێمە نەبێت، مسوڵمان نەبێت، بەڵێ ئێمە لایەنێکین خزمەتی ئیسلام دەکەین، ئەگەر کەسێک بە ڕێی عەلمانییەتدا دەڕوات، ئەوی دیکە بە ڕێی مارکسیزمدا دەڕوات، ئەوی دیکە بە ڕێی لیبرالیزمدا دەڕوات، ئێمە بە ڕێی ئیسلامدا دەڕۆین، ئیدی ناشڵێین هەرکەسێک لەو خەتو ڕێبازەدا بە مەعنا حیزبییەکەی لەگەڵمان نەبێتو لە چوارچێوەکەی حیزبەکەی ئێمەدا نەبێت، ئیسلامیی نییەو مسوڵمان نییە، چونکە وەک زۆر جار وتوومە: ئیسلامیبوون، واتە: تەبەننیکردنی ئیسلام، کە لە قورئانو سوننەتدا بەرجەستەیە، ئیدی هەرکەسێک بڵێت قورئانو سوننەت بەرنامەی ژیان بنو شەریعەتی خوا بەرنامەی ژیان بێت، ئەوە ئیسلامییە ئەگەر لە چوارچێوەی ڕێکخراوو حیزبێکی ئیسلامیشدا نەبێت، بەڵام بە تەئکید هەرکەسێک نکۆڵیی بکات لە ئیسلام، جا لە هەموو ئیسلام نکۆڵیی بکات، یان لە بەشێکی، تەنانەت لە یەک لە یاسای بە ئاشکرا زانراوی ئیسلام، کە زانایان زاراوەی: (ما علم من الدين بالضرورة)یان بۆ بەکارهێناوە، واتە: ئەوەی کە هەموو کەسێک بە ئاشکرا دەزانێت ئەوە یاسایەکی ئیسلامە، هەر کەسێک نکۆڵیی لێ بکات، لە بازنەی ئیسلام دەچێتە دەرێ، ئەوە ئیجماعو یەکدەنگیی هەموو زانایانی لەسەرە کە (الرضا بالكفر كفر)، ڕازیبوون بە کوفر، کوفرە، ڕەفزی ئیسلامیش هەمووی یان بەشێکی (كلاً أو جزاً)، ئەوەش هەر کوفرە، جا ئەوە حسابێکی دیکەیە.

+ نموونەکانی سیرەی پێغەمبەری خوا (د.خ)؟

– بەڵێ پێغەمبەر (د.خ)، هاوپەیمانێتی کردووە لەگەڵ جولەکەکاندا، کە ئەوە زەقترین نموونەیە لە مێژووی پێغەمبەردا (د.خ)، پێغەمبەری خوا کە دەچێتە مەدینە، سێ ئیشی گەورە دەکات، کە ئەوە لە هەموو کتێبەکانی مێژوودا نووسراوە، بەتایبەت سیرەی (ئیبنو هیشام): یەکەم برایەتیی کرد لەنێوانی کۆچکەرانو پشتیوانانداو، بۆئەوەی لەڕووی هاوسەنگی گوزەرانو ژیانەوە ئەو ناهاوسەنگییەی هەبوو، ڕاستی بکاتەوە، کە بۆ کاتێکی دیاریکراو لە هەموو شتێکی یەکتردا بەشداربوون، ئیشی دووەمی ئەوەبوو مزگەوتی دروستکرد، ئیشی سێیەمی ئەوە بوو کە وەسیقەیەکی نووسی، کە سەحیفەشی پێ وتراوەو کیتابیشی پێ وتراوە، لەنێوانی پێغەمبەر (د.خ)و مسوڵمانان لەلایەک، تیرە جولەکەکان لەلایەکی دیکەوە، ئەو تیرە جولەکانەی کە لەنێو مەدینەدا بوون، دیارە ئەو (صحيفە)یە کە لە جێی دەستووری ئێستابوو، ئەرکو مافەکان تێیدا دابەشکراونو ئامانجە هاوبەشەکان تێیدا دابەشکراون، باسکراوە کە هەرکەسێک هێرش بکاتە سەر مەدینە، ئەهلی ئەم سەحیفەیە هەموویان یەکدەستن لە بەرامبەریدا، واتە: بەرگریکردنی هاوبەشیشی تێدا ڕاگەیەنراوە، شایانی باسە ئەو سەحیفەیە لە (٤٦) مادە پێکهاتووە، کە ئێستا ماوە نییە بەوردیی باسی بکەین، کەواتە: پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ لایەنێکی نامسوڵماندا ئەو وەسیقەیەی مۆرکردووە.

بەڵگەی سێیەم: لە حودەیبییەدا پێغەمبەر (د.خ) پێکهاتنو سوڵحی حودەیبییە دەکات، لەگەڵ کێدا؟ لەگەڵ هۆزی کافری قوڕەیشدا، کە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ جەنگ ڕادەگرنو پێکەوە دەکەونە حاڵەتی ئاشتیو هێمنییەوە، جا لەوکاتەدا کە ئەو سوڵحو پێکهاتنە ئیمزا دەکرێت، دوو تیرەی پێکەوە ناکۆک دەبن، وەکو لە سەحیحی موسلیمو بوخارییو سیرەی ئیبن هیشامدا هاتووە، کە خوێن لەنێوانیاندا هەبووە، ئەوانیش (بەنی بەکر)و (خوزاعە) بوون، (بەنی بەکر) دەڵێن: ئێمە لەگەڵ قوڕەیشدا دەبینە هاوپەیمان، (خوزاعە)ش دەڵێن: ئێمە لەگەڵ محەمەددا (د.خ) دەبینە هاوپەیمان، ئیتیفاقییەکەشیان وابووە، واتە: سوڵحی حودەیبییە وابووە کە هەرکەسێک بوو بە هاوپەیمانی یەکێک لەو دوولایە، حوکمی ئەو لایەی هەیە، واتە پێغەمبەر (د.خ) دێنێ هاوپەیمانێتیی دەکات لەگەڵ (خوزاعە)دا کە تیرەیەکی بتپەرستن، وەکو چۆن (بەنوبەکر)ی دوژمنو مونافیسیشیان دەبنە هاوپەیمانی قوڕەیش، ئنجا دوایی پێغەمبەر (د.خ) لەکاتی ئازادکردنی مەککەداچ شتێک دەبێتە بەڵگەو پاساوی ئەوە کە پێغەمبەر (د.خ) بچێت مەککە ئازادبکات؟! بێگومان ئەوە کە (بەنوبەکر)ی هاوپەیمانی قوڕەیشە، دەچن شەبەیخوون دەکەنە سەر (خوزاعە)ی هاوپەیمانی پێغەمبەر (د.خ)، کە هەردووکیشیان موشریکو بتپەرستنو (٢٠) کەسیان لێ دەکوژن، ئنجا (عمرو بن سالم)ی خوزاعی کە سەرۆکی تیرەی خوزاعەیە دەچێت بۆ مەدینەو سکاڵای خۆی دەکات لای پێغەمبەر (د.خ)، لای هاوپەیمانەکەیو دەڵێت: ئەی محەمەد تیرەی هاوپەیمانی قوڕەیش هاتن لە شەبەیخووندا بەسەر ئێمەیاندا داو (٢٠) کەسیان لێ کوشتووین، ئێمەش هاوپەیمانی تۆین، دیارە ئەو شعرێکی درێژ دەخوێنێتەوە کە لە سیرەی ئیبوهیشامدا شیعرەکە هاتووە، پێغەمبەریش (د.خ) بە یەک دێڕ وەڵامی دەداتەوەو دەفەرموێت: (نُصرت يا عَمر بن سالم)، سەرخرایت ئەی عەمری کوڕی سالم، پشتیوانیت لێدەکەین، سەرئەنجام پێغەمبەر (د.خ) دوایی دەچێت مەککە ئازاد دەکات، چونکە قوڕەیش پەیمانیان هەڵوەشاندووەتەوە، بۆ؟ چونکە لە هاوپەیمانی پێغەمبەریان داوە! کەواتە: لێرەدا پێغەمبەر (د.خ) هاوپەیمانێتیی کردووە لەگەڵ تیرەیەکی نامسوڵماندا، نەک بۆ پرۆسەیەکی سیاسیی وەک هەڵبژاردن، بەڵکو بۆ شەڕ لەسەر یەکترکردن!!

# کۆمپانیای ڕۆژی نوێ



بۆ وەبەرهێنانی
خانووبەرە
هەلێکی زێرین...



کۆمپانیای ڕۆژی نوێ (۱۰۰۸) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆڵینگ)، هەر یەکەیەک بە ڕووبەری (۱۰۹ م۲)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (۳) نوستن، مدخل، ڕاڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).
نرخی یەکەیەک تەنها (۵۰۰۰۰$) پەنجا هەزار دۆلارە
۱ ـ هاولاتی دەتوانێت بڕی (۳۰٪) یان (۵۰٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.
۲ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت، ئەوا (۲۵۰۰$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە
بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (۸:۳۰)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە
ژمارەی تەلەفۆن: (۰۷۵۰۱٥۲۱۷۱۷) (۰۷۷۱۰۱٦٥٥٥٥) (۰۷۷۰۱٥۲۹۳۹۲)

ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا :
تووی مەلیک - شەقامی سەرەکی - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تایەر
0750 152 1717-0770 152 9392-0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com
Rozhi Nwe Co.



DRR Co.
RENAULT
مژدە
مژدە ...

کۆمپانیای الدرر مژدە دەداتە هاوڵاتیانی خۆشەویست کە نرخی سەیارەی ڕینۆی فەرەنسی و BYD صینی و کیرۆنی کۆری داشکاند بەهەموو قەبارەکانیەوە بەشێوەی قیست بۆماوەی (۲) ساڵ لەڕێگای بانکی (دیجلەوفرات) ەوە



18700$



22000$



12100$



12800$



9900$



12200$

ناونیشان / سلێمانی، شەقامی مەلیک محمود، بەرامبەر چێشتخانەی کەبابی محسن
E-info.drr@gmail.com 07701462292 - 07480158777



# شاری زیلان .. شارێکە بۆ هەمووان

Biaban

## لە پڕۆژەکانی کۆمپانیای بیابان
## پڕۆژەی شاری زیلان

- شاری زیلان بۆ نیشتەجێ بوون، شارێکی ئارام و پڕ لە ئاسوودەییە بە ڕەچاو کردنی گشت تایبەتمەندییەکانی ژیانێکی بەختەوەر دروستکراوە.
- شێوازی مۆدێرن لە ماستەرپلان، جوانی و دڵگیری لە نەخشەسازی و جۆرێتی ئایاب لە بیناسازی لە ریزی پێشەوەی ئامانجی کارەکانمانە.
شاری زیلان دەروازەی هێنانەدی ئاواتەکانتانە.



## مۆژدە.. مۆژدە.. لە کۆمپانیای بیابان

کۆمپانیاکەمان مۆژدە دەدات بە گشت هاوڵاتیانی خۆشەویست کە لە قۆناغی دووەمی فرۆشتندا هەڵدەستێت بە فرۆشتنی شوقەکانی نیشتەجێ بوون بە شێوەی قەرز بۆماوەی (10) ساڵ.

Zelan City

بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیاکەمان مۆژدە دەداتە هاوڵاتیان هەر کەسێک دەیەوێت بەشداربێت لە کڕینی شوقەکان دەتوانێت لە ڕێگای ئەم ناونیشان و ئەدرێسەوە چانسی وەرگرتنی یەکێک لەم شوقانە دەستەبەربکات:
Tel: 066 259 3333
0750 766 3333 - 0770 892 3333
Web site: www.zelancity.com
E-mail: info@biabangroup.com



ڕۆژنامە
# کۆمەڵایەتی
٨ لاپەڕە

komalayati.rozhnama@gmail.com    سێشەممە 2009/6/16    ژمــارە (491)



## ڕۆژی جیهانی خوێنبەخشین

ل٤

## چۆن پارێزگاری لە باری دەروونی خوێندکاران دەکرێت؟

ل٣-٢



### ٤٨ حاڵەتی توندوتیژیی دژی ژنان لە سۆران تۆمارکراوە

ل٢

### کۆمەڵگای مەدەنی لە مەترسیدایە

ل٥

### یەکێتی ئەوروپا خول بۆ کارمەندانی بەڕێوەبەرێتییەکانی چاکسازیی دەکاتەوە

ل٦

# ـــردنەوە لە قۆناغی شەشەمی ئامادەییدا»



کارکردن‌و بەکارهێنانی بڕوانامەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا سنووردار دەبێت‌و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان لە هیچ دامەزراوەیەکدا دانامەزرێن.

کـاروان عەبدوڵڵا، یەکێکی دیکە لـەو قوتابیانەی قۆناغی دوانـزەی بنەڕەتی کە ئێستا سەرقاڵی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانێتی، پێیوایە ئەمساڵ شێوازی دانانی پرسیارەکان قورسترە لەساڵی رابردوو، هەروەها وتی: «من ئامانجم بەدەستهێنانی نمرەی بەرزە بۆ بەدەستهێنانی کۆلێژی پزیشکی، بەڵام ئەگەر وەزارەتـی خوێندنی باڵا وەکو ساڵی رابـردوو مامەڵە لەگەڵ نمرەکانماندا بکەن، بـەرەو هەڵدێر دەڕۆین‌و ماندووبوونەکانمان بەفیڕۆ دەدەن».

بەشێک لە شـارەزایـانـی بـواری دەروونناسی، پێیانوایە هەر کاتژمێرێک وانە خوێندن لە هۆڵەکانی خوێندندا، پێویستیی بە دوو کاتژمێر خوێندنەوە هەیە لـــەدەرەوەی ئـەو هـۆڵانـەدا، ئـەوەش کاریگەریی زۆری دەبێت بۆ کـەمـکـردنـەوەی ئـەو تەنگەژە دەروونیانەی دووچـاری خوێندکار دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا.

د.سامان ئەنوەر، پزیشکی دەروونی، پێیوایە سیستمی تاقیکردنەوەکان لە کوردستاندا پێشکەوتوو نییەو ناتوانێت خوێندکاری پێشکەوتوو لە کەسێکی نـاکـاراو تێگەیشتوو جیابکاتەوە، هەروەها باسی لەوەشکرد کە هەندێک خوێندکار هەرچەندە خاوەنی توانایەکی زۆربێت، لە تاقیکردنەوەکاندا تووشی شڵەژان دەبێت‌و باوەڕی نامێنێت.

ئەو پسپۆڕە دەروونییە رایگەیاند کـە دانـانـی مـەرجـی قـورس بۆ منداڵەکان لەلایەن خێزانەکانیانەوە بۆ بەدەستهێنانی پلەیەکی بەرز، ئەنجامی زۆر خراپی لەسەر توانای خوێندکارەکە دەبێت، ئەوەش دەردەکەوێت لەکاتی سەعیکردن‌و تاقیکردنەوەکاندا لە چەندین دەرکەوتەی وەک: دەستو قاچ لەرزین‌و ئەژنۆ شلبوون‌و هێڵنجدان‌و عارەقکردنەوە، هەندێکجار دەبێتە هۆی لەبیرچوونەوەو زانیاریی تێکەڵکردن، ئەم حاڵەتانە زیاتر لە تاقیکردنەوە پراکتیکییەکاندا روودەدات وەک لە تیۆرییەکان.

پزیشکە دەروونییەکە ئەوەشی خستەڕوو کە هەندێکجار دڵتەنگیی خـوێـنـدکـار درێــژ دەخـایـەنـێـت‌و دەچێتە قاڵبی خەمۆکییەوە، هەندێک خـوێـنـدکـاریـش تـووشـی حاڵەتی هیستریا دەبێت‌و نیشانەی جەستەیی لێدەردەکەوێت، ئەمەش زیاتر تووشی ئەو خوێندکارانە دەبێت کە دەیانەوێت سزانەدرێن.

بـۆئـەوەی خوێندکار دووربـێـت لــەو گرفتە دەروونـیـانـەی لەکاتی تاقیکردنەوەدا دووچـــاری دەبێت، پێویستی بە خۆئامادەکردن هەیە لـەڕووی کـۆکـردنـەوەی زانیاریی‌و سـایـکـۆلـۆژیـیـەوە، تەماشاکردنی تـاقـیـکـردنـەوە وەک پرۆسەیەکی پۆزەتیف، جـۆری ئـەو کورسییەی وەڵامی لەسەر دەداتەوە، پلەی گەرمی ژووری تاقیکردنەوە، بوونی ئاوی خواردنەوەو خواردنەوەی دیکە وەک چا، قاوە، سـاردی.... هتد، بەتایبەتی ئەو خواردنانەی مـادەی شەکریان تێدایە، هەڵمژینی هەناسەی قووڵ بە هێواشی‌و هەوڵدان بۆ خاوکردنەوەی ماسولکەکانی لەش.

د.سامان وتی: «هەر کاتژمێرێک وانەی خوێندنگا، پێویستی بەوەیە کە دوو کاتژمێر خوێندنەوەی دەرەکی بۆ بکرێت لە ماڵەوە».

بـەپـێـی ئـەنـجـامـەکـانـی چەند لێکۆڵنەوەیەکی دەروونیی، پێکەنین بۆ ماوەیەکی کەم یان گوێگرتن لە چەند قسەیەکی خۆش لەلایەن مامۆستاوە، تـوانـای وەڵامـدانـەوەی خوێندکار زیاد دەکات، هەروەها د.سامان وتی: «سیستمی تاقیکردنەوەی شەشەمی ئامادەیی (دوانزەی بنەڕەتی)، هەرگیز ناتوانێت ئاستی خوێندکار بەتەواوی هەڵسەنگێنێت‌و چەندین خوێندکار بەهۆی ئەم سیستمەوە زەرەرمەند بوون».



# پرس و باس

## واستەگەریی، پرسی بێزارکەری خەڵکی کوردستان

**هادی ئەمین**

کاتێک لەگەڵ هاوڵاتییان گفتوگۆ دەکەیت لەبارەی راپەڕاندنی کارەکانیان بەتایبەت لە کەرتی حکومیدا، ئەوەت بۆ روونده‌کەنەوە کە تا واستە نەکەیت‌و بەرپرسێک نەناسیت، ئەستەمە کارەکەت بڕواتە پێشەوە.

منداڵ هەیە تووشی نەخۆشیی قورس بووەو دایک‌و باوکی داوایانکردووە لە بەرپرسان کارێکیان بۆ بکەن بۆ چارەسەرکردنی، لەبەرئەوەی واستەیان نەبووە، چارەسەر بۆ منداڵەکەیان نەکراوە، یان لەکاتی وەرگرتن لە خوێندنی باڵا، واستە رۆڵی خۆی هەیە... ئەو واستەیەش چەندین بـواری گرتووەتەوەو تـەواو خەڵکی بێزارکردووە، تەنانەت لە هەندێک دامەزراوەدا بەرتیل‌و واستەگەریی بووەتە نەریت.



دەتوانین بڵێین بەرتیلدان‌و واستەکردن بریتییە لە تاوانێکی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و زۆربەی کۆمەڵگەکان پێوەی دەناڵێنن، خۆی دەبینێتەوە لە پێدانی پـارەو سامان یان پێشکشەکردنی خزمەتگوزارییەک لەپێناو بەدەستهێنانی شتێک کە مافی کەسانی دیکەیە، ئەوەش زۆر رووی هەیەو زۆر لە کایەکانی ژیانمانی گرتووەتەوە، لەبواری پـەروەردەی منداڵەوە بۆ راپەڕاندنی کاروباری فەرمانگەکان، بواری خوێندن‌و کایەی سیاسی‌و..

ئەگەر زۆر وردیبکەینەوە، بۆ نموونە کاتێک باوکێک دەیەوێت خۆشەویستی منداڵەکەی بۆخۆی رابکێشێت، بۆ ئەوەش رۆژانە کە دێتەوە بۆ ماڵەوە پسکیت یان دیارییەک دەداتە منداڵەکەی، ئەویش بۆئەوەی منداڵەکە بە روویەکی خۆش‌و شنشنەوە پێشوازیی لێبکات، بەڵام ئەگەر رۆژێک دیاریی پێنەبوو، ئەوا منداڵەکە ئەو پێشوازییەی لێناکات، واتە لێرەدا بچووک رادەهێنرێت‌و چاوەڕواندەکات لەسەر ئەوەی کە شتی پێبدرێت تا بە چالاکییەک هەستێت، ئەمەش حاڵەتێکی سلبیی دروستدەکات لە منداڵەکەدا، باشتروایە منداڵ لە بەرامبەر پابەندوونی بە کارێک رۆژانەوە دیاریی پێبدرێت، وەک رێکخستنی شوێنی خەوتنەکەی، پاکوخاوێنبوونی خۆی، شوشتنی دانەکانی، یارمەتیدانی دایکی، باشبوونی لە خوێندندا..

ئەوە لەسەر ئاستی پەروەردەی منداڵ، بەڵام لەئاستی فەرمیدا لە هەندێک لە دەزگاکاندا ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە دەبێتەوە، گەورە چاوەڕواندەکات لە بچووک شتی پێبدات، ئەوەش بەوەی کە بەرپرسان کارئاسانیی دەکەن گڵۆپی سەوز دادەگیرسێنن بۆ ئاستی خوارەوە تا بەرتیلیان بۆ بەرن‌و واستەیان پێبکەن، بێگومان خوارەوەش جێبەجێی دەکات، چونکە کارەکەی رادەپەڕێت.

لە هەندێک دامـودەزگـادا واستەو بەرتیل وای لێهاتووە کە کەسانێک لەبەر ئاشکراکردنی گەندەڵی‌و بەرتیلخواردنی بەرپرسێک لابراون، لەبری ئەوەی لێپرسینەوە کرابێت بۆ گەندەڵەکە، کەچی بۆخۆی کراوە.

دەتوانین بڵێین بەرتیلدان‌و واستە خەریکە دەبێتە نەریت، تەنانەت رۆچووەتە ناو کایەی سیاسیشەوە، بۆ نموونە لەم سەروبەندی هەڵبژاردنەدا، دەبیستین بەرپرسانی چەند حیزبێکی دیاریکراو پارەو دەمانچەو ئۆتۆمبێل دەدەنە گروپ‌و عەشیرەت‌و کەسایەتییەکان بۆئەوەی دەنگیان پێبدەن لەکاتی هەڵبژاردنی ئایندەدا.

بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردن ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە، پێویستمان بە بەهێزکردنی چاودێری ویژدانی خودی هەیە لەنێو تاکەکاندا، بەڵام لەبارە فەرمییەکەیدا پێویستمان بە دەزگای لێپرسینەوەی بەهێز هەیە تا بەتوندی لێپرسینەوە لەو کەسانە بکات کە بەرتیل وەردەگرن‌و واستە دەکەن، چونکە بڵاوبوونەوەکەی لـەوەوە سـەرچـاوەی گرتووە کە لێپرسینەوەی توند نییە لە بەرپرسان، ئەگەر بزانن لێپرسینەوەی توندیان لەگەڵدا دەکرێت لەکاتی وەرگرتنی بەرتیل‌و واستەکردندا، ئەوا سڵدەکەنەوەو نایکەن، بەڵام کە ئەوە نەبوو زانیان ئاسانکاریی هەیە، ئەوا کارەکە دەچەسپێت.

Hadi.ameen@yahoo.com

### پسپۆڕێکی بواری دەروونی:

# «چەندین خوێندکار زەرەرمەندبوون لە خراپیی سیستمی تاقیک

**نیان مەجید**

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی خوێندکاران لە کوردستاندا، زۆرجار دروستکەری کۆمەڵێک حاڵەتی نائارامیو کێشەی دەروونیو تێکچوونی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی بووە لەلای خوێندکارەکە، شارەزایانی بواری دەروونیش پێیانوایە «لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا باری دەروونیی خوێندکار ڕەچاو ناکرێت». جگە لەوەی «سیستمی تاقیکردنەوە هۆکاری سەرەکی شکستهێنانی خوێندکارانە».

ئێستا خوێندکاران لەسەرجەم قۆناغەکانی زانکۆو پەیمانگاو قۆناغی دوانزەی بنەڕەتی، تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ ئەنجامدەدەن، بەڵام ئەو قۆناغەی هەڵگری گرفتو تەنگەژەی دەروونییە ، تاقیکردنەوەی (بەکالۆریی)ە لە پۆلی دوانزەی بنەڕەتیدا، ئاستی بنەڕەتیو ئامادەیی دەبەستێتەوە بە زانکۆو پەیمانگاکانەوە.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا زۆرترین کێشە دووچاری دەرچووانی قۆناغی دوانزەی بنەڕەتی بووە، بەوپێیەی ژمارەی دەرچووان زۆرەو توانای وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگاکاندا سنووردارە، لەساڵی ڕابردوودا نزیکەی (٦) هەزار خوێندکار ناویان نەهاتەوە لە هیچ زانکۆو پەیمانگایەکی کوردستان، ئەمەش یەکێکە لەو مەترسیانەی چاوەڕوانی بەشدارانی ئەو تاقیکردنەوەیە دەکاتو زۆرترین دڵەڕاوکێیان بۆ دەهێنێتە پێشەوە.

بەپێی لێدوانی دڵشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پەروەردە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، گرفتی وەرگرتنی قوتابی لە زانکۆو پەیمانگاکاندا ئەمساڵ چارەسەرنەکراوە، پێدەچێت «ئەمساڵیش هیچ باشتر نەبێت لە ساڵی ڕابردوو بۆ وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگا حکومییەکانداو ژمارەیەکی زۆرتر لە خوێندکار بێبەشبن لە کورسی خوێندن».

هاوڕێ عوسمان، خوێندکاری پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە شاری سلێمانی، ماوەی سێ ساڵە لە هەمان پۆلدا بۆ بەدەستهێنانی نمرەی باشتر خۆی دەهێڵێتەوە، باسی لەو گرفتانە کرد کە ڕۆژانە لەکاتی سەعیکردنو کۆششدا دووچاری دەبێتو هۆکارن بۆ تێکچوونی باری دەروونیی، وەکو بەرزیی پلەی گەرما لە وەرزی هاویندا و نەبوونی کارەبا بۆ فێنککردنەوەی شوێنی سەعیکردن، یان لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا مامۆستاکان پەلەپەل لە قوتابییەکان دەکەن بۆ ڕادەستکردنی دەفتەری تاقیکردنەوە، بەرلەوەی کاتی ڕەسمیی تاقیکردنەوەکان تەواو بووبێت.

د.سەلام فەرەج، مامۆستای بەشی کوردی لە کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی، پێیوایە دەبێت خوێندکار زیاد لە چانسێکی بدرێتێ بۆئەوەی بەپێی توانای ڕاستەقینەی خۆی نمرە بەدەستبهێنێت، بۆ ئەوەش پێویستە ڕەچاوی سێ لایەن بکرێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی تاقیکردنەوە: (خوێندکار، پرۆگرامو مامۆستا).

د.سەلام ڕایگەیاند: ئەگەر خوێندکارەکە خراپ بێت ئەوا منو مەنهەجەکە کارمان ئەوەیە خوێندکارەکە چاک بکەین، ئەگەر مەنهەجەکەش خراپ بێت، ئەوا منو خوێندکارەکە دەبێت چاکی بکەین، هەربۆیەش تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم دانراوە ئەگەر یەکەمجار سەرنەکەوت، دووەمجار سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، لەبەرئەوەیە لای من خوێندکار هەمیشە سەرکەوتووە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی ئەوەشی خستەڕوو کە لەزانکۆکانی کوردستاندا پێوانەی مامۆستای باش بەوەدەکرێت کە زۆرترین خوێندکاری کەوتووی هەبێتو نمرەی کەم بدات بە خوێندکارەکانی، وتی: «مامۆستای سەرکەوتوو دەبێت تا هاتنەپێشی ڕۆژی تاقیکردنەوە، هەوڵبدات باری دەروونیی خوێندکارەکانی ئارامبێتو باوەڕیان لەلا دروستبکاتو تاقیکردنەوە وەکو تۆڵەکردنەوە بەکارنەهێنێت دژی خوێندکارەکانی».

بەپێی ستانداردی جیهانیی، ساڵانە پێویستە ٢٠٪ی پرۆگرامەکانی خوێندن گۆڕانکاریی بەسەردابێتو لایەنە نوێو داهێنانە تازەکان لە پرۆگرامەکەدا جێگای بگرێتەوە، ئەمەش لەپێناوی زیاتر گەشەدان بەو پرۆگرامەو هاندانی خوێندکار بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی نوێو بەسوود لە ژیانی ڕۆژانەیدا، بەڵام لە کوردستاندا ئەو گۆڕانکاریانەی لە پرۆگرامەکاندا ڕوودەدەن بەشێوەیەکی سیستماتیزەکراو نییە، زۆرجار چەند ساڵێک تێدەپەڕێتو هیچ گۆڕانێکیش لە پرۆگرامەکەدا ناکرێت.

د.هیوا عومەر، پزیشکو مامۆستای زانکۆی سلێمانی، پێیوایە ئامانج لە تاقیکردنەوە، هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندکارە کە تا چەند ئاستی زانستی بەرزبووەتەوەو دەربازی قۆناغێکی دیکە دەبێت، لەو تاقیکردنەوەیەشدا کێبڕکێو پلەبەندنی لەئاستی خوێندکارەکاندا دیاریدەکرێتو



ئاستی تێگەیشتنو خۆئامادەکردنی خوێندکاریش دەزانرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو تاقیکردنەوەیە.

د.هیوا ئاماژەی بەوەکرد خوێندکارێکی مامناوەند توانای ئەوەی هەیە کە تەنیا ٦٠٪ی ئەو وانەیە وەربگرێت کە مامۆستا دەیلێتەوە، لەو بڕەش دەتوانێت ٥٠٪ی بداتەوە، ئەوەش ئاستێکی مامناوەندییەو لەوە زیاتری ناوێت لە ژیانی داهاتوویدا، هەربۆیە نابێت زۆربکرێت لە خوێندکار بەر لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی.

د.هیوا ئەوەشی خستەڕوو کە هۆکارەکانی شکستهێنانی خوێندکار لە بەدەستهێنانی نمرەی شایستەدا بەتایبەتی لە زانکۆو پەیمانگاکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاولێکەرییەی لەنێو خوێندکاراندا هەیە بۆ بەجێهێشتنی هۆڵەکانی خوێندنو بێهیوایی خوێندکارەکە لە پاشەڕۆژو سوودمەندبوون لەو بڕوانامەیەی بەدەستی دەهێنێت، بەوپێیەی لە کوردستاندا تا دێت چانسی

# لە شەش مانگی ڕابردوودا (٤٨) حاڵەتی توندوتیژیی دژی ژنان لە سۆران تۆمارکراون

**ئەحمەد باڵەکی**

بەپێی ئامارێکی نووسینگەی بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە سۆران، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە هەر چوار قەزای سۆرانو چۆمانو ڕەواندزو مێرگەسور، (٤٨) حاڵەتی توندوتیژیی بەرامبەر بە ژنان تۆمارکراون، لەنێوانیاندا: یەک حاڵەتی خۆکوشتن، (٧) حاڵەتی سووتان، سکاڵاو هەڕەشە (١٢) حاڵەت، (١٠) حاڵەتی لێدانو دەرکردن، (٢) حاڵەتی توندوتیژیی سێکسی، ئافرەتەکانیش لە شوێنی تایبەت پارێزراون.

نەقیب خۆشەوی تەها، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژیی ژنان لە سۆران، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو کەسانەش کە تۆمەتباربوون دەستگیرکراون، ڕێوشوێنی یاساییان بۆ ئەنجامدراوەو (٣٢) کەس ڕەوانەی دادگا کراون، (١٦) کێشەش لە نووسینگەکەمان چارەسەرکراون.

ئەوەشی خستەڕوو کە لە (٣٢) کێشە کە ڕەوانەی دادگا کراون، (٢٤) تۆمەتبار بەندکراونو هەروەها سێ ئافرەت کە مەترسی کوشتنیان لەسەربووە، ڕزگارکراون.

خۆشەوی ئاماژەی بەوەکرد «لەچاو ساڵانی ڕابردوودا ڕێژەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ناوچەکەیان کەمیکردووە»، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ کردنەوەی چەند نووسینگەیەکی بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان، «ئەمەش وایکردووە کە ژن داوای مافی خۆی بکاتو سکاڵا لەو شوێنانە تۆماربکات».

شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی هۆکاری ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانە دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی گفتوگۆو لێک تێنەگەیشتن لەنێو ئەندامانی خێزانو خراپیی مامەڵەکردن لەگەڵ هۆکارەکانی پەیوەندیکردن.

سەعید محەمەد ئەمین، توێژەری کۆمەڵایەتی لە سۆران، هۆکاری زۆری گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی گەڕاندەوە بۆ لێک تێنەگەیشتنی خێزانەکان لەناو خودی خۆیاندا، هەروەها خراپ بەکارهێنانی مۆبایلو سەتەلایتو ئینتەرنێت.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە پێیوایە لەلای پیاوان نامۆیە ژنان داوای مافی خۆیان بکەنو سکاڵا تۆماربکەن، لەبەرئەوە زۆرجار ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەش گرفتی گەورەتری لێکەوتووەتەوەو ژنان پەنایان بردووە بۆ کاری خۆکوژیی، وتی: «لە ناوچەی سۆران هۆکاری دەستێوەردانی خێڵەکیو عەشایەریی، هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزبوونو زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە».

## هەڵسوڕاوانی کۆمەڵگای مەدەنی عێراق:

# کۆمەڵگای مەدەنی لە مەترسیدایە

سەعد سەللوم *

هەڵسوڕاوانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی عێراق مەترسیی خۆیان بەرامبەر «کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانیان لەلایەن حکومەتەوە» دەردەخەن، ئاماژە بەوە دەدەن کە «دەسەڵات دەیەوێت بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیو دەست بەسەر بودجەو سەرچاوەی داراییاندا بگرێت».

لە سەرەتای مانگی نیسانی رابردوودا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی خوێندنەوەی یەکەمی رەشنووسی یاسای رێکخراوە ناحکومییەکانی ئەنجامدا، پاشان ئەو یاسایە دزەی کردو لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە.

لەبارەی ئەو رەشنووسەوە، هادی نەجم (٢٩ ساڵ)، هەڵسوڕاوی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەندامی رێکخراوی (حمورابی) تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی هەڵبژاردنە، وتی: «ئەو سزایانەی لە یاساکەدا هاتووە تووشی شۆکیان کردمو رژێمی پێشووی عێراقم هاتەوەیاد».

بەپێی ئەو یاسا نوێیە، هەرکەسێک ئەندامی رێکخراوێکی تۆمارنەکراو بێت، ماوەی (٦) مانگ بۆ (٣) ساڵ زیندانیی دەکرێت، لە هەمانکاتیشدا حکومەت مافی رەتکردنەوەی داوای تۆمارکردنی رێکخراوی هەیە، بەبێ ئەوەی ئەو یاسایە حکومەتی ناچارکردبێت هۆکاری رەتکردنەوەکە ئاشکرابکات.

ئەم پرۆژەیاسا نوێیە وەک جێگرەوەی فەرمانی ئیداریی ژمارە (٤٥)ی حاکمی مەدەنی عێراق، پۆڵ بریمەر دێت کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣دا دەریکردبوو، ئەو فەرمانە ئیدارییە چوارچێوەی یاسایی رێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەتو رێکخراوە ناحکومییەکان دیاریدەکاتو تائێستاش کاری پێدەکرێت.

ئەگەرچی لەکاتی خۆیداو تەنانەت ئێستاش، فەرمانی ئیداریی ژمارە (٤٥) رووبەڕووی چەندین رەخنەی پسپۆڕانی یاساو هەڵسوڕاوانی کۆمەڵگای مەدەنی بووەوە، بەڵام نەجم پێیوایە کە بڕیارەکەی بریمەر «نەرمترە لە رەشنوسی یاسا نوێکە».

لەبارەی سزاکانی نێو ئەو رەشنووسە، ئەم هەڵسوڕاوەی کۆمەڵگای مەدەنی وتی: «رێکخراوەکەمان بەهۆی رۆتینی کوشندەو بیرۆکراسیەتی حکومەتەوە، تائێستا بەرەسمی تۆمارنەکراوە، کەواتە چاوەڕواندەکرێت رۆژێک لەناکاو لەکاتی وتنەوەی وانەیەک لەسەر مافەکانی مرۆڤ یاخود هۆشیارکردنەوەی هەڵبژاردن، هەر هەموومان دەستگیر بکرێین».

سەرەرای ئەو سزا یاساییانە، رەشنووسەکە چەندین خاڵی توندی دیکەش لەخۆدەگرێت، وەک ئەوەی کە پێویستە هەر رێکخراوێکی ناحکومیی لەکاتی کڕینی هەر موڵکێک، یاخود کردنەوەی لقێکی نوێی رێکخراوەکە لە ناوخۆ یاخود دەرەوەی عێراق، رەزامەندیی پێشوەختی حکومەت وەرگرێت، ئەگەر نا، بۆی نییە ئەو کارە بکات.

هەر بەپێی ئەو رەشنووسەی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە خوێنرایەوە، هیچ رێکخراوێک بۆی نییە دامەزراوەیەکی نوێ دابمەزرێنێت، یاخود ببێتە ئەندام لە دامەزراوەیەک، بەبێ رەزامەندیی حکومەت، ئەمە جگە لەوەی حکومەت بۆی هەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆو بەبێ گەڕانەوە بۆ دادگا، مۆڵەت لە هەر رێکخراوێک بسەنێتەوە.

هەر لەبارەی ئەم رەشنوسە نوێیەوە، پارێزەر حەسەن کەریم عاتی لە (کۆمەڵەی عێراقی بۆ پاڵپشتی رۆشنبیریی)، پێیوایە کە «بڕگەکانی رەشنوسەکە دژبەیەکە لەگەڵ ئامانجی سەرەکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی»، بۆیە روونیکردەوە «پێویستە یاسا شێوەی ئەو رێکخراوانە دیارییکات کە لە بنەڕەتەوە هەن، نەک دەستی لە دامەزراندیاندا هەبێت».

لە کۆتایی لێدوانەکەشیدا عاتی ئاماژەی بەوەدا «ئەگەر هاتو ئەم رەشنووسە پەسەندکرا چارەنووسی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراقدا دەکەوێتە مەترسییەوە».

لە بەشێکی دیکەی رەشنووسەکەدا قسە لەبارەی سەرچاوەی دارایی رێکخراوەکانەوەکراوە، بەپێی ئەو یاسایە دەبێت پارەبەخشەکان، بەر لە بەخشینی هەر برە پارەیەک بۆ هەر رێکخراوێک، حکومەت ئاگاداربکەنەوە تا بودجەکە پەسەندبکات.

ئەم رەشنووسە تەنیا بە رێکخراوە ناوخۆییەکان نەوەستاوە، بەڵکو بەشێکی تایبەتکراوە بە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەو بەشەدا هاتووە کە هەر رێکخراوێکی ناحکومیی نێودەوڵەتی نیازی کردنەوەی لقێکی هەبوو لە عێراقدا، پێویستە پێشوەخت ناوو ناونیشانو ژمارەی تەلەفۆنی سەرجەم کارمەندە نێودەوڵەتییەکانی لە عێراقدا ئاراستەی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان بکات، حکومەتیش لە هەر گۆڕانکارییەک لە ستافەکەیاندا ئاگاداربکاتەوە.

لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە نابێت بەشداریی دارایی رێکخراوە بیانییەکان ٢٥٪ زیاتربێت بۆ هەر چالاکییەک کە ئەنجامدەدرێت.

لەبارەی ئەو بڕگەیەی سەرەوە، بەڕێوەبەری کۆمەڵەی (عراقیون بلا حدود) وتی: «حکومەت تەگەرە دەخاتە بەردەم کاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان»، ئەمەش لەکاتێکدایە کە «ئێمە پێویستیی زۆرمان بە پاڵپشتی ئەو رێکخراوە بیانیانە هەیە لەسەرجەم بوارەکاندا».

بەپێی بیروبۆچوونی چاودێرانو تێگەیشتنیان لەم پرۆژەیاسا نوێیە، ئاماژە بەوەدەدەن کە ئەمە یاسایەکە بەکەڵکی حیزبە سیاسییەکان دێت، زیاتر لەوەی بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بگونجێت، بەتایبەت کە هیچ چاودێرییەک لەسەر بودجەو داهاتی حیزبەکاندا نییە کە «لەدەرەوەی وڵاتەوە کۆمەک دەکرێن».

لەلایەن خۆشیەوە بەڕێوەبەری ناوەندی (دار ئەلسەلام)ی عێراقی، د.سامی شاکر عوبێد ئاماژە بەوەدەدات کە حکومەت تەنیا پرسی بە چەند رێکخراوێکی دیاریکراو کردووە لەکاتی دارشتنی رەشنووسی یاسای رێکخراوە ناحکومییەکاندا. لە درێژەی قسەکانیدا، د.سامی وتی: «وا باشترە ئەم رەشنووسە ناوی (یاسای تۆمارکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) لێبنرێت، چونکە وردەکارییو مەرجو رێوشوێنی بیرۆکراسیو قورسی زۆری تێدایە بەمەبەستی تۆمارکردنی رێکخراوەکان»، لەکاتێکدا پاڵپشتیکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی «بوونی لە رەشنووسەکەدا نییە».

چاوەڕواندەکرێت لەماوەی داهاتوودا خوێندنەوەی دووەمی ئەم رەشنووسە ئەنجامبدرێت، پێشدەچێت فشاری زۆری هەڵسوڕاوانی کۆمەڵگای مەدەنی، پەرلەمانتاران ناچاربکەن هەندێک لە بڕگەکانی هەمواربکەنەوە، تا دواجار لەگەڵ ژمارەیەک رەشنووسی دیکەدا پەسەند بکرێت بۆ جێگرتنەوەی فەرمانەکانی ساڵی ٢٠٠٣ی حاکمی مەدەنی عێراق (پۆل بریمەر).

*** خزمەتگوزاری**
www.niqash.org



# ڕۆژی جیهانیی خوێن بەخشین



## کەمخوێنی هەڕەشە لە منداڵانی جیهان دەکات

بێستون فەتاح

بەپێی نوێترین راپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەهۆی (٢٠٪)ی کۆرپەلە ژیانیان لەمەترسیدایە کەمخوێنی دایکانەن لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا، (١٥٪)ی منداڵانیش توشبوون بە هەمان نەخۆشیی، لەهەموو جیهاندا ساڵانە (٥٣٦) هەزار ژن دەمرن لەقۆناغی دووگیانیو کاتی منداڵبوون، (٩٩٪)ی ئەو ژنانە لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوودان، کەمیی خوێن هۆکاری سەرەکی ئەو مردنانەیە، هەروەها زیاتر لەپێنج ملیۆن کەس لەجیهاندا بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە دەمرن چونکە هۆکارێکی بەربڵاوی خوێن بەربوونی مرۆڤە بۆ ئاستە تەمەنی (١٠ –٢٤) ساڵی.

### ڕۆژی جیهانیی خوێن بەخشین لەچییەوە هاتووە؟

بەپێی راپۆرتێکی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیو سێ ڕێکخراوی دیکەی نێودەوڵەتی لەجیهاندا، بۆیەکەمینجار لە (١٤)ی حوزەیرانی (٢٠٠٤)دا یەکجۆر ئاهەنگ لەزۆرێک لەوڵاتانی جیهان ڕێکخرا، بەڵام دواجار لە (٢٠٠٥/٦/١٤)دا گرنگی تەواودرا بەوڕۆژەو بەپێی بڕیارێکی کۆمەڵەی تەندروستی جیهانیی ژمارە (٥٨) ئەو ڕۆژە بەڕۆژی خوێن بەخشینی جیهانی دانراو داواکرا لەهەموو ئەو وڵاتانەی بەشداری ئەو کۆمەڵەیەن لەلایەن وەزارەتی تەندروستیانەوە لەساڵڕۆژی ئەم یادەدا ئاهەنگو چالاکی سەبارەت بەخوێن بەخشین ئەنجامبدەن، لەساڵی (٢٠٠٦)دا (٥٤) وڵات ئامادەباشی خۆیان دەربڕی بۆ بەخشینی خوێنو هاوکاری نێودەوڵەتی بکەن لەکاتی پێویستیدا.

ئێستا چوار لیژنەی نێودەوڵەتی چاودێرییو سەرپەرشتی خوێن بەخشین دەکەن لەجیهاندا، ئەوانیش بریتین، لەڕێکخراوی تەندروستی جیهانیو ڕێکخراوەکانی خاچی سوورو مانگی سوورو کۆمەڵەی نێودەوڵەتی گواستنەوەی خوێنو یەکێتی نێونەتەوەیی خوێن بەخشین.

د.لوقمان خالد پسپۆڕی تایبەت بەنەخۆشیەکانی خوێن سەبارەت بەپێکهاتەی خوێن رایگەیاند: خوێن بەڕووباری ژیان دادەنرێت، خوێن (٧٪–٨٪)ی کێشی مرۆڤ پێکدێنێت بەمانایەکیتر لە جەستەی کەسێکی پێگەیشتوودا (٥–٦) لیتر خوێن هەیە، خوێن لەدوو بەشی سەرەکی پێکدێت کە پلازمای خوێن، کە بەشە شلەکەی خوێنەو شێوەی نیمچە زەردەو لەکانزاکانو ئاوو خوێ پێکهاتووە، هەروەها خانەکانی خوێن.

### گیروگرفتی کەمخوێنی

کەمخوێنی لەبەربڵاوترینو زۆرترین گیروگرفتی خوێن ئەژمار دەکرێت، د.نەوشیروان غەفور رەشید، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی خوێنو لیمفە گرێیەکان باسی لەگرفتی کەمخوێنی کرد لەمرۆڤداو وتی: "کەمخوێنی یەکێکە لەباوترین نەخۆشییەکانی خوێن، کە تێیدا ڕێژەی بارستەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن کەمتر دەبێتەوە لەڕێژەی ئاساییان.

هەر تەمەنێک ڕێژەیەکی دیاریکراو ئاستی خوێنی هەیە، ڕێژەی ئاسایی ئاستی خوێنی منداڵان لەنێوان (٩,٥ – ١٣,٥) گم، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لەژناندا لەنێوان (١٢–١٦) گمو لەپیاواندا لەنێوان (١٣–١٨) گم دایە.

### نیشانەکانی کەمخوێنی

د. نەوشیروان سەبارەت بەنیشانەکانی کەمخوێنی رایگەیاند: کەسی کەمخوێن کۆمەڵێک نیشانەی هەیە کە دەگونجێت لەنەخۆشییەکانی دیکەدا هەبێت بۆیە دەستنیشانکردنی کەمخوێنی، نەخۆش لەزۆر کارەسات دووردەخاتەوە، وەک تووشبوون بە (سنگەکوژێو سستبوونی دڵو گورچیلەکان).

زۆر کەس بەهۆی کەمخوێنییەوە چەندین ساڵ تووشی لاوازی جەستەییو دڵەکوتێو تەنگەنەفەسیو قڵیشانی لێوو زمانو توێکهەڵدانی پێست دەبن.

بۆ زانینی کەمخوێنی پزیشکی تایبەت تەنیا بەبینینی ڕووخساری نەخۆشەکە زۆرجار کەمخوێنی دەستنیشان دەکات! نەخۆشەکەش باسی بێهێزییو تەنگەنەفەسی، دڵەکوتێو کەمخۆراکی دەکات، پاشان پزیشک هەڵدەسێت بەئەنجامدانی پشکنینە تاقگەییەکان وەک، ( ڕێژەی خوێنو شریتی خوێن) کەتێدا بەوردی دەتوانرێت دەستنیشانی هۆی کەمخوێنییەکە بکرێت، کە لەدواییدا بەگوێرەی دەرئەنجامی شریتی خوێنەکە دەردەکەوێت، کە ئایا کەمخوێنییەکە هۆیەکەی کەمی مادەی ئاسنە، سالاسیما یان هەر نەخۆشییەکی دیکەیە.

### ئامارەکانی خوێن بەخشین لەشاری سلێمانیدا

لەساڵی رابردوودا لەسەرتاسەری شاری سلێمانیدا ٢٢هەزارو ٢٢٥ بتڵ خوێن وەرگیراوە، ئەمەش بەپێی ئامارێکی بانکی خوێنی سەرەکی شاری سلێمانی، دواتر بەپێی پێداویستییەکانی نەخۆشخانەکان دابەشکراون لەو بڕە خوێنە (٥١٧٨) بتڵی بەخشراوە بەنەخۆشەکانی سالاسیماو شێرپەنجە لەنەخۆشخانەی هیوا کە زۆرترین خوێنی ئەم بانکە بۆ ئەو نەخۆشانە ئامادە دەکرێت.

نەخۆشخانەی فریاکەوتن بەدووەم نەخۆشخانە دەژمێردرێت لەو ڕووەوەی زۆرترین ڕێژەی خوێنیان پێویست بووە بۆ نەخۆشەکانیان، کە لەساڵی رابردوودا (٣٢٢٥) بتڵ خوێنیان پێبەخشراوە، دوای ئەم نەخۆشخانەیەش نەخۆشخانەی ئیمرجنسی دێت کە تایبەتە بەسووتان کە (٢٢٢٨) بتڵ خوێنیان بۆ سەرفکراوە.

ڕێژەی خوێن بەخشین لەپیاواندا زۆرترە بەبەراورد لەژنان، بۆ بانکی سەرەکییە پێداویستی خوێن لەشاری سلێمانی، سەرەڕای ئەوەی لەم مەڵبەندەدا چەند بەشێکی تایبەتی تێدایە، وەک بەشی تاقیگە کە لەهەمان ساڵدا (١٩٢٤٥) پشکنینی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی جۆری (HCV)، (HBS) پشکنینی نەخۆشی ئایدز (HIV ) کراوە.

ئەم بانکە بەشێکی تایبەتی تێدایە بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی خوێن، کە لەم بەشەدا بەهۆی چەند ئامێرێکی تایبەت دەتوانرێت بەپێی پێداویستی پزیشکی پێکهاتەکانی خوێن جیابکرێتەوە، لەساڵی رابردوودا (٣٢٩٠) بتڵ خوێنی بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی جیاکراوەتەوە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بەبڕێکی دیاریکراو لەوپێکهاتانە هەیە کە لەناو خوێندایە، وەکو پلازما بۆ نەخۆشیی سالاسیما.

www.netewe.com

ژمارە (491) سێشەممە 2009/6/16
komalayati.rozhnama@gmail.com

# پەرلەمان تائێستا نەیتوانیوە یاسایەک بۆ کار دابنێت

**جەمال ئیختیار***

شارەزایانی بواری ئابووریش باس لە گرنگیی یاسای کاردەکەن لەپێناو بەرهەمهێنانێکی تەندروستدا، هاوکات کرێکارانیش گلەیی زۆریان لە سەندیکای کرێکاران هەیەو پێیانوایە نوێنەرایەتیی ئەوان ناکات.

لە هەرێمی کوردستاندا تائێستا یاسایەکی گشتگیری کار نییە، ئەوەش بووەتە هۆی نارێکی پەیوەندییەکانی نێوان خاوەن کارو کرێکاران، ئەوەی کە تائێستا ئیشی پێدەکرێت، هەندێک یاسای کۆنن کە یان لەکاتی رژێمی پێشوودا هەڵوەشێنراوەتەوە، یان پێویستیان بە هەموارکردن هەیە بۆئەوەی بکرێن بە یاسایەک کە هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار بە کارو بەرهەمهێنان لەخۆبگرن.

پسپۆڕانی ئابووری بوونی یاسایەکی گشتگیری کار بە پێویست دەزانن بۆئەوەی کە دڵنیایی بدات بە خاوەن کارو کرێکارو رێگایان بۆ رووناک بکاتەوە لەپێناوی بەرهەمهێنانی تەندروستدا.

د.خالید حەیدەر، مامۆستای ئابووری لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە نەبوونی یاسا لە هەر بوارێکدا، دەبێتە رێگر لەبەردەم پێشکەوتن‌و پرۆسەی بەرهەمهێناندا، لەبەرئەوەی کاتێک کرێکار لە مافی خۆی دڵنیانەبوو، نابێتە تاکێکی بەرهەمهێن‌و ئەوە یاسایە کە رێگا رووناک دەکات‌و لە یەک کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خاوەن کار، کرێکار، بەرهەمهێن‌و هەمووان ئەرک‌و مافی خۆیان بزانن، وتی: «لەڕاستیدا یاسای کار بنەمای ئیشکردن‌و بەرهەمهێنانە».

نەبوونی یاسای کار بووەتە هۆی نارۆشنی ئەرک‌و مافەکانی هێزی ئیشکەرو پەیوەندییەکانی ئیشکردن، زۆربەی کرێکاران هەست بەوەدەکەن کە هیچ کەسێک نییە پارێزگاریی لە مافەکانی ئەوان بکات، فایەق کاکە رەش (٤٤ ساڵ). دانیشتووی سلێمانی‌و وەستای بیناسازیی، باس لەوەدەکات کە ئەوان ئیشیان نییە، ژیانیان نییە، وەستا هەیە موحتاجە، فایەق هەموو ئەوانە بە خەتای حکومەت دەزانێت کە کرێکاری بیانی دەهێنێت‌و ئەوان بێئیش دەبن‌و لە هەمانکاتیشدا پشتگوێخراون‌و هیچ دەزگایەک نییە کە پشتگیریان بکات، فایەق دەیوت: «سەندیکای کرێکاران بووەتە گەراجی عەرەبانە، هیچ یاسایەک نییە مافی ئێمە بپارێزێت».

بە هەمانشێوەی فایەق کاکە رەش، فەریق رۆستەم محەمەد (٤٦ ساڵ)، دانیشتووی سلێمانی‌و کرێکاری بیناسازیی، باس لەوەدەکات کە ئیش کەمەو ژیانیان بەزەحمەت هەڵدەسوڕێت‌و حکومەت بە بەرپرسیار دەزانێت، لە هەمانکاتدا فەریق پێیوایە «بوونی سەندیکای کرێکاران هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕیوەو رەشبینە لەوەی یاسایەک دابنرێت کە مافەکانی ئەوان بپارێزێت».

لە بەرامبەردا بەرپرسانی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران‌و پیشەوەران ئەوە رەتدەکەنەوە کە پشتیوانیان لە کرێکاران نەکردبێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تا ئاستی رێپێوان بەرگریان لە کرێکاران کردووە.

ئەحمەد محەمەد سەعید، بەرپرسی راگەیاندنی لیژنەی باڵای یەکێتییەکە، دەڵێ: «لەگەڵ حکومەت‌و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەوڵمانداوە بۆ دانانی نووسینگەی کار بۆ نووسینی ناو لەلایەن ئەوان‌و سەندیکاوە، لەگەڵ کەسە بەتواناکانی کەرتی تایبەت قسەمان کردووە بۆئەوەی دەستی کارو هێزی کار بکەوێتەگەڕ، هەروەها هەوڵمانداوە کاریگەریمان هەبێت لەپێناوی ئەو توێژەی کە ئێمەیان کردووە بە نوێنەری خۆیان».

لە هەمانکاتدا ئەحمەد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «یاسا هەیە، بەڵام کۆنەو هی حەفتاو هەشتاکانەو یاسای (١٥٠)ی ساڵی ١٩٨٧ کرێکاری کردووە بە فەرمانبەرو لە کەرتی گشتی کرێکار نییە، هەروەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەوان لە ٢٠٠٣دا پرۆژەیان هەبووەو لە ٢٠٠٧/٤/٢٦دا پێشنیازیان داوە بە پەرلەمانی کوردستان بۆئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکات، «ئێمە مانگانە خول‌و وۆرکشۆپ دەکەینەوە بۆ هۆشیاریی کرێکاران، بەڵام کرێکار خۆی نایەوێت‌و کاتێک دەتەوێت زەمان بکرێت، خۆی دەشارێتەوە لە ترسی خاوەنکار».

بەرپرسانی حکومەت باس لەوەدەکەن کە ئەوان ئەو مافانەی کرێکاران کە لە یاسادا هاتووە، دەیپارێزن‌و نووسینگەی بەکارخستنیان دامەزراندووە تا ئیش بۆ کرێکاران بدۆزنەوە، بەڵام کرێکاران خۆیان نایەن ئیش بکەن‌و داوای مووچەی زۆر دەکەن.

نەزمی موسا عوسمان، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەو زانیارییەی سەرەوە پشتڕاست دەکاتەوەو ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە هیچ موڵەتێک نەدراوە بۆ هێنانی کرێکاری بیانی، تەنیا ئەو ئیشانە نەبێت کە کرێکاری کوردستان نایکەن‌و لە بەنگلادیش‌و شوێنی دیکەوە کرێکار دەهێنن بۆ ئەو ئیشانە، وەکو ئیشی خزمەتکاریی ناو ماڵان‌و هەندێکجاریش لەبەر نەبوونی کرێکاری بواری هونەریی‌و پسپۆڕیی، کرێکاری دەرەوە دەهێنرێت.

دەربارەی برینەوەی مووچە بۆ ئەو کرێکارانەی کە ئیشەکانیان لەدەست دەدەن، نەزمی دەیوت: «لە بەرنامەماندا هەیە کە مووچە بدەین بەو کرێکارانەی کە حەزیان لە ئیشە، بەڵام بۆ ماوەیەک بێکار دەبن، بەڵام لەبەرئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان هەڵیناگرێت، تائێستا ئەو شتە نەچووەتە بواری پراکتیکییەوە».

د.خالید باس لەوەدەکات کە لە حکومەتی بەغدا پێش ٢٠٠٣ یاسای کاری هەبووە، بەڵام لە عێراقی نوێداو لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەندامانی پەرلەمان زیاتر گرنگیان بە لایەنی سیاسی داوە، بەڵام لەڕاستیدا پێویستە گرنگی بە پسپۆڕیی بدرێت بە هەموو بوارەکانی وەکو: ئابووری، کار، یاسا.. بیر لە یاساو رێوشوێنە یاساییەکانی پێویست بەو بوارانە بکرێتەوە.

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان داوای کرێکاران بۆ دانانی یاسایەکی کار بە رەوا دەزانن بەجۆرێک کە ئەو یاسایە هەموو بوارەکانی وەکو سەعاتی ئیشکردن، مووچە، زیان، مافی خاوەنکارو کرێکارو هەموو شتێک لەخۆبگرێت، هاوکات شیروان حەیدەریی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، باس لەوەدەکات کە دەبێت پرۆژەیاسا لەلایەن حکومەت‌و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوە بێت، بەڵام تائێستا ئەوان هیچ پرۆژەیاسایەکیان لەو بوارەدا پێنەگەیشتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامانی پەرلەمان بە پێویستی دەزانن کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆژەیاسایەک لەو بوارەدا، هەنگاوبنێن.

د.فوئاد بابان، سەرۆکی لیژنەی تەندروستی‌و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان لەلایەن یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانەوە پێشنیازیان پێشکەشکراوە کە ئیمزای هەزاران کرێکاری لەسەر بووە، ئەوانیش بەرزیان کردووەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان‌و لەوێشەوە نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بۆئەوەی لە دانانی یاسایەکی گشتگیر بۆ کار سوودیان لێوەربگیرێت، وتی: «داوای کرێکاران رەوایەو حکومەتی پێشوو کە بە بڕیارێک یاسای کاری نەهێشت، کرێکاران لە دوولاوە زیانیان لێکەوت، لەلایەکەوە لەکیسچوونی ئەو مافانەیان کە بەپێی یاسای کار هەیانبوو، هەروەها ئەو پارانەش کە لە سندوقەکانیان هەیانبوو کە کەس نازانێت چی لێهاتووە، کرێکاران پێویستە پارێزگاریی لە مافەکانیان بکرێت».

نەزمی موسا لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوەی خستەڕوو کە وەزارەت رەشنووسی یاسای کاریان لەبەردەستدایەو گفتوگۆی دەکەن، بۆئەوەی بکرێتە «یاسایەکی گونجاو» بۆ سەردەمی ئێستاو بتوانرێت دواتر پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت.

هەڵسوڕاوانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی‌و رێکخراوەیی، پێیانوایە رێکخراوە کرێکارییەکانی کوردستان، سەندیکاو رێکخراوی حیزبی بێدەنگن، بۆیە لەئاستی کێشەی کرێکاران‌و داواکاریی کرێکاراندا نین‌و ناتوانن ببنە زمانحاڵی کرێکاران.

هۆگر چەتۆ، بەڕێوەبەری رێکخراوی فریاکەوتنی میللی، ئەو زانیاریانەی سەرەوە دەخاتەڕوو، لە هەمانکاتدا پێیوایە کە کرێکاران هەرچەندە هۆشیاربن ئەوەندە باشتر دەتوانن مافەکانی خۆیان بپارێزن.

* **خزمەتگوزاریی**
www.chawyxelk.com


سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارگەکانی هیۆندای لە کۆریای باشور

# یەکێتی ئەوروپا خول بۆ کارمەندانی بەڕێوەبەرێتییەکانی چاکسازیی دەکاتەوە

**شارا عەبدولڕەحمان**

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەهاوکاری تیمی کارەکانی یەکێتی ئەوروپا لەعێراق خولی پێگەیاندن بۆ کارمەندانی چاکسازیی بەندیخانەو زیندانەکانی هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان دەکاتەوە بەومەبەستەی سیستمی مامەڵەو هەڵسوکەوتی ئەو کارمەندانە لەگەڵ بەندیی‌و زیندانیەکاندا بگۆڕدرێت.

ڕۆژی (٩)ی ئایاری ئەمساڵ یەکەم خولی پێگەیاندنی کارمەندانی چاکسازیی بۆ کارمەندانی بنکەکانی چاکسازیی‌و بەندیخانەکان لەئەکادیمیای مەشقی پۆلیس لەسلێمانی دەستیپێکرد، کە تێیدا (٢٢٤) کەس بەشداریان تێداکرد کە بریتیبوون لەکارمەندانی بەڕێوەبەرێتییەکانی چاکسازیی ژنانی هەولێرو چاکسازیی ژنان‌و گەورانی سلێمانی‌و چاکسازی ژنان‌و گەورانی دهۆک‌و پێیاندەوترێت (هێزی جێبەجێکردن)، خولەکەش ماوەی مانگێک بەردەوام بوو، بەکۆتایی هاتنی خولەکەش سەرجەم دەرچوان بڕوانامەیان وەرگرتووە.

بەپێی نووسراوی (٢٥٢٠)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە لە (٢٠٠٨/٩/١)دا دەرچووە (٦٣١) کەس بۆ دامەزراندن وەک کارمەند لەبەڕێوەبەرێتییەکانی چاکسازیی ناویان دەرچووەو (٥٢٦) کەس بەڕەسمیی دوای پەیوەندیکردنیان بەوچاکسازییانەوە دامەزرێنراون‌و سەرجەمیان بەشدارن.


دیمەنی بەشێک لە خولەکە

خولی دووەمی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەهاوکاری تیمی کارەکانی یەکێتی ئەوروپا لە دووشەممەوە دەستیپێکردووە.

فەرهاد مەلا حەسەن بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: مەبەست لەکردنەوەی ئەم خولانە پێگەیاندنی کارمەندانی بەڕێوەبەرێتیەکانی چاکسازیی‌و بەندیخانەکانە بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بەندیەکاندا، تابتوانن هەڵسوکەوتی شیاوو دوور لەهەموو کارێکی نادروست لەگەڵ بەندیەکاندا پەیڕەوە بکەن، دوای تەواوکردنی خولەکەش سەرجەمیان بڕوانامەیان پێدەدرێت بەشێوەیەک دەرچووانی زانکۆ دەبنە مەئمورو دەرچووانی پەیمانگا دەبنە ڕەقیب‌و دەرچووانی ئامادەییەکانیش دەبنە پاسەوان، بڕوانامەکانیش لەلایەن ئەکادیمیای مەشقی پۆلیس‌و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی‌و یەکێتی ئەوروپاوە باوەڕپێکراو دەبێت.

ستیڤن وایت سەرۆکی تیمی کارەکانی یەکێتی ئەوروپا لەعێراق لەمیانی کردنەوەی خولی یەکەمیدا بۆ پێگەیاندنی کارمەندانی چاکسازییەکان ڕایگەیاند: «یەکێتی ئەوروپا خۆشحاڵە بەوەی کە گەشەو برەو بەبواری چاکسازی لەهەرێمی کوردستان دەدات‌و بۆ ئەم مەبەستەش بەخۆشحاڵییەوە خولێکی تایبەت بۆ ڕاهێنان‌و پێگەیاندنی کارمەندانی بواری چاکسازی لەهەرێمی کوردستان دەکاتەوە»

ماوەی چوار ساڵە یەکێتی ئەوروپا لەڕێگەی تیمەکانیەوە لەعێراقدا کار لەسەر بوارەکانی مافی مرۆڤ‌و پێکەوەژیان‌و چاکسازییەکان دەکات‌و تائێستاش زیاتر لە (١٠٠) خولی جۆراوجۆری ڕاهێنانیان ئەنجامداوەو زیاتر لە (٢٠٠) کارمەندیان پەروەردەکردووە.

هاوکات بەوتەی عەدنان محەمەد قادر، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە لەکاتی کردنەوەی خولەکەدا پێشکەشیکرد ئاماژەی بەوەکرد کە خولی پێگەیاندنی کارمەندانی چاکسازیی لەهەرێمی کوردستاندا کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندە تازە دامەزراوەکانی کرووەتەوە هەوڵێکە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیەی کە پێشتر وەزارەتی ناوبراو بۆ بواری چاکسازی کۆمەڵایەتی کاری لەسەر کردووەو بەردەوامیش دەبێت.

# لەسۆران (٥٦,٥٪)ی ئەوانەی بەڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە، لەڕەگەزی مێن

**ئەحمەد باڵەکی**

بەپێی ئامارێک لەنەخۆشخانەی گشتیی‌سۆران، لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا (٥٥١) کوڕو (٥١٧) کچ لەسۆران‌و دەوروبەری لەدایکبوون‌و (٧) منداڵیش بەمردوویی لەدایکبوون.

هەر لەئامارەکەدا هاتووە، کە لەو ماوەیەدا (٦٥٦) نەشتەرگەری ئەنجامدراون، هەروەها (٣٠٦١) نەخۆش لەنەخۆشخانەکانی ئەو ناوچەیە خەوێنراون، هەروەها (٣٠٥٣٩) نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی کردووە کە (٥٢٨٧٧) پشکنینی جۆراوجۆریان بۆکراوە، کە لەناویدا (١٢٤٥٦) پشکنینی تیشک هەیە.

جۆری ئەو حاڵەتانەش کە بەهۆیەوە هاوڵاتییان سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە بەمشێوەیە بووە: (٢٠٠) بریندراری ڕووداوی هاتوچۆ هەبووە، کە (١١٣)یان مێ بوون‌و (٨٧)یان نێر بوون واتە ٥٦,٥٪یان لە ڕەگەزی مێن، هەروەها (١٨٠) حاڵەتی جۆراوجۆری سووتان تۆمارکراون کە (١٠٧)یان لەڕەگەزی مێیەو (٧٣) یان ڕەگەزی نێرن، لەو ئامارەدا کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە (٢٦) هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە کە (١٤)یان نێرو (١٢)یان مێن.

# وەزیری مافی مرۆڤ هات‌و نەیویست بمانبینێت

**یادگار ئوچ قارداش***

ڕۆژی یەکشەممە (٢٠٠٩/٦/٧) وەزیری مافی مرۆڤ، د.شوان محەمەد لە سەردانی بەندیخانەی فەرمانگەی چاکسازیی گەوران لە سلێمانی (مەعەسکەر سەلام)ی کرد، ئەگەرچی چاوەڕێی ئەوە دەکرا ئەو وەزیرە لە سەردانەکەیدا گوێبیستی خواست‌و داواکاریی بەندکراوان بێت‌و لە کێشەکانیان بکۆڵێتەوەو لەنزیکەوە بەدواداچوون بۆ پێداویستییەکانیان بکات، بەڵام نەهاتە ناو بەندکراوەکان.

لەنێو زیندانیکراوەکاندا ئەو پرسیارە دروستبوو ئاخۆ ئەو وەزیرەی حکومەتی هەرێم کە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەوەیە خۆی بەتایبەتی بەدواداچوون بۆ کێشەکانمان بکات، بۆچی ئێمەی بە دوور زانی لە خۆی‌و نەیتوانی ئەو جیاوازییە تێک بکشێنێت کە هەرکەسێکی نەشارەزا بە بەها مرۆڤایەتییەکان پابەندە پێوەی، ئەو کەسانەی لە زیندانەکاندان وەکو تاوانبارو کەسانی شەڕانگێز تەماشادەکات، هەرگیز بە چاوی چاکسازیی‌و مرۆڤدۆستانە ناتوانێت بڕوانێتە کەسایەتیی ئەو بەندکراوانە.

من پرسیار لە خوێنەری ئەم بابەتە دەکەم کێ ڕەوایەتی دەدات بەوەی وەزیرێک سەردانی گرتووخانەیەک بکات‌و ئامادەش نەبێت تەنانەت گوێ لە خواستی نوێنەری گشتیی بەندکراوەکان بگرێت؟ ئەگەرچی داواشمانکرد ئەگەر نایەتە ناومانەوەو بە دڕندەو تاوانکارو مەترسیدار تێماندەڕوانرێت، با تەنیا گوێ لە داواکارییەکانمان بگرێت کە نوێنەرمان بۆی دەخوێنێتەوە، بەڵام ڕێگای نەداو کۆتایی بە سەردانەکەی هێنا، ئەگەرچی ئەو ڕۆژە ڕۆژی سەردانی کەسوکاری بەندکراوەکان بوو.

ئێمە سوپاسی هەوڵو ماندووبوونەکانی بەڕێوەبەری گرتووخانەکەمان دەکەین، لەو هەوڵە بەردەوامانەی داویەتی بۆ ڕاگرتنی هەست‌و خواستەکانمان، تەنانەت کەسوکارو سەردانکەرەکانیشمان لە کارەکانی ئەو بەڕێزە ڕەزامەندن.

لەو زیندانەدا بەردەوام ڕێزو خۆشەویستی بوونی هەبووە، ئەگەرچی هەرکەسێک بەپێی مادەیەکی یاسایی سزادراوە کە تایبەتە بەو کێشەیەی هەمانبووە، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە چەندین کەسایەتی‌و پیاوی نیشتمانپەروەری تێدایە کە خەباتی زۆرو ماندووبوونەکانی شایەنی ئەوەن ڕێزیان لێبگیرێت.

*** زیندانی لە بەندیخانەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی سلێمانی**

# سەمای بالییە لە کوردستاندا

فۆتۆ ستۆری: ژولی عەدنان



سەمای بالی یەکێکە لە هونەرەکانی سەمای جەستە لە جیهاندا بە سەمای هەستەوەرەکانی جەستە ناسراوە، لە کوردستانیشدا سەرەتاکانی ئەم هونەرە لە گەشەکردندایەو چەند خوێندکارێکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی سەرقاڵی مەشق‌و راهێنانن لە یەکێک لە هۆڵەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی.

ئەو قوتابیانەی لەئێستادا سەرقاڵی ئەو هونەرەن ژمارەیان کەمە، بەڵام سەرباری سەرقاڵییان بە خوێندنەوە، پاش تەواوبوونی خوێندن، لە یەکێک لە هۆڵەکانی پەیمانگادا کە تایبەت نییە بەو هونەرە، لەگەڵ راهێنەرێکی کورددا دەمێننەوە.







